


ئاسیاسێڵ
کۆماندەکاتەوە
خزمەتگوزاریی بەشداربووان ١١١
www.asiacell.com

گروپی کۆمپانیاکانی دیوان

گروپی کۆمپانیاکانی دیوان ئاگاداری هاوڵاتیانی خۆشەویستی سەرانسەری کوردستان دەکات، که وادەی دەرچوونی خەڵاتەکانی نزیک بۆتەوە که (٥) ئۆتۆمۆبێلی شۆفرلێت (٠) کیلۆمەترە له هەموو لقەکانی دیواندا له کڕینی هەر بابەتێکی ناوماڵ و دەرگا و پەنجەرەی (pvc) کەوانتەردا له بیرتان نەچێت پسوڵەی بەشداربوونی خەڵاتەکان وەرگرن

٠٥٣٣١٣٧٣٢٥
٠٥٣٣١٢٠٦٤٢

رۆژنامە

له ئێستادا هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

No.575 Tue 30/ 3/ 2010 | نرخ 750 دینار | ژمارە 575 سێشەممە 30/ 3/ 2010

# نێچیرڤان بارزانی: ئەگەر سەرۆکی حکومەت بوومایە، نەمدەهێشت نانی خەڵک ببڕدرێت



رۆژنامە

نێچیرڤان بارزانی دەڵێت: نانبڕینی خەڵک لەبەرئەوەی دەنگی بە لایەنێکی سیاسیی داوە، قابیلی قبووڵ نییەو ئەم مەسەلەیە بەلای ئێمەوە زۆر جدییەو ئەمە کارێکی ئێجگار زۆر نارەوایە، بەتایبەتی نانبڕینو بڕینی قووتی رۆژانەی ماڵو منداڵ، شتێکە کە نابێت لە هەرێمی کوردستان رووبداتو دەبێت حەقی ئەو نانبڕاوانە بدرێتەوە.

هەروەها زیاتر روونکردنەوە دەداتو دەڵێت: ئێمە داوای یەکهەڵوێستیی بۆ بەغدا دەکەین، بەڵام ناکرێت ئەو داوایە بۆ بەغدا بکەین، لەهەمانکاتیشدا لەهەرێم گوێبیستی ئەوە بین، نانی خەڵکانێک دەبڕدرێت، لەبەرئەوەی دەنگیان بە لایەنێک داوە «مەسئولیەتی ئەسڵی ئەم مەسەلەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەرۆکی هەرێم»، هەروەها ئاماژە بەوەشدەکات، «ئەگەر ئێستا سەرۆکی حکومەت بوومایە نەمدەهێشت نانی خەڵک ببڕدرێت».

لەچاوپێکەوتنێکی تایبەتی رۆژنامەدا نێچیرڤان بارزانی سەبارەت بە بوونی ئۆپۆزسیۆن وتی: «پێم باشە کە دەنگی ئۆپۆزسیۆن دەبیسترێتو رەخنەیان هەیەو پێموایە، شێوەی ئیشکردنیان لە پەرلەمانی کوردستان شێوەیەکی زۆر رێکوپێکەو دەیانەوێت سیستەمەکە رێکوپێک بکەن».

هەروەها نێچیرڤان بارزانی سەبارەت بە هەوڵەکانی بۆ ریفۆرمو چاکسازیی لەناو پارتیدا دەڵێت: «چاکسازیی لەناو هەر حیزبێکدا پێویستەو دەبێت خۆی نوێبکاتەوە بەپێی ئەو بارودۆخەی کە بۆی دێتە پێش. پارتیش وەکو هەر حیزبێک، پێویستی بە خۆنوێکردنەوە هەیە».

**دەقی چاوپێکەوتنەکە لە ل٨-٩دا بڵاوکراوەتەوە**

## گۆڕان: لە ئەمڕۆوە کاری سەرەکیی ئێمە دەستپێدەکات

رۆژنامە

بزووتنەوەی گۆڕان بەبۆنەی راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە پەیامێک ئاراستەی خەڵکی کوردستان دەکاتو رایدەگەیەنێت کەلەئەمڕۆبەدواوە کارە سەرەکیەکانی دەستپێدەکات.

لە پەیامەکەیدا بزووتنەوەی گۆڕان سوپاسی هاوڵاتییانی کوردستان دەکات کە بە ئیرادەیەکی بەهێزەوە لەبەرامبەر هەموو هەڕەشەو چەواشەکارییو ترساندنو ئیغراکردنێکدا راوەستانو دەنگیان بە گۆڕان داو نەترسانو نەکڕدرانو چەواشەنەکرانو بێ سڵکردنەوە چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدانو دەنگیان بە لیستی گۆڕان دا.

ئاماژە بۆ ئەوەشدەکات کە «لە ئەمڕۆ بەدواوە کاری سەرەکیی ئێمە وەک بزووتنەوەی گۆڕان دەستپێدەکات، لە ئەمڕۆ بەدواوە چالاکیو خەباتی راستەقینەی ئێمە دەبینو دەستپێکردنی دروستکردنی وڵاتێکی دوور لە غەدرو کینەو رقی حیزبایەتی بەچاوی خۆتان دەبینن، دەبینن چۆن چ لە هەولێر، چ لە بەغدا سەرسەختانە بەرگریی لە هەموو مافێکی خەڵکی کوردستان دەکەینو رێگەش نادەین هیچ نایاساییو پێشێلکارییەک بەئاسانیی تێپەڕێت».

## نەوشیروان مستەفا چووە بەردەم دادگا

ل ٢

## لە هەرێم... (پارتی هێزی یەکەم، گۆڕان هێزی دووەم، یەکێتی هێزی سێیەم)ە

ل ٢




ئاسیاسێڵ
کۆماندەکاتەوە
خزمەتگوزاریی بەشداربووان ١١١
www.asiacell.com

# کورد بۆ هاوپەیمانێتی بەرچاوی روون نییە

دلێر عەبدولخالق

بەپێی ئەنجامە راگەیاندراوەکانی چوار لیستە کوردییەکە (هاوپەیمانیی کوردستان، گـۆڕان، یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامیی) لەکۆی (٣٢٥) کورسی ئەنجومەنی نوێنەرانی عـێـراق، (٥٧) کورسییان مسۆگەرکردووە، بەڵام خاڵی سەرنجی چاودێرانی سیاسیی ئەوەیە؛ تائێستا گرووپە کوردییەکان بەرچاو روون نیین لە هاوپەیمانێتیو دیراسەی قۆناغی پێکهێنانی حکومەتیان نەکردووە.

د. مەحمود عوسمان سیاسەتمەداری کورد وتی: «لیستە کوردییەکان نەک لەسەر ئاستی عێراق، بەڵکو لەناووەوەی هەرێمیش بەرچاویان لەیەکتر روون نییەو وتی: «کورد بەهەموو لایەنەکانییەوە بەرچاو روون نییە بۆ هاوپەیمانێتی، گرنگە بۆ لایەنە کوردییەکان پێشئەوەی پەیوەندیی لەسەر ئەو بابەتە بەلایەنێکی عێراقییەوە بکەن، چوار لیستەکە پێکەوە دابنیشنو بگەنە خاڵی هاوبەشو بەرنامەی کاری هاوبەش، بۆئەوەی بزانین لە بەغدا چی دەکەین».

لە بەرامبەردا، د.دلێر ئەحمەد چاودێری سیاسیی پێیوایە؛ لایەنە کوردییەکان هەریەکە بۆچوونو دیراسەتی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ هاوپەیمانێتیکردن لەگەڵ لیستە براوەکانی هەڵبژاردنی عێراق، بەڵام بەهۆی ئەوەی تائێستا لایەنی براوە بەڕەسمیی رانەسپێردراوەو داوای لە کورد نەکردووە بۆ پێکهێنانی حکومەت، شتەکە بە تەمومژاویی ماوەتەوە. وتیشی: «ئەوەی زۆر گرنگە، پاراستنی یەکڕیزیی کوردو دروستکردنی ئەجێندایەکی هاوبەشی کوردە لە بەغدا، چونکە لایەنە کوردییەکان هەموویان بەیەکەوە سەنگو قورساییان هەیە، نەک بەتەنیا».

هەرچەندە ئەنجامەکان سەرکەوتنی لیستی عێراقییەی ئەیاد عـەلاوی، بەکۆی (٩١) کورسی بەسەر لیستی دەوڵەتی یاسای نوری مالیکی بە (٨٩) کورسی دەردەخـات، لەگەڵ ئەوەشدا روون نییە هاوکێشە سیاسییە دەرەکییو ناوخۆییەکانی عێراق بازی سەرۆکایەتی حکومەتی داهاتووی عێراق بەسەر کام کارەکتەری سیاسیی ئەو دوو لیستە، یان لیستێکی دیکەی هاوپەیمان دەنیشێتەوە، ئەوەی گرنگە کورد لەنێوان هەردوو لیستی سەرکەوتوودا جۆرێک لە تەحەفوزو هەڵوەستەکردنی هەیە.

لەوبارەیەوە، د.مەحمود عوسمان کە خۆی بــەوردی ئاگاداری خیلافو کێشەکانی کوردو پێکهاتەکانی ئەو دوو لیستەیە لە بەغدا بە رۆژنامەی وت: «ئەو دوو لایەنە هەریەکەیان ئیجابییەتو سلبیاتی خۆیان هەیە، کە پێویستی بە دیراسەتێکی جدیی هەیە، هەرچی نوری مالیکییە ئەزموونی چوارساڵمان لەگەڵیدا هەیەو کێشەکانمان دیارە، لەبارەی لیستی عێراقییەوە ئەیاد عەلاوی، خۆی خراپ نییەو دەمێکە پەیوەندیمان لەگەڵیدا هەیە، بەڵام لەناو لیستەکەیدا کۆمەڵێک خەڵکی تێدایە، کە لەگەڵ کورد رێک نینو رێکیش نابن، بۆیە بڕیاری هاوپەیمانیی لەگەڵیان قورسەو پێویستی بە گفتوگۆو دیراسەت هەیە».

لەبارەی ئەگەری ئینتمیای پارتی بۆ هاوپەیمانێتی لەگەڵ لیستەکەی عەلاویو خواستی یەکێتی بۆ لیستە شیعییەکان، دلێر ئەحمەد چاودێری سیاسیی وتی: «ئەو دەنگە بڵاوە، ئەوەی ئاگادارین پێشتر عەلاوی لەڕێی تەلەفزیۆنەوە رایگەیاندووە؛ کە داوای لە بارزانی کردووە بۆ پێکهێنانی حکومەت، لە بەرامبەریشدا پێدەچێت بارزانیش لاریی نەبێت، بەڵام ئەم رێکەوتنە تەنیا لەسەر خواستی بارزانی نەوەستاوە، بەوپێیەی یەکێتی پەیوەندیی پتەوی لەگەڵ لیستە شیعەکاندا هەیە، ئەم حاڵەتەش لێکترازان دروستدەکات، کە دواجار بە زیانی کورد تەواو دەبێت».

د.مەحمود عوسمان، نەبوونی زەمینەسازییو دیراسەتێکی ورد بۆ هاوپەیمانێتی لە عێراقدا بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە؛ کورد زۆر لەشت ناکۆڵێتەوە «دەبوو لەژێر رۆشنایی ئەزموونی پێشووی کورد لە بەغدا، ئێستا دانیشتنو بەرنامەو دیراسەتی کورد بۆ هاوپەیمانیی لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان تەواوبوایە، لەو چوارچێوەیەدا هەوڵبدرایە هەڵەکانی پێشوو دووبارەنەکەینەوە».


لیستەکوردییەکان لە نێوان عێراقییەو لیستە شیعەکاندا

# هیچ کاندیدێکی تورکمان نەبووە پەرلەمانتار

رێبین فەتاح

بەگوێرەی زانیارییەکانی رۆژنامە، پاش راگەیاندنی ئەنجامەکانی کۆتایی هەڵبژاردنی خولی نوێی پەرلەمانی عێراق، دەرکەوتووە کە هیچکام لە کاندیدەکانی تورکمان لە هەرێمی کوردستان دەنگی پێویستیان نەهێناوەو چانسی ئەندامبوونیان لە پەرلەمانی عێراقدا نییە، بەوپێیەش بێت لە خولی نوێی پەرلەمانی عێراقدا هیچ نوێنەرێکی تورکمانەکانی هەرێمی کوردستان لە پەرلەماندا ئامادەیی نابێت.

نازم سائیغ، نووسەرو چالاک لە بواری داکۆکیکردن لە مافەکانی تورکمان، بە رۆژنامەی راگەیاند: لەم هەڵبژاردنەدا تورکمانەکانی هەرێمی کوردستان شکستیانهێناو هیچکام لە کاندیدەکانی تورکمان نەیانتوانی دەنگی پێویست بۆ گەیشتن بە پەرلەمان بەدەستبهێنن. سائیغ هۆکاری شکستی تورکمانەکانی لەو هەڵبژاردنەدا گەڕاندەوە بۆ پەرتەوازەیی لایەنەکانی تورکمان لە کوردستاندا. ناوبراو وتیشی: «حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان شوێنگرەوەیان بۆ بەرەی تورکمانی لە کوردستان دروستکردو نەتەوەی تورکمانیش متمانەیان بە حیزبە کارتۆنییەکان نییەو گومان هەیە کە ئەندامو کادیرەکانی حیزبە تورکمانییە کارتۆنییەکانیش دەنگیان بە پارتی داوە».

تورکمانەکانی هەرێمی کوردستان، کە بەگشتیی لە پارێزگای هەولێر نیشتەجێن، جگە لە لیستی سەربەخۆی بەرەی تورکمانی، لە چوارچێوەی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانو لیستی ئیئتیلافی نیشتمانیی بەشداربوون، بەڵام هیچکام لە کاندیدەکان دەنگی پێویستیان نەهێنا.

بەپێی زانیارییەکانی رۆژنـامـەش، کاندیدەکانی لیستەکەی بەرەی تورکمانی لە پارێزگای هەولێر، لە رووی ژمارەی دەنگەوە لە پێشەوەی هەموو کاندیدەکانی دیکەی تورکمان بووە، کە لەلایەن حیزبە تورکمانییەکانی هەرێمی کوردستانەوە کاندیدکرابوون.

# ململانێی حیزبی ناهێڵێت پێکهاتەی یاسایی ئەنجومەنی شورای هەرێم تەواوبێت

شارا عەبدولڕەحمان

زیاتر لەساڵێکە ئەنجومەنی شـورای هـەرێم پێکهاتووە، بەڵام تا ئێستا پێکهاتەی یاسایی ئەو ئەنجومەنە تەواونەبووەو زیاتر لە (٦٠)پـڕۆژەیـاسـای وەزارەتەکانیشیان بۆ نێردراوە، سەرچاوەیەکیش لەوەزارەتی داد ئاماژە بـەوە دەکـات، کە بەهۆی بوونی کێشەوە لەنێوان وەزیـــری دادو سـەرۆکـی ئەنجومەنی شـوراوە، تا ئێستا پێکهاتەی یاسایی ئەو ئەنجومەنە تەواونەبووە.

زیاتر لەساڵێکەو بەپێی یاسایەکی تایبەت، ئەنجومەنی شورای هەرێم دامەزراوەو لەناو بینای وەزارەتی دادی حکومەتی هەرێمدا دەستی بەوەرگرتنی پڕۆژەیاسای وەزارەتەکانی هەرێم کـردووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی تا ئێستا پێکهاتەی یاسایی ئەنجومەنەکە تەواونەبووە، زیاتر لە(٦٠)پڕۆژەیاسای لەبەردەستدا بە هەڵپەسێردراویی ماونەتەوە.

حاکم شوان محێدین، سەرۆکی ئەنجومەنی شـورای هەرێم بە رۆژنامەی راگەیاند: چەند کەسێکمان بۆ ئەنجومەنەکەمان دەسـتـنـیـشـانـکـردووەو بە نـووسـراوێـکو لـە رێـگـەی وەزارەتی داد-ەوە ناوەکانمان ناردوون بۆ ئەنجومەنی وەزیران، کە دەبێت دوای رەزامەندیی ئـەوان، بەپێی یاسا فەرمانی هەرێمیان بۆ دەستبەکاربوون بۆ دەربچێت، بەڵام تا ئێستا ئەو کارە نەکراوە.

کارە گرنگەکانی ئەنجومەنی شـــورای هـەرێـم بریتین لە پێداچوونەوەو ئامادەکردنی رەشـنـووسـی دەسـتـووری یاساکانو یەکلاییکردنەوەی هەندێک رێنماییو شیکردنەوەی چـەنـد مـادەیـەکـی یاسایی، هەربۆیە حاکم شـوان وتی: «بەئومێدین، بەمزووانە ناوەکان بگەڕێنەوەو پێکهاتەی یاساییمان تەواوبێت، بۆئەوەی بتوانین دەستبەکاربین».

دادگای ئیداریی ئەنجومەنی شـورای هـەرێـم لـە هەولێر دەسـتـی بـەکـار کـردووەو دەسـتـەی فەرمانبەرانیش سەرقاڵی وەرگرتنی سکاڵاو پـڕۆژەکـانو لەئێستاشدا زیاتر لە (٦٠)پـڕۆژەیـاسـای وەزارەتـەکـان لەبەردەستی ئەنجومەنی شـورادان، کە پـڕۆژەی زۆر گرنگی وەک پڕۆژەیاسای کەمکردنەوەی سزای لەسێدارەدانی وەزارەتی مافی مرۆڤیان تێدایە، بەڵام هیچ بەرەوپێشچوونێکی بەخۆوە نەبینیوە.

لەوبارەیەشەوە سەرۆکی ئەنجومەنی شورا، وتی: «هەتا ئەنجومەنەکە بـەتـەواویـی دانـەمـەزرێـت، ناتوانین ئەو پـڕۆژانـە تـاووتـوێ بکەینو هەر کە ئەنجومەنەکە پێکهات، پـڕۆژەکـان تاوتوێ دەکەینو دەیاننێرینەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیرانو ئەویش لای خۆیەوە رەوانەی پەرلەمانیان دەکات».

هاوکات بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە کە لەسەرچاوەیەک لە وەزارەتـی داد-ەوە بەدەستی گەیشتوون، دواکەوتنی پێکهاتەی یاسایی ئەنجومەنی شـورا دەگەڕێتەوە بۆ بوونی کێشە لەنێوان وەزیـری نوێی دادو سەرۆکی ئەنجومەنی شورادا، ئەو سەرچاوەیە وتیشی «بەحوکمی ئـەوەی کە وەزیـری نوێی داد پارتییەو سەرۆکی ئەنجومەنی شوراش کە لەکابینەی پێشووی حکومەتدا لەلایەن وەزیری داد-ەوە کە یەکێتی بوو، دانـراوە، کێشە لەنێوان وەزیرو سەرۆکی ئەنجومەنەکەدا لەسەر دانانی کەسانی یاساییو راوێژکاران هەیەو ئەو مەسەلەیەش کێشەی لـەبـەردەم پێکهاتەی یاسایی ئەنجومەنەکەدا دروستکردووە».

Norsk Folkehjelp
**Norwegian People's Aid**
**Iraq/ Kurdistan Region**

## Norwegian People`s Aid (NPA)/Sulaimanyah

*Vacancy Announcement*

NPA in Sulaimanyah/ Iraq is looking for a Program manager for it is community Development program based in Sulaimanyah;

**Responsibilities**

- Plan, implement, monitor and supervise all activities under NPA's Community Development program(hereafter CDP Programme) in Iraqi Kurdistan and ensure that they are in accordance with NPA policies and regulations.
- Prepare detailed proposals and budgets for new projects under CDP Programme, in co - operation with partners where relevant.
- Conduct negotiation on partnership agreements and contracts with local partners, contractors and local authorities.
- Develop the programme profile in line with NPA country strategy for Kurdistan.
- Conduct internal evaluation of the projects of the CDP Programme in accordance with NPA and donor guidelines and agreements entered into.
- Ensure monitoring of all existing programmes within CDP Programme.
- Provide periodic and final reports according to the project documents and annual working plan.
- Whenever required, provide updated reports and plans to donors and other relevant partners on CDPP activities in Northern Iraq/Kurdistan.
- To fulfill such other duties as may be assigned to him by the Resident Representative.

**Requirement for this position**

1. University Degree.
2. Fluent in English, Arabic, Kurdish (reading and writing).
3. Experience in project management not less than 3 years.
4. Self confident, very good computer skill.

**Application:**

If you have the above requirements kindly send your detail CV to admin@npairaq.org or bring it to NPA office in Bakhtyare near youth center not later than April 10th 2010.

For more information kindly contact (053) 3184200 - 3188010

| Norwegian People`s Aid | Adrress | Telefon | E-Post | Web site |
|---|---|---|---|---|
| Iraq / Kurdistan | Street 31 | +964 3184200 | Norway npaid@npaid.org | www.npaid.org |
| Sulaimanyah | District 109 | +964 3188010 | Iraq admin@npairaq.org | |
| | House No 3 | +964 3185031 | | |

Norwegian People's Aid, P.O box 8844 Youngstorget, N-0028 Oslo, Norway.

# دوو ئەگەر بۆ پێکهێنانی حکومەت‌و هاوپەیمانیی نوێ!

تا دێ کێشەو ململانێی کوتلەو هاوپەیمانێتییە عێراقییە جیاجیاکان بۆ پێکهێنانی کابینەی حکومەتی داهاتووی عێراق قورس‌و ئاڵۆزتر دەبێت.

دەرکەوتنی ئەنجامی هەڵبژاردن‌و قەبارەی لایەنە سیاسییەکان‌و ئەو کورسییانەی بەدەستیان هێناوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، چەند راستییەکیان سەلماندەوە.

یەکەم: هیچ پێکهاتەیەک بەتەنیا ناتوانێت حوکمی عێراق بگرێتەدەست‌و پێویستی بە پرەنسیپی تەوافوق هەیە لەگەڵ لایەنێک، یا زیاتر بۆ سەقامگیربوونی حکومەت‌و بەردەوامبوونی پرۆسەی سیاسیی لەعێراقدا.

دووەم: ئاراستەی مەزهەبی‌و نەتەوەیی لەعێراق هێشتا هەر زاڵ‌و بەهێزەو کێشە سیاسییەکان هەرچۆنێک بن، بەرژەوەندیی باڵای مەزهەبی‌و لەدەست نەدانی ئیمتیازی زۆرینەو سەرۆکایەتی دەسەڵاتی جێبەجێکردن هاندەری حیزبە سیاسییەکانی سەر بەیەک مەزهەب دەبن بۆ وەلانانی کێشەکانی نێوانیان‌و گەیشتن بەجۆرێک لەرێککەوتن‌و سازش.

سێیەم: کورد وەک پێکهاتە پێگەی تایبەتی خۆی لە نەخشەی سیاسیی عێراقدا هەر دەمێنێت‌و چەند کورسییەک زیاتر یا کەمتر زۆر لەو واقیعە ناگۆڕێت، بەڵام یەکریزیی‌و یەکهەڵوێستیی لایەنە سیاسییە کوردییەکان مەرجی ئەو بەهێزیی‌و تایبەتمەندییەی کورد دەبێت لە بەغداو لایەنە سیاسییە کوردییەکان دەتوانن بەباشی ئەم مەسەلەیە بەکاربهێنن‌و سوودی لێوەربگرن.

### پێکهێنانی حکومەت قورسەو مانەوەشی بە یەکگرتوویی قورستر دەبێت

بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق دوو ئەگەری سەرەکی هەیە:

**یەکەمیان:** هەردوو لیستی شیعە مەزهەبی دەوڵەتی یاساو ئیئتیلافی نیشتمانیی عێراق‌و کورد هەوڵی پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکی نوێ بدەن‌و ئەم ئەگەرە، کە لە ئەگەرەکانی دیکە بەهێزترە، بەڵام بێ گرێکوێرەو کێشەی گەورە نابێت، لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

١- ململانێی نێوان هەردوو ئیئتیلاف لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا زۆر قووڵبووەتەوەو ئەگەر لەبەر خاتری سەرکەوتنی مەزهەبی شیعە ئەمڕۆ بەپێکهێنانی هاوبەشی حکومەتی ئایندە رازیبن، ئەوا کێشەکان‌و هاوپەیمانێتییەکەشیان لەهەر ئان‌و ساتێکدا قابیلی هەڵوەشاندنەوەو لێکترازانەو تەنانەت لەناو خودی هەر ئیئتیلافێکیشدا ئەگەری پەرتەوازەبوونی لایەنە جۆراوجۆرەکان هەیە، وەک ئەنجومەنی باڵا، حیزبی فەزیلە، رەوتی سەدر...هتد، هەمان تاقیکردنەوەی چوارساڵی رابردوو زەقتر دێنەوە مەیدان‌و هاوکێشەکان ئاڵۆزتر دەبن.

٢- لایەنە جیاجیاکانی شیعە لەپێناو ئەم هاوپەیمانێتییەو بەرژەوەندییە تەسکەکانی خۆیان هەوڵدەدەن زۆرترین تەنازول بەلایەنە رکەبەرەکانی خۆیان بکەن‌و پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یەکێک دەبێت لەکێشە هەرە ئاڵۆزەکان‌و دەتوانن لەرێی هەڕەشەی هاوپەیمانێتی لەگەڵ لیستی عەلاوی گوشاری زیاتر بخەنەسەر لیستی دەوڵەتی یاسای مالیکی.

٣- لایەنە سیاسییە کوردەکان بە یەکگرتوویی دەتوانن لەم هاوکێشە ئاڵۆزەی نێوان شیعەو سوننەوە ململانێی توندی بەدەستهێنانی دەسەڵات، زۆرینەی داخوازییەکانی کورد بەلایەنەکانی دیکەی هاوپەیمانیی بسەلمێنن، چونکە هەردوو لیست پێویستی بە کورد دەبێت‌و کوردیش پێویستی بەئاشکراکردن‌و چەسپاندنی ئەو رێککەوتنانە دەبێت.

٤- سوننە بەشێوەیەکی گشتیی‌و لیستی عێراقییە دەبێتە بەرهەڵستکارو دژ بەم هاوپەیمانێتییەو وا بەئاسانیش گۆڕەپانی سیاسیی‌و هەوڵدان بۆ وەرگرتنی دەسەڵات بۆ رکەبەرەکانی چۆڵ ناکات‌و لەهەوڵی دروستکردنی کێشەی گەورە دەبێت، چ لەناوەوەو چ لەدەرەوە، بارودۆخی عێراقیش لەڕووی ئەمن‌و ئاسایش‌و جێگیربوونەوە لەساڵانی رابردوو باشتر نابێت.

**دووەم ئەگەر:** هاوپەیمانێتی نێوان لیستی عێراقییەو بەشێکی شیعەو کورد دەبێت، ئەم ئەگەرە لاوازترە لە ئەگەری یەکەم، لەیەک حاڵەتدا نەبێت، ئەویش ئامادەبوونی لیستی عێراقییەیە بەجێبەجێکردنی بەشێکی زۆری داخوازییەکانی کورد لەپێناو گەیشتن بە دەسەڵات، ئەمەش بێ دۆزینەوەی شەریکێکی شیعە مەزهەب ژیانی بۆ نانووسرێت‌و لەکاتێکدا دێتەکایەوە، کە لیستی شیعە مەزهەبەکان لەبەر هەر هۆیەک بێت نەگەنە رێککەوتن، کە ئەمەش بۆ ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی‌و بەدر، نەخوازراو دەبێت‌و ئەگەرێکی ئاسان نییە وەک پێشتر باسمانکرد، جگە لەوەش بەپێی بۆچوونی زۆر لە چاودێران دژی ویست‌و بەرژەوەندییەکانی ئێرانە لەعێراق‌و ئەگەری رێککەوتنی شۆڤێنیزمی عەرەبی‌و لایەنی کوردی زۆر زەحمەت‌و کورتخایەن دەبێت‌و ناکۆکیی نێوان لایەنە جیاجیاکانی ئەم هاوپەیمانێتییەش کەمتر نابێت لەوەی پێشوو.

دوایین بڕیاری دادگای دەستووریی عێراقیش، بۆ تەفسیری لیستی زۆرینە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەو مافەی بۆ مەزهەبی شیعە مسۆگەرکردو ئاماژەیەکی ئاشکراش بوو بۆ ئەگەری یەکەمی پێکهێنانی کابینەو هاوپەیمانێتییە کۆن‌و نوێیەکەی ئەمجارە.

رۆژنامە

## پارتی یەکەمەو گۆڕان دووەمە

# وردەکاریی ژمارەی دەنگی حیزبەکان لە هەرێمدا

ئا: بەرهەم خالید

بەپێی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکەی ٣/٧ی عێراق‌و بە پێی ژمارەی دەنگەکان، دەرکەوتووە کە لیستی گۆڕان بووەتە هێزی دووەم لەسەر ئاستی هەرسێ پارێزگای (سلێمانی،هەولێر،دهۆک)،هەروەها هەردوو لیستی یەکگرتوو، کۆمەڵیش بەهەمانشێوە دەنگی زۆریان بەدەستهێناوە، ئەوەش ئاماژەیەکە بۆ هەڵکشانی دەنگی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن لە هەرێم بەرامبەر لیستی دەسەڵات.

ئەنجامەکانی کۆتایی هەڵبژاردنەکان کە رۆژی (هەینی) رابردوو کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان رایگەیاند، لە هەرێمی کوردستاندا: پارتی دیموکراتی کوردستان (٦٦٧٦٧٩) دەنگی هەیەو یەکەمە، لیستی گۆڕان (٤٢٥,٧٩٣) دەنگی بەدەستهێناوەو دووەمە، یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش (٣٩٧,٩٧٤) دەنگی بەدەستهێناوەو سێیەمە، هەروەها یەکگرتووی ئیسلامیی (٢١٣,٩٤٩) دەنگ‌و کۆمەڵی ئیسلامی (١٤٤,٩٨٧) دەنگ لە پلەی چوارەم‌و پێنجەمدان.

جێگای ئاماژەیە کە بەپێی سیستمی فرە بازنەیی‌و هاوپەیمانیی یەکێتی‌و پارتی‌و پەرشبوونی دەنگەکان‌و جیاوازی نرخی کورسی لە پارێزگایەک بۆ پارێزگایەکی دیکە بەشێکی زۆر لەو دەنگانە نەبوونەتە کورسی‌و هەندێک لایەنی دیکەش بە کەسرێکی کەم کورسی لیستە بچووکەکانیان بۆخۆیان بردووە، بەوپێیەش لەسەر ئاستی کورسی لە هەرێمی کوردستان: پارتی (٢١) کورسی، گۆڕان (٨) کورسی، یەکێتی (٦) کورسی، یەکگرتوو (٤) کورسی‌و کۆمەڵ (٢) کورسییان بە دەستهێناوە.

وردەکاریی دەنگی حیزب‌و قەوارەکان‌و رێژەی سەدی دەنگەکانیش لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم بەم شێوەیەیە:

**پارێزگای هەولێر**

پارتی: ٣٠٢,٤٨٩ دەنگ، کە دەکاتە ٤٥,٦٪.
یەکێتی: ١٢٩,٤٢٣ دەنگ، کە دەکاتە ١٩,٥٪.
گۆڕان: ١٠٣,٣٩٧ دەنگ، کە دەکاتە ١٥,٦٪.
کۆمەڵ : ٦٢,٧٠٦ دەنگ، کە دەکاتە ٩,٥٪.
یەکگرتوو: ٥١,٠٦٥ دەنگ، کە دەکاتە ٧,٧٪.
شیوعی: ٦,٠٦٧ دەنگ، کە دەکاتە ٠,٩٪.
زەحمەتکێشانی کوردستان: ٣,٧٠١ دەنگ، کە دەکاتە ٠,٦٪.
سۆسیالیست: ١,٥١٩ دەنگ، کە دەکاتە ٠,٢٪.
بزووتنەوەی ئیسلامی: ١,١٢٦ دەنگ، کە دەکاتە ٠,٢٪.
زەحمەتکێشانی سەربەخۆ: ١,١٨٢ دەنگ، کە دەکاتە ٠,٢٪.

**پارێزگای سلێمانی**

لیستی گۆڕان: ٢٩٨,٦٢١ دەنگ، کە دەکاتە ٣٦,٣٪.
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان: ٢٣٧,٣٧٩ دەنگ، کە دەکاتە ٢٨,٩٪.
پارتی دیموکراتی کوردستان: ٨٢,١٢١ دەنگ، کە دەکاتە ١٠٪.
یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان: ١٠٣,١٨٨ دەنگ، کە دەکاتە ١٢,٥٪.
کۆمەڵی ئیسلامیی: ٧٩,١٤٠ دەنگ، کە دەکاتە ٩,٦٪.
سۆسیالیست: ٧,٨٦٨ دەنگ، کە دەکاتە ١٪.
حیزبی شیوعی کوردستان: ٤,٧١٥ دەنگ، کە دەکاتە ٠,٦٪.
بزووتنەوەی ئیسلامیی: ٤٥٥٧ دەنگ، کە دەکاتە ٠,٦٪.
زەحمەتکێشانی سەربەخۆ: ١٧٩٨ دەنگ، کە دەکاتە ٠,٢٪.
زەحمەتکێشان: ٢٢٨١ دەنگ، کە دەکاتە ٠,٣٪.

**پارێزگای دهۆک**

پارتی: ٢٨٣,٠٦٩ دەنگ، کە دەکاتە ٦٩,٥٪.
یەکگرتوو: ٥٩,٩٦٩ دەنگ، کە دەکاتە ١٤,٧٪.
یەکێتیی: ٣٤,٢٢٦ دەنگ، کە دەکاتە ٨,٤٪.
گۆڕان: ٢٣,٧٧٥ دەنگ، کە دەکاتە ٥,٨٪.
کۆمەڵ: ٣,١٤١ دەنگ، کە دەکاتە ٠,٨٪.
شیوعی: ٢,٠٦٥ دەنگ، کە دەکاتە ٠,٤٪.
سۆسیالیست: ١,٢٣٣ دەنگ، کە دەکاتە ٠,٣٪.

# (٥٠٠) ملیار دینار بودجەی هەرێم زیاد دەبێت

ئاوارە حەمید، پشتیوان سەعدوڵڵا

وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان داوای کردووە مادەی (١٦و ١٧و ١٨)، کە پەیوەندیی بە تواناسازیی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی‌و ئەنفالەوە هەیە، لاببرێن‌و وەزارەت ئەو برە دابیندەکات، بەمەش (٥٠٠) ملیار دینار بۆ بودجەی هەرێم زیاد دەکات.

کاردۆ محەمەد، ئەندامی لیژنەی دارایی‌و کاروباری ئابووریی لە پەرلەمانی کوردستان لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە رایگەیاند: وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان داوای کردووە، کە مادەی (١٦و ١٧و ١٨)، کە پەیوەندیی بە تواناسازیی کۆمەڵایەتی‌و ئەنفالەوە هەیە، لاببرێن‌و وەزارەت لەسەر شیرینی گرێبەستەکان پارەکە دابیندەکات، بەمەش (٥٠٠) ملیار دینار بودجەی هەرێم زیاد دەکات، ئەو پەرلەمانتارە ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد؛ کە ئەمەش بێئاگایی وەزارەت‌و حکومەتە لەیەکتری لە ئامادەکردنی پرۆژەیاسای بودجەی هەرێم‌و بێ پلانی حکومەتیشە لەوەی کە نازانێت داهاتی کوردستان چەندە، کە تاکو ئێستا چەندین دانیشتنی پەرلەمان لەسەر بودجە کراوەو چەند مادەیەکی پرۆژەکەش پەسند کراوە، ئەو ئەندامەی لیژنەی دارایی‌و کاروباری ئابووریی باسی لەوەشکرد، کە بێ پلانی زۆر بە بودجەوە دیارە، بۆیە پێویستە پرۆژەیاسای بودجە بگەڕێنرێتەوە بۆ حکومەت،سەبارەت بەدەستپێکردنەوەی دانیشتنەکانی پەرلەمان لەسەر بودجە، ئەندام پەرلەمانەکە رایگەیاند: تاکو ئێستا هیچ وادەیەک دیارینەکراوە بۆ دەستپێکردنەوەی دانیشتنەکانی پەرلەمان.

بەپێی مادەی (١٦)ی پرۆژەیاسای بودجەی (٢٠١٠)ی هەرێم، بڕی (١٢٠) ملیار دینار تەرخاندەکرێت بۆ زەمالاتی خوێندن لە دەرەوەی هەرێم، هەروەک بەپێی مادەی (١٧) بڕی (١٥٠) ملیار دینار تەرخاندەکرێت بۆ دروستکردنی قوتابخانەی نموونەیی لە کوردستان، هەروەها لە مادەی (١٨)ی پرۆژەیاسای بودجەدا ئاماژەکراوە بە زیادکردنی مووچەی شەهیدان‌و قوربانییانی ئەنفال‌و چەکی کیمیایی بە رێژەی (١٥٪ بۆ ٢٥٪).

پێشتریش لە بانگهێشتکردنێکی ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سرووشتییەکان بۆ پەرلەمانی کوردستان رایگەیاندبوو؛ کە پێنج ملیار دۆلار شیرینی گرێبەستە نەوتییەکان چووەتە سەر بودجەی هەرێم‌و وەزیری دارایی‌و کاروباری ئابووریش بێئاگایی خۆی لەو پارەیە دەربڕی بوو.

# نەوشیروان مستەفا چووە بەردەم دادگا

رۆژنامە

نەوشیروان مستەفا لەبەردەم دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی ئامادەبوو بە مەبەستی وتەلێوەرگرتنی، ئەمەش دوای ئەوەهات کە سکرتێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەسەر بابەتێکی رۆژنامەوانیی، داوای یاسایی لەسەر تۆمارکردبوو.

لەدوای ئەوەی سکاڵاکار، جەلال حسامەدین نورەڵڵا، سکرتێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەسەر بابەتێکی رۆژنامەوانیی کە لەلایەن پەرلەمانتار، عەدنان عوسمان لەسایتی (سبەی)ی سەر بە کۆمپانیای وشەوە بڵاوکرایەوە، بە تۆمەتی ناوزڕاندن‌و بەپێی مادەی (٤٣٣) لە یاسای سزادانی عێراقی سکاڵای یاسایی لەسەر بەڕێوەبەری رێگەپێدراوی کۆمپانیای وشە تۆمارکردبوو، لەسەر بانگهێشتی دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی (١)، لە رۆژی (٣/٢٨) نەوشیروان مستەفا، بەڕێوەبەری رێگەپێدراوی کۆمپانیای وشە، لەبەردەم دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی بە مەبەستی وتەلێوەرگرتنی ئامادەبوو، سەبارەت بە سکاڵای ناوبراو.

ساماڵ سەردار، پارێزەری کۆمپانیای وشە بە رۆژنامەی راگەیاند: رۆژی (٣/١٨) بەڕێوەبەری کۆمپانیای وشە بانگهێشتکرا بۆ بەردەم دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی، بەڵام بەهۆی ئەو پشووانەی، کە کەوتنە ئەم چەند رۆژەی رابردووەوە، رۆژی (٣/٢٨) نەوشیروان مستەفا لەبەردەم دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی بە مەبەستی وتەلێوەرگرتنی ئامادەبوو، وەک هەر هاوڵاتییەکی ئاسایی کوردستان.

هەرچەندە لەماوەی رابردوودا چەندین سکاڵای یاسایی لەسەر سەرکردەی حیزب‌و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان تۆمارکراون، بەڵام هیچکامیان نەچوونەتە بەردەم دادگاو چوونی نەوشیروان مستەفا بۆ بەردەم دادگا، نەریتێکی تازەبوو، هاوکات رێزگرتن بوو لە سەروەریی یاسا، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بزووتنەوەی گۆڕان کاردەکات بۆئەوەی هیچ کەس لە سەرووی یاساوە نەبێت.

## شۆڕش حاجی:

# چیتر تەنیا یەکێتی‌و پارتی نوێنەری کوردستان نین

پشتیوان سەعدوڵڵا

هێزە ئۆپۆزسیۆنە کوردییەکانی (گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ)، کە (١٤) کورسییان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەدەستهێناوە، دەستیانکردووە بە گفتوگۆکردن بۆ پێکەوە کارکردن‌و بەستنی هاوپەیمانێتی لەنێوانیاندا، هاوکات کاندیدێکی دەرچووی لیستی گۆڕان بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئاماژە بەوە دەکات، کە لەئێستاوە ئەو سێ هێزە دەبنە پارێزەرێکی بەهێزی مافە نەتەوەییەکانی کورد.

رۆژی (٣/٢٨) لە شاری هەولێر هەرسێ لیستی ئۆپۆزسیۆنی کوردستان (گۆڕان ٨کورسی، یەکگرتوو ٤کورسی، کۆمەڵ ٢ کورسی) کۆبوونەوەیەکیان سازدا بەمەبەستی تاووتوێکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن‌و چۆنێتی کارکردنیان لە پەرلەمانی عێراق.

عەبدولستار مەجید، وتەبێژی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان بە رۆژنامەی راگەیاند: کۆبوونەوەکە بۆ یەکخستنەوەی ماڵی کوردی‌و دانانی بەرنامەی هاوبەش بووە بۆ پەرلەمانی عێراق.

وتیشی: «ئێمە بڕوامان وایە؛ کە هەرسێ لیستەکە لە بەغدا زیاتر پشتگیریی یەکتری بکەین‌و هەرچەند لە کۆبوونەوەکەدا هیچ بڕیارێک لەبارەی بەستنی هاوپەیمانێتی نێوان هەرسێ لیستەکە نەدرا، بەڵام بەستنی هاوپەیمانێتی یەکێکە لە ئەگەرەکان».

دوای راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەو چوار لیستە کوردییە، کە (٥٧) کورسی پەرلەمانی عێراقیان بەدەستهێنا، کە ئەمەش ئەزموونێکی نوێیەو هاوکات کاندیدێکی لیستی گۆڕان پێیوایە: ئەوان وەکو سێ هێزە ئۆپۆزسیۆنەکە دەبنە پارێزەرێکی بەهێزی مافەکانی کورد.

شۆڕش حاجی، کاندیدی دەرچووی لیستی گۆڕان بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە رۆژنامەی راگەیاند: ئۆپۆزسیۆن (١٤) کورسی پەرلەمانی عێراقی هەیە، کە نوێنەرایەتی بەشێکی زۆر لە خەڵکی کوردستان دەکات‌و ئیتر لێرە بەدواوە تەنیا یەکێتی‌و پارتی لە بەغدا نوێنەری خەڵکی کوردستان نین، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە هاوکارو پشتیوانی یەکترین لەگەڵ لیستی هاوپەیمانیی‌و بگرە ئێمە خۆمان بە پێشەنگ‌و پارێزەری مافەکانی میللەتەکەمان دەزانین‌و قبووڵناکەین کەس موزایەدەمان بەسەرەوە بکات.

# وردەکاریی دەنگی کورد، لە ناوچە دابڕاوەکان

راپۆرتی: بەهادین یوسف

بەپێی ئەو دەرئەنجامانەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە ئێوارەی هەینی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان رایگەیاند، لە ناوچە دابڕاوەکان‌و بەغدا (١٥٣٥٤٠) دەنگی لیستە کوردییەکان سووتاوەو دابەشبووە بەسەر لیستە براوەکانی ئەو پارێزگایانەداو بەهۆی رازیبوونی کورد لەسەر یاسای هەڵبژاردنەکان، لەکۆتایی ساڵی رابردوودا رێژەی کورسییەکانی کورد بە بەراورد بە کورسی پارێزگاکانی ناوەڕاست‌و باشووری عێراق، زۆر کەمیکردووە، هەروەها بەهۆی گۆڕینی شێوازی هەڵبژاردنەکە لە یەک بازنەییەوە بۆ فرەبازنەیی بە هەزاران دەنگ لە پارێزگاکانی عێراق لەدەستچوون.

## کەرکوک

هەر چوار لیستە کوردییەکەی بەشداری هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکوک، کە کێبڕکێی (٢١) لیستی عەرەبی‌و تورکمانی‌و (٦) لیستی کۆتای مەسیحییەکانیان دەکرد، نزیکەی (٣) هەزار دەنگ کەمتریان لە (٢١) لیستەکە هێناوە، سەرەڕای ئەوەی تەنیا هەردوو لیستی عێراقییەو هاوپەیمانیی کوردستانی هەریەکەو (٦) کورسی پارێزگاکەیان بردەوە. بەهۆی ئەوەی بەهای هەر کورسییەک بۆ پارێزگای کەرکوک (٤٦٧٤٢) دەنگ بووە، بەوپێیە کۆمسیۆن (٥٦٠٩٠٤) دەنگی ئەژمارکردووە، دەنگە فەوتاوەکانی ئەو لیستانەی کورسییان بەدەستنەهێناوە، بۆ هەردوو لیستە براوەکە چووە، بەوپێیەی هەریەکەو دەنگی کەمتر لە (٥) کورسییان هێناوە، بەڵام بەهۆی فەوتانی دەنگی لیستەکانی دیکەوە، هەریەکەو (٦) کورسییان مسۆگەرکردووە.

هەروەها بەپێی ئەم رێژەیەش هەر چوار لیستە کوردییەکە نزیکەی (٤٩,١٧٪)ی دەنگەکانی پارێزگای کەرکوکی بەدەستهێناوە، سەرەڕای ئەوەی لە پارێزگای کەرکوکیش (٦٩٢٥٩) دەنگی لیستە کوردییەکان فەوتاوەو دەنگی لیستە کوردییەکانیش بەمشێوەیەیە؛ هاوپەیمانیی (٢٠٦٥٤٢)، گۆڕان (٣٦٥٥٤)، یەکگرتوو (٢٤٢٤٧)، کۆمەڵ (٧١٧٥)، لیستی قەڵا (٤٦٢)، بەرژەوەندی نەتەوەکان (٨٢١) دەنگ.

(٢١) لیستە عەرەبیی‌و تورکمانییەکە (٥٠,٢٪)ی دەنگەکانیان بەدەستهێناوە بە دەستهێنانی (٢٨١٥٧٥) دەنگ‌و هەر شەش لیستە مەسیحییەکەش (٣٥٢٨) دەنگیان بەدەستهێناوە کە دەکاتە (٠,٦٪)ی دەنگەکانی سنووری پارێزگای کەرکوک، زەرەرمەندترین لیستی سنووری پارێزگای کەرکوک لیستی گۆڕان بوو، کە (٣٦٥٥٤) دەنگی بەدەستهێنا، نەگەیشتە ئاستی کورسییەک‌و دەنگەکانی بۆ لیستی براوە رۆیشت.

## نەینەوا

لە سنووری پارێزگای نەینەوا (١١٢٤٤٥٦) هەزار دەنگ لەلایەن کۆمسیۆنەوە ئەژمارکراوەو (٣٧) لیست‌و قەوارە کێبڕکێیان کردووە بۆ بەدەستهێنانی‌و بەپێی ئەنجامە سەرەتاییەکان، هەر چوار لیستە کوردییەکە نزیکەی (٢٢,٨٣٪)ی دەنگەکانی سنووری پارێزگای نەینەوایان بەدەستهێناوەو بە تەنیاش لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی (٨) کورسی پارێزگاکەی بردووەتەوەو (١٧٦٥٨) دەنگی کورد لە سنووری پارێزگاکە سووتاوەو دەنگی لیستەکانیش بەمشێوەیەیە؛ هاوپەیمانیی (٢٣٩١٠٩)، گۆڕان (١٠٧١٥)، یەکگرتوو (٥٤٧٤)، کۆمەڵ (١٤٦٩) دەنگ.

(١٨) لیست‌و قەوارە عەرەبییەکەش (٧٩٨٢٣١) دەنگ کە دەکاتە (٧٠٪)و قەوارەی ئێزدییەکان (٢١٩٩٥)دەنگ کەدەکاتە (١,٩٥٪)و قەوارە شەبەکەکان (٢٤٦٤٣)دەنگ کەدەکاتە (٢,٩١٪)و (٧) لیست‌و کاندیدە مەسیحییەکان (٢٣٠٢٠)دەنگ کە دەکاتە ٢,٠٤٪ی دەنگەکانیان بەدەستهێناوە.

دابەشبوونی کورسییەکانی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەواش، کە (٣١) کورسییە بەمشێوەیەیە؛ لیستی عێراقییە (٢٠) کورسی، هاوپەیمانیی (٨) کورسی‌و بەرەی تەوافوق (١) کورسی‌و ئیئتیلافی یەکێتیی عێراق (١) کورسی‌و ئیئتیلافی نیشتمانیی (١) کورسی. سەرەڕای (٣) کورسی کۆتای مەسیحی‌و شەبەک‌و یەزیدییەکان.

## سەڵاحەدین

هەرچی پارێزگای سەڵاحەدینە هەردوو لیستی هاوپەیمانیی کوردستان‌و گۆڕان بەشداریی هەڵبژاردنەکەیان کردو هاوشانی ئەوانیش بزووتنەوەی بەرژەوەندی نەتەوەکان بەشداریی کردو بەپێی دەرئەنجامەکانیش، هەرسێ لیستەکە (٢٧٣١٩) دەنگیان بەدەستهێناوە، کە دەکاتە (٥,٥٩٪)ی دەنگەکانی ئەو پارێزگایە، بەمەش لیستە کوردییەکان نەیانتوانی هیچ کورسییەکی ئەو پارێزگایە مسۆگەربکەن‌و دەنگی لیستە کوردییەکانیش بەمشێوەیە بوو؛ هاوپەیمانیی (٢٢٦٧٦)، گۆڕان (٢٦٥٤)، بەرژەوەندی نەتەوەکان (١٩٨٩) دەنگ.

هەرچی لیستە عەرەبییەکانیشە، کە (١٩) لیست بوون بە کۆکردنەوەی (٤٦١٢٤٦) دەنگ توانییان کۆی کورسییەکانی پارێزگاکە ببەنەوەو نزیکەی ٩٤,٥٪ی دەنگەکانی ئەو پارێزگایەیان بردەوە.


دابەشبوونی کورسییەکانی سەڵاحەدینیش (١٢) کورسییەو بەمشێوەیە؛ عێراقییە (٨) کورسی، تەوافوق (٢) کورسی، ئیئتیلافی یەکێتیی عێراق (٢) کورسی.


## دیالە


لە سنووری پارێزگای دیالە هەرسێ لیستی هاوپەیمانیی‌و گۆڕان‌و یەکگرتوو بەشدارییان کردووە لە هەڵبژاردنەکانی ئەو پارێزگایەو هاوشانی ئەوانیش لیستی بەرژەوەندی نەتەوەکان‌و بە هەموویان (٥٩٨٠٧) دەنگیان بەدەستهێناو تەنیا لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی توانی یەک کورسی پارێزگاکە مسۆگەربکات، کۆی دەنگی لیستە کوردییەکانیش (١١,٨٩٪)ی دەنگەکانەو (١٢٠٥٨) دەنگی لیستە کوردییەکان فەوتاوە، دەنگی لیستە کوردییەکانیش بەمشێوەیەیە؛ هاوپەیمانیی (٤٧٧٤٩)، گۆڕان (٨٩٩٤)، یەکگرتوو (٢٣١٠)، بەرژەوەندی نەتەوەکان (٧٥٤) دەنگ.


کۆی لیستە عەرەبییەکانیش، کە (١٨) لیست بوون بە کۆکردنەوەی (٤٤٣٠٨٩) دەنگ توانییان (٨٨,١٪)ی دەنگەکان بەدەستبهێنن‌و دابەشبوونی کورسییەکانیش کە (١٣) کورسییە، بەمشێوەیەیە؛ عێراقییە (٨) کورسی‌و ئیئتیلافی نیشتمانیی (٣) کورسی، دەوڵەتی قانوون (١) کورسی، هاوپەیمانیی (١) کورسی.

جگە لەوەی لە سنووری پارێزگای بەغدا نزیکەی (٢٧٢٤٦) هەزار دەنگی لیستە کوردییەکان فەوتاوەو دابەشبوونی دەنگی لیستە کوردییەکانیش بەمشێوەیەیە؛ هاوپەیمانیی (٢٣٣٦٣)، گۆڕان (٢٤٧١)، یەکگرتوو (١١١٣)، بەرژەوەندی نەتەوەکان (٣٩٩) دەنگیان بەدەستهێناوە.




# ٣٥ پرۆژەیاسای گۆڕان لەپەرلەمان خەوێنراون

راپۆرتی: سەنگەر جەمال

دواکەوتنی پەسەندکردنی پرۆژەیاسای بودجەی ساڵی (٢٠١٠) لە پەرلەمانی کوردستان، چەند پرۆژەیاسایەکی دیکەشی پەکخستووەو خوێندنەوەو پەسەندکردنیان بەوهۆیەوە دواکەوتووە، لەکاتێکدا دەیان پرۆژەیاسا لەلایەن لیستەکانەوە ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە.

پەرلەمانتار بورهان رەشید، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان، لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامە ئەوەی خستەڕوو؛ چەندین پرۆژە لە پەرلەماندان، کە خوێندنەوەی یەکەم بۆ بەشێکیان کراوە، بەڵام بەهۆی دواکەوتنی پەسەندکردنی پرۆژەیاسای بودجەی ساڵی (٢٠١٠) کارەکان‌و خوێندنەوەی دووەم‌و پەسەندکردنی سەرجەمی ئەو پرۆژانەش دواکەوتوون، کە زۆرێکیان پرۆژەی گرنگ‌و پێویستن کە لە ئێستادا پەسەند بکرێن، وتی: «چەند پرۆژەیەکیان خرانە بەرنامەی کارەوە، بەڵام زۆرێکیان نەخراونەتە بەرنامەی کارەوەو تائێستا خوێندنەوەی یەکەمیشیان بۆ نەکراوەو رەوانەی لیژنە تایبەتمەندەکان نەکراون بۆئەوەی بیروڕای خۆیانی لەسەر دەربڕن، کە بەپێی مادەی (٧١)پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانیش دەبێت لەماوەی (١٠) رۆژدا بیروڕای خۆیانی لەسەر بنووسن».

وتیشی: «تائێستا هەندێک لیژنە هەیە، کە بەو مادەیەشەوە پەیوەست نەبووەو لەو ماوەیەدا بیروڕای خۆیان بۆ سەرۆکایەتی نەناردووە، وەک یاسای نەهێشتنی حیزبایەتی لەناو هێزە چەکدارەکانداو هەندێک پرۆژەی دیکە، جگە لەوەش، کە هەندێک پرۆژەیاسای دیکە هەیە کە هەست دەکەین بە مەبەست نەخراوەتە بەرنامەی کارەوە، لەکاتێکدا کە نزیکەی (٤) مانگە پێشکەشی پەرلەمان کراوەو دەبوو خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرایە».

هەرچەندە لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنی (٣/٧)دا رەخنەی ئەوە لە ئۆپۆزسیۆن دەگیرا، کە پرۆژەی بودجە دوادەخەن، بەڵام ئێستاو دوای هەڵبژاردنەکەش تێبینیی ئەوە دەکرێت، کە دەسەڵات دەیەوێت پرۆژەکە دوابخات‌و ئەوەش کاریگەریی لەسەر جێبەجێنەکردنی پرۆژەکان‌و دواخستنی پرۆژەیاساکانی ناو پەرلەمان کردووە.

لەوبارەیەوە بورهان رەشید، رەخنە دەگرێت‌و وتی: «بودجە پەیوەستە بە ژیان‌و گوزەرانی خەڵکەوەو ئەو پرۆژەیاسایەش هیچ شتێکی ئەوتۆو جیاوازیی تێدانییە لە پرۆژەی ساڵی رابردوو، جگە لەوەش لە کوردستاندا لە هێنانی بودجەدا مەبەستی سیاسیی لەپشتەوە بوو، لە دواخستنیدا مەبەستی سیاسیی لەپشتەوەیەو لە هێنانەوەشی مەبەستی سیاسیی لە پشتەوە دەبێت، کەواتە دەسەڵات لە سیاسیەتێکی تەسکی حیزبایەتییەوە سەیری دەکات»، ئەوەشی خستەڕوو؛ کە دواکەوتنی پەسەندکردنی پرۆژەیاساکان کاریگەریی خراپی هەیەو دواخستنی لەلایەن دەسەڵاتەوە بۆئەوە بوو کاریگەریی نەبێت لەسەر دەنگدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق.

لە خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستاندا چەندین پرۆژەیاسا پێشکەش کراون‌و تەنیا فراکسیۆنی گۆڕان تائێستا (٣٥) پرۆژەیاسای پێشکەش بە پەرلەمان کردووە، کە (١٣)یان خوێندنەوەی یەکەمیان بۆکراوەو هیچکامیان بڕیاری لەسەر نەدراوەو بڕیارە دوای پەسەندکردنی پرۆژەیاسای بودجە خوێندنەوەی دووەمیان بۆ بکرێت، بەڵام ئەوەی جێی رەخنەی بەشێکی پەرلەمانتارانە ناردنەوەی پرۆژەیاساکانە بۆ حکومەت، بۆئەوەی رای خۆی لەسەر بدات.

پەرلەمانتارەکەی فراکسیۆنی گۆڕان، لەوبارەیەشەوە وتی: «لەهیچ شوێنێکی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)و پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانیشدا نەهاتووە، کە بۆ هەموو شتێک رای حکومەت وەربگیرێت، بەڵام بەداخەوە بۆ پەکخستنی پرۆژەکان‌و بۆئەوەی پەرلەمان ببێت بە پارێزەری حکومەت، زۆر پرۆژە داوای رای حکومەتی بۆ دەکەن، ئەوەش بۆ دەستی دەستی پێکردن‌و کوشتنی کات‌و رۆڵی پەرلەمانە».


دانیشتنێکی پەرلەمانی کوردستان

# هاوپەیمانیی چوار کورسی ئۆپۆزسیۆنی بردووە

بەرهەم خالید

بەهۆی یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە، ژمارەیەکی زۆر دەنگی لیستو قەوارە بچووکەکان بۆ لیستە گەورەکان چووە، بەبێ ئەوەی دەنگی ئەو لیستانە بن، بەوهۆیەشەوە زیاتر لە (١٨٠) هەزار دەنگی لیستەکانی گۆڕانو یەکگرتوو و کۆمەڵ، کە دەکاتە زیاتر لە (٥) کورسی بۆ لیستی هاوپەیمانیی کـوردستـــان چـــووە، شـارەزایـەکـی هـەڵـبـژاردنـیش پـێـیوایـە؛ یاساکە لەسەرەتاوە لە بەرژەوەندیی لایەنە دەسەڵاتدارەکانی عێراق داڕێـژراوەو مافی لایەنەکانی دیکەی پێشێلکردووە.

بەپێی یاسای هەموارکراوی تایبەت بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران، عێراق بۆ (١٨) بازنەی هەڵبژاردن دابەشکراوە، دابەشکردنی کورسییە بەتاڵەکانیش لە بەرژەوەندیی لیستە براوەکانی هەر پارێزگایەکە، بەبێ رەچاوکردنی دەنگی ماوەی لیستەکانی دیکە، بەوهۆیەشەوە لیستی هاوپەیمانیی بە چەند هەزار دەنگێکی کەم کورسی لە هەریەکە لە پارێزگاکانی سلێمانیو هەولێرو دهۆکو کەرکوکو نەینەوا دەستەبەرکردووە، ئەوە لە کاتێکدایە لیستەکانی ئۆپۆزسیۆن تەنیا چەند هەزار دەنگێکی کەمیان پێویست بووە بۆ بردنەوەی ئەو کورسییانە.

پارێزگای سلێمانی (١٧) کورسی بۆ تەرخانکرابوو، بەهای کورسییەکیش (٤٩٠٨٥) دەنـگ بــووە، کـە لیستی هاوپەیمانیی (٨) کورسیو گۆڕان (٦) کورسیو یەکگرتوو (٢) کورسیو کۆمەڵ (١) کورسییان بەدەستهێناوە، هاوپەیمانیی (٧) کورسیو (٦٦٧٨) دەنگی هەبووە، گۆڕان (٤٦٧٥) دەنگو یەکگرتوو (٥٢٠٦) دەنـگو کۆمەڵ (٣٠٠٦٤) دەنگی هەبووە، بەڵام کورسییە بەتاڵەکە بۆ هاوپەیمانیی چووە، لەکاتێکدا ئـەگـەر سیستمی بەهێزترین مـاوە پەیڕەوبکرایە، کۆمەڵ دەبووە خاوەنی کورسی دووەم، نەک هاوپەیمانیی.

پارێزگای هەولێر (١٤) کورسی بۆ تەرخانکرابوو، بەهای هەر کورسییەکی ئەو پارێزگایەش (٤٨٩٩١) دەنگ بووە، کە لیستی هاوپەیمانیی (١٠) کورسیو گـۆڕان (٢) کـورسـیو هـەریـەک لە یەکگرتوو و کۆمەڵ (١) کورسییان بەدەستهێناوە، لیستی هاوپەیمانیی (٩) کورسیو (١٧) هەزارو (٤٨٩) دەنگ ماوەی هەبووەو بەهۆی بەدەستهێنانی زۆریـنـەوە بووەتـە (١٠) کورسی، لیستەکانی ئۆپۆزسیۆنیش (٢١١٨٦) دەنگیان فەوتاوە.

پارێزگای دهۆک (١٠) کورسی بۆ تەرخانکرابوو، بەهای هەر کورسییەکی ئەو پارێزگایەش (٤٣٧٣٨) دەنگ بووە، هاوپەیمانیی (٩) کورسیو یەکگرتوو (١) کورسییان بەدەستهێناوە، بەمشێوەیە: لیستی هاوپەیمانیی (٧) کورسیو (١٦٧٨٥) دەنگی مـاوەی هەبووەو یەکگرتوو کورسییەکو (١٦١٦٨) دەنگی ماوەو گۆڕانیش (٢٣٧٧٥) دەنگی هەبووەو کۆمەڵیش (٣١٤١) دەنگی هەبووە، بەوجۆرەش (٣٧٨٠٠) دەنگی ئەو سێ لیستەش چووە بۆ هاوپەیمانییو (٢) کورسی دیکەی زیادکردووە.

پارێزگای کەرکوک (١٢) کورسی بۆ تەرخانکرابوو، بەهای بەدەستهێنانی کورسییەکیش (٤٦٧٤٢) دەنگ بووە، کە تەنیا لیستی هاوپەیمانیی (٦) کورسی هێناوە، لەکاتێکدا (٤) کورسیو (٣١٥٧٤) دەنگی ماوەی هەبووە، لە بەرامبەردا لیستی گـۆڕان (٣٦٥٥٤)و یەکگرتوو (٢٤٢٤٧) هەزارو کۆمەڵ (٧١٧٥) دەنگیان هێناوە، بەبێ ئـەوەی ببنە خاوەنی کورسی، کە دەکاتە (٦٧٩٧٣) دەنگو چووەتە گیرفانی لیستی زۆرینەوە.

پارێزگای نەینەوا (٣٤) کورسی بـۆ تـەرخـانـکـرابـوو، بـەهـای هـەر کورسییەکیش (٣٣٠٧١) دەنگ بووە، لیستی هاوپەیمانیی بەشی (٧) کورسیو (٧٦١٢) دەنگی ماوەی هەبووەو گۆڕان (١٠٧١٥) دەنـگو یەکگرتوو (٥٤٧٤) دەنگی هـەبـووە، بـەڵام کورسییەکە دراوەتە هاوپەیمانیی، لەکاتێکدا ماوەی گۆڕان زیاترە.

بەوپێیەش هاوپەیمانیی کورسییەکی سلێمانیو هەولێرو کەرکوکو نەینەواو (٢) کـورسـی دهـۆکـی بـە دەنـگـی ئۆپۆزسیۆن بەدەستهێناوەو سەرەڕای ئـەوەش کورسییەکی قـەرەبـووی بەرکەوتووە لە کۆی ئەو (٧) کورسییەی کە بۆ قەرەبوو تەرخانکرابوو.

دەرباز محەمەد، مامۆستای زانکۆو شارەزا لە جوگرافیای هەڵبژاردن، لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات؛ یاساکە بە تەواویی لە خزمەت لیستە بەهێزەکاندایەو زۆرێک دەنگی لیستە بچووکەکانی فەوتاندووە، چونکە زیادەکان لە بەرژەوەندیی ئەو لیستانەن کە کورسییان زۆرە، نەک گەورەترین مــاوە، کە لە هەڵبژاردنی پێشوودا پەیڕەوکرا، ئەوەش لە هەموو حاڵەتەکاندا لە بەرژەوەندیی لیستی یەکەمە لەسەر ئاستی پارێزگایەک، لەکاتێکدا ئەوە مافی ئەو لیستانە نییە، وتیشی: «هەریەکە لە مالیکیو سەدرو حەکیمو هاوپەیمانیی ئەو یاسایەیان بەوشێوەیە داڕشتووە، کە لە بەرژەوەندیی خۆیانە، سەرەڕای ئەوەش (٧) کورسی قەرەبوو کە دەبێت بۆ لیستە بچووکەکان بێت، بەڵام دیسان بۆ خۆیان گـەڕاوەتـەوەو قەرەبووی بـراوەکـانـیـان کــردووە، کـە ئـەوەش هەڵەیەکە بەسەر داڕێژەرانی یاساکەدا تێپەڕیوە».

ئەو شارەزایەی هەڵبژاردن ئەوەشی خستەڕوو، کە لیستە بـراوەکـان لە عێراقدا نزیکەی (١٠) کورسییەکیان بەوشێوەیە بەدەستهێناوە، کە وەک دیارییەک بۆیان گەڕاوەتەوەو پێویستە لە داهاتوودا ئەو یاسایە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، بۆئەوەی مافی هەموو لایەکی تێدا پارێزراوبێت.

بەپێی ئەنجامە راگەیەندراوەکانی هـەڵـبـژاردن، لیستی هاوپەیمانیی کوردستان (١) ملیۆنو (٧١٤) هەزارو (٨٣٧) دەنـگو لیستی گـۆڕان (٤٨٢) هــەزارو (٣٨) دەنــگو یەکگرتووی ئیسلامیی (٢٤٦) هەزارو (٢٩٣) دەنگو کۆمەڵی ئیسلامیی (١٥٣) هەزارو (٦٦١) دەنگیان بەدەستهێناوە.

# ئۆپۆزسیۆن داوای دەستکاریکردنی پڕۆژەی رەشنووسی دەستوور دەکات

شارا عەبدولڕەحمان



دەستووری هەرێم بەرەو کوێ دەگات؟

لیستە ئۆپۆزسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان هـاوڕان لەسەر ئـەوەی کە پـــرۆژەی رەشـنـووسـی دەسـتـووری هەرێم کەموکووڕیی تێدایەو داوا دەکەن بگەڕێنرێتەوە بۆ پەرلەمان بۆ دووبارە قسەکردن لـەسـەریو دواتـر بخرێتە ریفراندۆمەوە.

پـرۆژەی رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان لە (٢٠٠٦/٨/٢٢)ەوە لە پەرلەمانی کوردستان ئامادەکراو خرایە بەردەستی رای گشتیی خەڵکو یاساناسانو شـارەزایـانـی بـواری دەسـتـووریـیو رێکخراوەکانو حیزبو لایەنە سیاسییەکانو تا ناوەڕاستی ساڵی (٢٠٠٧) پێشنیازی لەسەر وەرگیرا، دواتر لیژنەیەکی کاتیی بەناوی لیژنەی پێداچوونەوەی دەستوور لە پەرلەمانی کوردستان پێکهێنرا بۆ لێکۆڵینەوە لەو پێشنیازو سەرنجو تێبینیانەی لەسەر دەستوورەکە هەبوو، بەڵام ئەو پرۆژەیە وەک خۆی مایەوە هەتا خولی دووەمی پەرلەمان، لەماوەی بەسەرچووی خۆیداو لە رۆژی (٢٠٠٩/٦/٢٤)دا دەستووری هەرێمی پەسەندکردو داوای لە کۆمسیۆن کرد، کە راپرسیی لەسەر دەستوور لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکایەتیی هەرێمدا ئەنجامبدات، بـەو هۆیەشەوە نارەزاییەکی توند لەناو چینو توێژە جیاجیاکانی کوردستاندا سەریهەڵدا. لە ئێستاشدا هەرسێ لیستە ئۆپۆزسیۆنەکەی ناو پەرلەمانی کوردستان داوای گەڕانەوەی ئـەو پـرۆژەیـە دەکـەن بۆ گفتوگۆکردن لەسەری.

د.زانــا رەئــوف، ئـەنـدامـی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: «بوونی کەموکورتی لە پڕۆژەیاسای دەسـتـووردا و خواستی گەڕانەوەی بۆ پەرلەمان، هەڵوێستێکی پێشوەختمانەو لەپێش تێپەڕاندنی دەستووریش ئـەو هەڵوێستەمان هەر هەبووە، ئامانجیشمان دەوڵەمەندکردنی دەستووری هەرێمە بەو خاڵانەی کە تێیدا جێنەکراوەتەوەو لە نەبوونیدا پرۆژەکە بە ناتەواو دێتەبەرچاو».

د.زانــا کە هاوکات پسپۆری یاسای دەستووریشە پێیباشە، کە داخوازییەکانی هـەمـوو ئـەو چـیـنو تـوێـژانـەی کە دەستوورەکە بە ناتەواو وەسفدەکەن، لە پرۆژەکە جێبکرێتەوەو دوای ئەوە بخرێتە ریفراندۆمەوە، هەروەها وتی: «ئەو داواکارییانەی کە هەمانە، داواکاریی دروســتو یاساییو داواکاریی زۆربەی چینو توێژەکانی کۆمەڵگەیە، داواکارییەک نییە لەسەر ئاستێکی کەسێتیو تایبەتی، بەڵکو بە بەڵگەوە بۆ دەوڵەمەندکردنی پرۆژەکە کاردەکەین، بۆئەوەی بتوانین بەهۆی دەستوورەوە رۆحیەتی هاوڵاتیبوون لە کوردستاندا زیندووبکەینەوە».

فراکسیۆنەکانی یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامیش هاوکات لەگەڵ فراکسیۆنی گـۆڕانـدا داوای دووبـــارە نـاردنـەوەی پرۆژەیاسای دەستووری هەرێم دەکەن بۆ پەرلەمان کە هەرچەندە هەردوو فراکسیۆنی یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامیی لە خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستاندا قایلبوون بەوەی کە دەنگ بە پرۆژەکە بدەن، بەڵام لە ئێستادا داوای گەڕانەوەی دەکەن بۆ پەرلەمان.

د.سەباح بەرزنجی، ئەندامی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامیی لە پەرلەمانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: پێمان باشە پرۆژەکە رەوانــەی پەرلەمان بکرێتەوە بۆئەوەی قسەی لەسەر بکەینەوە، چونکە پێمانوایە کەموکووڕیی تێدایەو پێویستە چاکبکرێت، بۆ ئەو مەبەستەش هەماهەنگیمان لەگەڵ فراکسیۆنە ئۆپۆزسیۆنەکانی دیکەدا هەیەو هاوڕاین لەسەر ئەو داواکارییەمان».

هەرسێ فراکسیۆنە ئۆپۆزسیۆنەکەی پەرلەمان ئاماژە بەوەدەکەن؛ لە پرۆژەیاسای دەستووری هەرێمدا ناهاوسەنگیی هەیە لە رێکخستنی دەسەڵاتەکانداو هاوکات قەوارەی سنووری هەرێمی کوردستانیش دەستنیشاننەکراوە، ئەمە جگە لەوەی کە پرۆژەکە لە چۆنێتی بەشداریکردنی سیاسیی هاوڵاتییاندا کەموکووڕیی هەیە.

هــاوڕاز شـێـخ ئـەحـمـەد، ئەندامی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامیی لە پەرلەمانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە جارێکی دیکە دەستوور بگەڕێنرێتەوە پەرلەمانو گفتوگۆی لـەسـەر بـکـرێـتو هەندێک گۆڕانکاریی تێدابکرێت، ئینجا بخرێتە بەردەمی خەڵک، چونکە بەپێویستی دەزانین کە دەستوورەکە بەشێوەیەک بێت، کە خەڵکی کوردستان مافی هاوڵاتیبوونی خۆیانی تێدا ببیننەوە.

دوابــەدوای تێپەڕاندنی دەستوور لەماوەی زیادکراوی پەرلەمانی کوردستاندا، سەرۆکایەتی پەرلەمان داوای لە کۆمسیۆن کرد، کە لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانو سـەرۆکـایـەتـی هـەرێـمـدا ریفراندۆمی جەماوەریی لەسەر دەستووریش رێکبخات، بەڵام لە بەیاننامەیەکدا کە رۆژی (٢٠٠٩/٧/٦) بـڵاویـانـکـردەوە، کۆمسیۆنی بـاڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان رایانگەیاند، کە ناتوانن راپرسیی لەسەر دەستوور لە ٢٠٠٩/٧/٢٥دا ئەنجامبدەنو بڕیاریانداوە راپرسیی لەسەر دەستوور دوابخرێت بۆ کاتێکی نـادیـار، هەربۆیە پـرۆژەی رەشنووسی دەستوور تائێستا ریفراندۆمی لەسەر نەکراوەو نەبووەتە یاسا.

لـە ئـێـسـتـاشـدا کـە فراکسیۆنە ئۆپۆزسیۆنەکانی پەرلەمان داوای دووبارە گەڕانەوەی پـرۆژەی دەستوور دەکەن، بەپێی یاسا پێویستە بە دەنگی (٣/٢)ی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ئەو پرۆژەیە بگەڕێنرێتەوە بۆ پەرلەمان بۆ گفتوگۆکردنی، بەڵام ئەندامێکی لیژنەی یاسایی پەرلەمان ئاماژە بەوەدەکات؛ گەڕانەوەی دەستوور کارێکی نایاساییەو ئەوەی ئێستا لەسەر پرۆژەیاساکە دەکرێت، تەنیا ریفراندۆمی جەماوەرییە، نەک گەڕانەوەی بۆ پەرلەمان.

پەرلەمانتار عومەر عەبدولڕەحمان، لە فراکسیۆنی کوردستانیو ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: «داوای گەڕانەوەی دەستووری هەرێم، نایاساییە، چونکە دەبێت ریفراندۆمی لەسەر بکرێت ئینجا دوو لەسەر سێی پەرلەمانتاران داوای بکەن بگەڕێنرێتەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە لە خولی دووەمی پەرلەماندا ئەو دەستوورە بە دەنگدانی زۆرینەی پەرلەمانتاران تێپەڕێنراوەو بەپێی مادەی (٥٦)ی دەستووریش هەر پرۆژەیەک کە بە دەنگی زۆرینە یان هەموو پەرلەمان تێپەڕێنرا، جارێکی دیکە ناگەڕێنرێتەوە بۆ قسەکردن لەسەری، تەنیا لەو حاڵەتەدا نەبێت، کە لە ئەنجامی ریفراندۆمەکەوە خەڵک دەنگی پێنەداتو داوای دەستکاریکردنی بکات».

بەڵام پەرلەمانتارەکەی فراکسیۆنی گـــۆڕان، کـە ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانیشە، وتی: «گەڕانەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێم بۆ پەرلەمان کارێکی یاساییە، چونکە ئێمە تائێستا لە بەردەمی پرۆژەداینو هیچ شتێکمان نییە بەناوی دەستووری هەرێم، بەتایبەتیش بەپێی بڕیاری ژمارە (١)ی پەرلەمان، کە دەڵێت «پەرلەمان مەرجەعە»، بۆیە هەر پەرلەمانیش دەتوانێت جارێکی دیکە پرۆژەکە بێنێتەوە بۆ گفتوگۆکردنی».

## بزووتنەوەی گۆڕان کاریگەر دەبێت

# کورد لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا

**ئەم مانگەی دادێ دەبێتە مانگی سەرقاڵیی شەقامی عێراقی، بە کارو کردەوەی سیاسییەکانەوە بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو. سەرکەوتنە رەمزییەکەی لیستەکەی عەلاوی فایلەکانی تێکەڵاوی یەکتر کردووە، بۆیە پێدەچێت لەدایکبوونی حکومەتی نوێ ژانێکی زۆری بوێت، تەنانەت رەنگە پێویستی بە نەشتەرگەرییەکی ئەمریکی، ئێرانیو سعودیش هەبێت. ئەوەی تائێستا روونە هاوپەیمانیی کوردستان، بەناوی هەموو کوردەوە بڕیاری بەشداریکردنی لە حکومەتدا داوە، جا ئەو حکومەتە عەلاوی دروستی بکات یان مالیکی، بەڵام ڕێژەی کورسییەکانی هاوپەیمانیی بێ کورسییەکانی بزووتنەوەی گۆڕانو یەکگرتووی ئیسلامییو کۆمەڵی ئیسلامیی چارەسەری دەردی عەلاویو مالیکی ناکات.**

شیکاریی رۆژنامەوانی:
مەهدی ئەبوبەکر

### لیستێکی لەرزۆک

لیستی عێراقییە بە (٩١) کورسی وەک یەکەمی هەڵبژاردنەکان دەرکەوت، بەڵام سەرکەوتنەکەی نابێتە مایەی ئەوەی حکومەتێکی دامەزراوی بێمنەتی پێ دروستبکات، بەڵکو ئەو کورسییانەی بەدەستیهێناوە، سەرلەبەری پرۆسەی سیاسیی عێراقی خستووەتە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی قورسەوە، چونکە بەگوێرەی دەستووری عێراق، تائێستا وەک گەورەترین فراکسیۆنی پەرلەمانیی حسابی بۆدەکرێت، لەو پێودانگەشەوە هەر بەگوێرەی دەستوور مافی خۆیەتی لەلایەن سەرۆک کۆمارەوە ئەو لیستە بۆ پێکهێنانی حکومەت رابسپێردرێت.

کێشەکە لەوەوە دەستپێدەکات، ئایا عەلاوی دەتوانێت حکومەت دروستبکات؟ کام سەرۆک کۆمار عەلاوی بۆ پێکهێنانی حکومەت رادەسپێرێت؟.

ئەگەر لە حاڵێکدا لەبیری خۆمانی بەرینەوە، کە عێراق فرە نەتەوەو فرە مەزهەبو ئایینە، دەڵێین: بەڵێ عەلاوی دەتوانێت حکومەت پێکبهێنێت، بەڵام کاتێک لوتمان دەبێت بە لوتی واقیعە تاڵەکەی عێراقەوە، دەگەینە ئەو بڕوایەی عەلاوی ناتوانێت حکومەت بە ئاسانیی دروستبکات.

یەکەم کێشە کە ڕووبەڕووی عەلاوی دەبێتەوە، ئەوەیە دەبێت سەرۆک کۆمار بۆ دروستکردنی حکومەت رایبسپێرێت، بەگوێرەی دەستووری عێراق، لە یەکەم دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەراندا پێویستە سەرۆکی پەرلەمانو سەرۆکی کۆمار هەڵبژێردرێت، بۆیە ئەگەر عەلاوی بیەوێت حکومەت دروستبکات، لەپێشدا دەبێت سەرۆکی کۆمارو سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران وەک سەرپۆشێکی دەستووریی دابینبکات.

پرسیارەکە ئەوەیە؛ عەلاوی چۆن دەتوانێت ئەو دوو کەسە دابینبکات؟ ئەنجامی هەڵبژاردنەکانو خودی کورسییەکانی عەلاوی ئەوەیان بەسەردا سەپاندووە، دەبێت ئیئتیلافێکی حکومیی فراوان دروستبکات، ئەو ئیئتیلافەش یان دەبێت لەگەڵ لیستی ئیئتیلافی نیشتمانیی عەمار حەکیمو لیستی هاوپەیمانیی کوردستانو لیستە کوردییەکانی دیکەدا دروستی بکات، یاخود لەگەڵ مالیکیو ئەلحەکیم دروستی بکاتو کورد لە هاوکێشەکە بکاتە دەرەوە.

بژاردەکانی بەردەستی عەلاوی خۆشترینیان لەوی دیکە تاڵترە، چونکە لە حاڵەتی هاوپەیمانیی لەگەڵ هاوپەیمانیی کوردستانو ئەلحەکیمدا، ڕووبەڕووی داخوازیی پۆستی سەرۆک کۆماریی دەبێتەوە لەلایەن کوردەوە، ئەگەر رازیی بێت، ئەوا لەوانەیە لیستەکەی لەبەریەک هەڵوەشێتەوە، چونکە زۆربەی بەشدارانی لیستەکەی دژی وەرگرتنەوەی سەرۆک کۆمارن لەلایەن کوردەوە، ئەگەر لیستەکەشی هەڵبووەشێتەوە، ئەوا سەرپۆشێکی دەستووریی بۆ پاڵپشتیکردنی عەلاوی بۆ وەرگرتنی سەرۆکایەتی حکومەت نامێنێت.

لە حاڵەتی دووەمیشدا، کە پەراوێزخستنی هاوپەیمانیی کوردستانو هاوبەندیکردنە لەگەڵ مالیکیدا، ئەوا ڕووبەڕووی دوو کێشەی گەورە دەبێتەوە، ئەوانەش قەناعەتپێکردنی مالیکییە بۆ وازهێنان لە وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆک وەزیرانو ئەگەری کشانەوەی کوردە لە پرۆسەی سیاسیی عێراق.

هەردوو کێشەکە بۆ عەلاوی چارەسەرکردنیان ئەستەمە، رەنگە لەگەڵ مالیکیدا بگاتە ئەو رێککەوتنەی کە هەریەکەیان دووساڵ سەرۆکایەتی حکومەت بکات، بەڵام چی لە کورد دەکات؟ ئایا لایەنە عێراقییەکانی دیکەو ئەمریکا ئامادەن لەپێناوی ئەوەی عەلاوی سەرۆکی حکومەت بێت، قەیرانێکی گەورە لەگەڵ کورددا دروستبکەن؟ نەخێر ئەوە مایەی قبووڵ نییە.

ئەوەی لە واقیعی لیستەکەی عەلاوی دەخوێندرێتەوە ئەوەیە؛ ئەو لیستە ناتوانێت حکومەت پێکبهێنێت، بەڵکو لەبەردەم ئەگەری ئەوەدایە پێکهاتەکانی ناو لیستەکەی بەهۆی ناکۆکیی ناوخۆیانەوە پێش پێکهێنانی حکومەتی نوێ، لێکتر جیاببنەوەو هەریەکەیان بەدوای بەرژەوەندیی خۆیان بکەون.

### کورد چی دەکات؟

ئەوەی روونە هاوپەیمانیی کوردستان دەیەوێت پشکداریی لە حکومەتدا بکات، ئیتر حکومەتەکە کێ سەرۆکایەتی دەکات، گرنگ نییە، ئەوەی لای هاوپەیمانیی گرنگە ئەوەیە، مام جەلال سەرۆکایەتی کۆمار وەربگرێتەوەو لە حکومەتیشدا چەند وەزارەتو پۆستێکی گرنگ وەربگرن.

واتە، هاوپەیمانیی کوردستان پاش ئەو ئەزموونەی لەگەڵ حکومەتەکانی عەلاوی، جەعفەریو مالیکی وەریگرت، هێشتا بیروبۆچوونی سەبارەت بە بەشداریکردن لەوەدا کۆبووەتەوە، کە بەشداریی بکات لەپێناو بەشداریدا، واتە بەشداریی بکات بۆ وەرگرتنی پۆستو پلەوپایە. هاوپەیمانیی کوردستان، بەگوێرەی لێدوانی بەرپرسە باڵاکانی، بەشداریکردنیان لە حکومەتدا نەبەستووەتەوە بە بەرژەوەندییەکانی کوردەوە، مەرجی بەشداریکردنیان گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان، دیاریکردنی سنووری هەرێمی کوردستانو یەکلاییکردنەوەی بودجەو مەسەلەی پێشمەرگەو کێشەکانی دیکەی نێوان هەرێمو بەغدا نییە، بەڵکو مەرجی سەرەکییان وەرگرتنەوەی سەرۆکی کۆمارو چەند وەزارەتێکە، لەناویاندا وەزارەتێکی سیادی.

هاوپەیمانیی کوردستان خاوەنی (٤٣) کورسییە، ئەگەر بە تەنیاو بێ بەشداریکردنی لیستی گۆڕانو لیستی کۆمەڵو یەکگرتوو بیەوێت بەشداریی حکومەت بکات، ئەوا ناتوانێت چارەسەری دەردی نە عەلاویو نە مالیکی بکات، چونکە هەرسێ لیستی هاوپەیمانیی کوردستانو عێراقییەو ئیئتیلافی عەمار حەکیم ناتوانن دوو لەسەر سێی دەنگی ئەنجومەنی نوێنەران مسۆگەر بکەن، بەهەمانشێوە ئەگەر مالیکیش بیەوێت لەگەڵ هاوپەیمانییو ئەلحەکیمدا ئیئتیلاف بکات، ئەوا هەر ناتوانن دوو لەسەر سێی دەنگی ئەنجومەنی نوێنەران مسۆگەر بکەن، راستە دەتوانن ببنە زۆرینە، بەڵام بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار، کە پێویستیان بە دوو لەسەر سێی دەنگەکان هەیە، پێویستیان بە دەنگی لیستی گۆڕانو کۆمەڵو یەکگرتوو لە کوردستان دەبێت، یان ئەوەتا دەبێت پەنا بەرنە بەر لیستی تەوافوقو ئیئتیلافی وەحدەی عێراقو کۆتای مەسیحیو ئێزدییو سابیئەی مەندائی.

لەم حاڵەتەدا ئەو لیستەی دەیەوێت حکومەت دروستبکات، چ لیستی مالیکی بێت یان لیستەکەی عەلاوی، ئەوا دەبێت پشکی وەزاریی بۆ هەموو ئەو لیستو مەزهەبانە دابینبکات، بەوەش حکومەتێکی لەرزۆکو پەرشوبڵاو دروستدەبێت، بۆیە بۆ مالیکی بێت یان عەلاوی، واباشترە لەگەڵ هاوپەیمانیی کوردستاندا، گۆڕانو ئیسلامییەکان بەشداریی پێبکات، چونکە هاوپەیمانیەتییەکەی بەئەنجام دەکاتە هاوپەیمانیکردن لەگەڵ کورددا.

پرسیارەکە ئەوەیە؛ ئەگەر بۆچوونی هاوپەیمانیی کوردستان نەگۆڕێتو هەمان بۆچوونی جاران بێت بۆ بەشداریکردن، ئایاگۆڕانوئیسلامییەکان هاوکاریی دەکەن، یان باشترە بڵێین دەبنە شەریکی لە هاوپەیمانیکردن بۆ دروستکردنی حکومەتو وەرگرتنی پۆستو پلەوپایە؟

### ئەی گۆڕان چی بکات؟

لیستی گۆڕاَن خاوەنی (٨) کورسییە لە پەرلەمانی عێراقداو وەکو بەشێک لە نوێنەرایەتی کورد تەماشای دەکرێت، کەواتە بەشێکی هێزی کورد لای نوێنەرەکانی گۆڕانە، لیستە گەورەکان لەکاتی پێکهێنانی حکومەت، دیاریکردنی سەرۆک کۆمارو ئەو یاسایانەی دواتر دەردەچنو پێویستیان بە دوو لەسەر سێی دەنگی ئەنجومەنی نوێنەران هەیە، پێویستیان بە لیستی گۆڕان هەیە، بۆیە گۆڕان دەبێتە ژمارەیەکی حساب بۆکراو، کە ناتوانرێت نادیدە بگیرێت، ئایا گۆڕان لەگەڵ هاوپەیمانیی کوردستاندا بەشداریی حکومەت دەکاتو دەبێتە بەشێک لە ئەجێندای هاوپەیمانیی کوردستان، کە خۆی لە وەرگرتنی پۆستو پلەوپایەدا دەبینێتەوە؟، یان ئەوەتا وەک خۆیو بەشداریی حکومەت دەکاتو تەنیا لەو مەسەلانەدا هاوهەڵوێستی هاوپەیمانیی کوردستان دەبێت، کە پەیوەندییان بە مەسەلە هەستیارەکانی کوردو هەرێمی کوردستانەوە هەیە؟

ئەگەر لیستی گۆڕان بەنیازی بەشداریکردنە لە حکومەتدا، لە رووی تیۆرییەوە وا باشترە لە چوارچێوەی هاوپەیمانێتیی لەگەڵ هاوپەیمانیی کوردستاندا بەشداربێت، بەڵام بە چەند مەرجێک، ئەوانەش بریتی بن لەوەی کورد بەشدارییەکەی تەنیا هاوبەشیی رووکەشی نەبێت، بەڵکو کورد ببێتە شەریکی راستەقینە لە حکومڕانیی عێراقدا، مەرجی ئەوەش بەسەر هاوپەیمانیی کوردستاندا بسەپێنێت، کە هاوپەیمانیی دوای ئەوەی پۆستو پلەوپایەی وەرگرت، کێشە گرنگەکانی کورد لەبیر نەکات، وەک ئەوەی لە چەند ساڵی رابردوودا کردوویانە. بە کورتییەکەی پێویستە لیستی گۆڕان لە چوارچێوەی پەیماننامەیەکی شەرەفی نیشتمانیدا لەگەڵ هاوپەیمانیی کوردستان بچێتە حکومەتەوە، بۆئەوەی ئەگەر دواتر هاوپەیمانیی کوردستان لە بەندەکانی ئەو پەیماننامەیە لایدا، گۆڕان پاڵپشتییەکەی لێبکشێنێتەوە، ئەگەر گۆڕان بەوشێوەیە بچێتە حکومەتەوە، ئەوا نوێنەرایەتی کورد دەکاتە نوێنەرایەتییەکی ئەکتیڤو سەروەرییەکی مێژوویی تۆماردەکات، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر بە هەمانشێوەی هاوپەیمانیی کوردستان ئامادەی بەشداریی بێت، ئەوا دەبێتە بەشێک لە نوێنەرایەتییە تەقلیدییەکەی کوردو بەشدارییەکی تەنیا لە وەرگرتنی پۆستدا کورتدەبێتەوە.

حاڵەتی دووەمی بەشداریی گۆڕان ئەوەیە، بەجیاو بێ هاوپەیمانیی کوردستان بەشداریی بکات، لەو حاڵەتەدا لیستی گۆڕان بە تەنیا دەبێت بچێتە ژێرباری ئەوەی چۆن نوێنەرایەتی کورد لە بەغدا لە وەرگرتنی پۆستەوە بگۆڕێت بۆ شەراکەتی راستەقینەو بۆ ئاستێک، کە مەرجی ئەوە بەسەر ئەو لایەنەدا بسەپێنێت کە کێشەکانی نێوان هەرێمو بەغدا چارەسەر بکات، رەنگە ژمارەی کورسییەکانی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراقدا دەرفەتی ئەوەی پێنەدات تا بتوانێت بەکامی دڵی خۆی مەرجەکانی کورد بەسەر لایەنی بەرامبەردا بسەپێنێت، بۆیە واباشترە لەو بارەدا گۆڕان بەشداریی حکومەت نەکات.

### پێگەی کورد بەگشتیی

سەراپای کورسییەکانی کورد لە پەرلەمانی داهاتوودا (٥٧) کورسییە، بە بەراورد لەگەڵ رابردوودا زۆر کەمیکردووە، بەڵام ئەو کەمکردنە لە پێگەی کورد ناهێنێتە خوارەوە، چونکە لەم رەوشەی ئەمڕۆی عێراقدا ناکرێت وەک پێکهاتەیەکی سەرەکیی عێراق نادیدە بگیرێتو لە حکومەت دووربخرێتەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە، هەردوو لیستی عەلاویو مالیکیش بۆ دروستکردنی حکومەت پێویستیان پێیەتی.

بۆچوونێک هەیە باس لەوە دەکات، ئەو لیستەی حکومەت پێکدەهێنێت، لاوازترین تەرەفی ناو حکومەت دەبێت، چونکە ناچاردەبێت مەرجی لیستەکانی دیکە قبووڵ بکات، تا هاوکاریی بکەن لە پێکهێنانی حکومەتدا، بە پێچەوانەوە لایەنەکانی دیکە دەبنە تەرەفی بەهێزو خاوەن دەسەڵات.

بەگوێرەی ئەو هاوکێشەیە، کورد ئەگەر وەکو جارانی رابردوو بە سووکی خۆی تەسلیمی ئەو لایەنە نەکات کە حکومەت دروستدەکات، ئەوا دەتوانێت زۆربەی مەرجەکانی خۆی بسەپێنێت، بە مەرجی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان بەغداو هەرێمو مەرجی وەرگرتنی پۆستو پلەوپایەو پۆستی سەرۆک کۆماریشەوە.

---

لەودیوی ڕووداو



مەم بورهان قانع

## لیستی رەش

«لیستی رەش»، چەندین جۆری هەیەو تارادەیەکی زۆر ئەم چەمکە لەلای بەشێکی هاوڵاتییان نامۆ نییە.

لیستی رەشی ئەو کۆمپانیا گەندەڵانە هەیە، کە گوایە حکومەتی هەرێم لە لیستێکدا ناوی تۆمارکردوون (وەک چۆن پێشتر پارێزگاری سلێمانی، حاڵەتێکی لەمجۆرەی لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ رۆژنامەنووساندا ئاشکراکردبوو)، ئەمەش بۆ ئەوەی جارێکی دیکە لە ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بێبەشبکرێن (لەکاتێکدا ناوی هیچ کۆمپانیایەکی ئەم لیستە رەشانە بۆ رای گشتیی ئاشکرانەکراونو ناشزانرێت کە ئایا بە فیعلیی بێبەشکراون!) لیستی رەشی ئەو کارەکتەرە سیاسییانە هەیە، کە چیتر سیاسییەکانی دیکەو لایەنە رکابەرەکان ئامادەنین لەگەڵیاندا بکەونە دانووستانەوە، یان دەخرێنە لیستی تیرۆرەوە، یان لیستی رەشی ئەوانەی بەوە تۆمەتباردەکرێن دژی ئەزموونەکەمانن!، یاخود لیستی رەشی ئەو نووسەرانە هەیە، کە هەندێک ناوەندو دەزگای راگەیاندن ئامادەنین نەک هەر بابەتو وتارەکانیان بڵاوبکەنەوە، بەڵکو ئەنجامدانی هەر چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسیش لەگەڵیاندا قەدەغەدەکەن.

ئەوەی مەبەستمە لێرەداو سەبارەت بەم لیستە قسەی لەسەر بکەم، لیستی رەشی ئەو کارەکتەرانەیە کە لەلایەن هەندێک دەزگای رۆژنامەنووسییەوە بەئەندامی نێو لیستە رەشەکانیانی دادەنێنو ئەنجامدانی هەر چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەنووسیی لەگەڵیاندا (بۆ ئەوەی لە کەناڵەکەیانەوە دەربکەون)، قەدەغەدەکەن.

لەم رۆژانەداو لەگەڵ سەرقاڵبوونمدابە پێداچوونەوەو هەڵەچنکردنی کتێبی «شەڕە قسە»دا، کە لێکۆڵینەوەیەکی زانستییە بۆ راگەیاندنو سیاسەت لە جیهانی عەرەبیدا. لە بەشێکیدا کە تایبەتە بە کەناڵەکانی راگەیاندنی «الجزيرة»و «العربية»و کایەی سیاسیی لە وڵاتانی ناوچەکەو کاریگەرییان بەسەر ئەم دوو کەناڵەو هەندێک کەناڵی دیکەی ئاسمانییەوە، تیایدا ئاماژە بە لیستێکی رەشی کەناڵی «الجزيرة» کراوە، کە بڕیاردراوە هەرگیز ئەو کارەکتەرە رۆژنامەنووسو چاودێرە سیاسییو بیرمەندانە نەهێنرێنە سەر شاشەی کەناڵەکەو بۆیان نەبێت هیچ بڵێن، کە بیرکردنەوەو روانینیان بۆ دنیای سیاسەتو کایە جیاجیاکان جیاوازە لەگەڵ سیاسەتی میدیای کەناڵەکەدا.

ئەمە هەمان ئەو مەنتیقە نابابەتییەیە کە لەناو میدیای هەر سیستمێکی تۆتالیتێردا بەدیدەکرێت، کە لە دواجاردا بە زیان بۆ میدیاکەو ئەو واقیعە سیاسییەیش دەگەڕێتەوە، کە میدیاکەی لێوە پەخشدەکرێت، یان میدیاکەی تێدا لەدایکدەبێت.

ئەوەی جێی نیگەرانییە، هەمان ئەم حاڵەتەو هەمان ئەم عەقڵیەتە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ میدیادا، لە هەرێمی کوردستانو لەناو دەزگاکانی راگەیاندنی کوردیدا رەنگیداتەوە، بەتایبەتی ئەو میدیایانەی دەسەڵاتەکانی سەرووی خۆیان لە رکابەریدان.

بوونی ئەمجۆرە لیستە رەشانە، نەک هەر میدیاو کارەکتەرانی بواری میدیاو چاودێرانی سیاسیی گرتووەتەوە، بەڵکو گومانمان نییە خودی کارەکتەرە سیاسییو ئیدارییەکانیشی گرتووەتەوەو هەندێکجاریش ئەوە کارەکتەرە سیاسییو ئیدارییو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییو ...کانن، کە هەندێک ناوەندی دیاریکراوی راگەیاندنیان خستووەتە لیستی رەشەوەو ئامادەنین هیچ لێدوانێکی بدەنێ.

بێگومان کاتێک بەرپرسێکی حکومیی کە لە کەرتی گشتیدا کاردەکات، گرتنەبەری هەر هەڵوێستێکی لەمجۆرە (بەخستنە نێو لیستی رەشی دەزگاکانی راگەیاندنەوە)، تەواو ناکۆک دەبێت لەگەڵ بێلایەنیدا لە راپەڕاندنی ئەرکەکانیو خزمەتکردنی هاوڵاتییاندا، وەک چۆن پێدانی زۆرترین زانیارییش بە هاوڵاتییان دەکرێت یەکێک بێت لە بەرپرسیارێتیی هەمووومان، بەڵام ئەو کارەکتەرانەی بۆ خزمەتکردنی گشتیی رانەسپێردراون، گرتنەبەری هەر هەڵوێستێکی لەمجۆرە، دەکرێت بە کاردانەوەیەکی ئاساییو هەندێکجاریش دروست تەماشابکرێن.

نیگەرانییەکە لەوەدایە، بوونی لیستی رەشی دەزگاکانی راگەیاندن لە کوردستاندا، سەرەڕای ئەوەی زیان بە خودی ئەو دەزگایانەی راگەیاندن لە رووی تەڵاقدانی بابەتیبوونەوە دەگەیەنێت، هێندەی دیکەش سپەیسی نێوان حیزبو لایەنە سیاسییە ناکۆکو رکابەرەکان زیاتردەکاتو هەلی پێکەوە کۆکردنەوەی لایەنەکان لەسەر یەک مێزو یەکدەنگییان بەرامبەر بە فشارو رووداوو هەڵوێستە سیاسییەچاوەڕوانکراوەکان، هێندەی تر دەخاتە بەردەم لێکترازانەوەو بە دووریشی دەزانم عەقڵیەتی سیاسییو میدیایی لەم هەرێمەدا گەیشتبێتە ئەو بڕوایەی بەم لیستانەدا بچێتەوە.

## «بۆ مانەوەی بودجەکەیان، چوونە نێو هاوپەیمانییەوە»

# چارەنووسی (١١) پارتی کوردستانیی چی لێدێت؟

ڕاپۆرتی: ڕۆژنامە



کۆبوونەوەی ڕاگەیاندنی لیستی هاوپەیمانی

لەنێو هاوپەیمانێتییەکی سیانزە حیزبیدا، کە (لیستی هاوپەیمانیی)یە، (١١) حیزبیان نەیانتوانیوە یەک کورسی بەدەستبهێنن، بەرپرسانی ئەو حیزبانەش پێیانوایە؛ بەشداریکردنیان لەو هاوپەیمانێتییەدا بڕیارێکی دروست نەبووە، بە وتەی شارەزایانی سیاسیش، ئەو حیزبانە بۆ مانەوەی خۆیان‌و سەرچاوە داراییەکەیان، پەنایان بۆ چوونە نێو هاوپەیمانێتییەکە بردووە.

لە هەڵبژاردنی (٣/٧)ی پەرلەمانی عێراقدا، ئەو حیزبانەی نێو هاوپەیمانیی کوردستان، کە مێژوویەکی گەورەیان هەیە، نەیانتوانیوە تەنیا یەک کورسی بەدەستبهێنن، بەڵکو بە حیزبەکانی (سۆسیالست، زەحمەتکێشان»هەردوو باڵەکەی»، شیوعی، بزووتنەوەی ئیسلامیی) توانیویانە تەنیا (٣٨) هەزارو (٧٥٣) دەنگ بەدەستبهێنن، کە بە هەر چواریان کورسییەک ناکات لەسەرتاسەری عێراق، لەکاتێکدا کۆی خەرجیی چوارساڵی ڕابردووی ئەو حیزبانە، نزیکەی (٦٢) ملیارو (١٦٠) ملیۆن دینار بووە.

نەسروڵڵا سورچی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی زەحمەتکێشان کە بەناوی (زەحمەتکێشانی سەربەخۆ)وە بەشدارییان کردووە، پێیوابوو؛ ئەوان وەک حیزبێکی خاوەن هەڵوێست بڕیاری بەشداربوونیان لەم هەڵبژاردنەدا لەنێو ئەم هاوپەیمانێتییە جێگەی خۆی نەبووەو بڕیارێکی دروست نەبووە، چونکە تەنیا لایەنی دەسەڵات سوودیان لەم هاوپەیمانێتییە وەرگرت، نەک حیزبەکانی دیکە، لە ڕووی مەعنەوییەوە دەوترا (١٣) حیزب‌و لەڕووی دەنگیشەوە، کە (١١) حیزبیان کاندیدیان هەبووەو تاڕادەیەک دەنگیان هێناوەو هەموو دەنگەکان بۆ (٢) حیزب چوون.

بزووتنەوەی ئیسلامیی لە هەر سێ پارێزگاکەی هەرێمدا (٥٦٨١) دەنگی هێناوە، لەگەڵ ئەوەی نارازین لەو هاوپەیمانێتیکردنەیان لەگەڵ (١٢) حیزبی دیکە، بەڵام لەو بڕوایەدان، کە دەبێت ئەنجامەکە قبووڵ بکەن، د.محەمەد بازیانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوە، ئەوەی خستەڕوو، کە ئەوان هەوڵی پێکهێنانی لیستێکی ئیسلامییان دا، بەڵام سەرینەگرت‌و هەڵبژاردەی دووەمیان، کە بەشداریکردن بوو لەو هاوپەیمانێتییەدا قبووڵکردو ئێستاش دەبێت قبووڵی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە بکەن، کە بڕیاریانداوە لەو هاوپەیمانێتییەدا بەبێ مەرج بەشداربن.

شوان قەڵادزەیی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوە، بۆ ڕۆژنامە باسی لەوەکرد، کە بڕیاری بەشداریکردنیان لەگەڵ هاوپەیمانیی کوردستان بە شپرزەیی دراوە، چونکە وەک قەڵادزەیی دەڵێت: «لە سەرەتاوە زیاد لە (١١) سەرکردایەتی لەگەڵ ئەوەبووین نەچینە نێو هاوپەیمانێتییەکەوە، بەڵام کە هاوپەیمانێتییەکە ئیمزاکرا، بە شپرزەیی ئیمزاکراو ئەو دوو ئەندامەی ئێمە چووبوون تا دانووستان بکەن، بەڵام هاوپەیمانێتییەکەیان ئیمزاکردبوو، لە ئەنجومەنی شوراش ڕاکان نیوە بە نیوە بوو، بەڵام دواتر دەنگی ڕابەر یەکلاکەرەوەبوو.

حیزبی زەحمەتکێشان‌و سۆسیالست، لەگەڵ کۆمەڵ‌و یەکگرتوو بەناوی لیستی (خزمەتگوزاریی‌و چاکسازیی) بەشداریی هەڵبژاردنی (٧/٢٥)یان کردو سۆیالیست (٢) کورسی‌و زەحمەتکێشان (١) کورسی بەدەستهێنا.

حیزبی زەحمەتکێشانی سەربەخۆ، لە سێ پارێزگاکەی هەرێمدا (٢٩٨٠) دەنگی هێناوە، حیزبی زەحمەتکێشان لە سێ پارێزگاکەی هەرێمدا (٧٣٩٧) دەنگی هێناوە، حیزبی سۆسیالست (١٠٤٢٠) دەنگی هێناوە، بەڵام بێرون عومەر فەتاح، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی سۆسیالست، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات؛ ئەوان لەسەر هەڵوێستی خۆیان لە کوردستان سوورن‌و ڕەخنە لە دەسەڵات‌و کەموکورتییەکان دەگرن، بەڵام لە بەغدا بۆ مەسەلە نەتەوەییەکان پێویستە کورد یەکدەنگبێت‌و هەروەک هاوڕاشبوون لەسەر بەرنامەی لیستی هاوپەیمانیی، بۆیە چوونەتە ئەم هاوپەیمانێتییەوە.

ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسیی سۆسیالست هۆکاری بەدەستنەهێنانی کورسیشی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی، کە ئێستا خەڵک دابەشبوون بۆ دوو بەرە، دەسەڵات‌و ئۆپۆزسیۆن، لەنێو دەسەڵاتدا دەنگ بۆ یەکێتی‌و پارتی‌و لەنێو ئۆپۆزسیۆنیش دەنگ بە گۆڕان دەدەن

د.بورهان یاسین، لێکۆڵیاری سیاسی پێیوایە؛ هەردوو حیزبی دەسەڵات بەرپرسن لەو شکستەی (١١) حیزبەکەی دیکەی نێو هاوپەیمانیی کوردستان، چونکە لەڕووی داراییەوە وابەستەی خۆیان کردوون‌و بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاریاندەهێنن‌و هەموو مەرجەکانی خۆشیان بەسەردا سەپاندوون، لەلایەکی دیکەشەوە موخاتەبەی هەست‌و نەستیان کردوون‌و هەستی نەتەوەییان لەلا وورووژاندوون، تا گەیشتنە ئەوەی بەشداریی هەڵبژاردنێک بکەن‌و ببنە هاوپەیمانی (١٣) حیزبیی، کە بە قازانجی دوو حیزب‌و زیانی (١١)ی دیکە شکایەوە، کە ئەو حیزبانە خۆشیان بەرپرسن لەو شکستە، چونکە بۆ مانەوەی خۆیان‌و سەرچاوە داراییەکەیان، پەنا بۆ چوونە نێو هاوپەیمانێتییەک دەبەن، کە لە ڕاستیدا گرنگیی‌و بوونی خۆیان لەدەستدەدەن تێیدا.

د.بورهان، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە ئێستا ئەو حیزبانە پێویستە خۆیان یەکلایی بکەنەوە، یان لەگەڵ دەسەڵات بن، یان لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن، چونکە وەک ئەو وتی: «لەدوای (٧/٢٥)و سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆن، مەرجەکانی سیاسەتکردن لە کوردستان گۆڕاوە، کە دەبێت ئەو حیزبانە ئەوە قبووڵبکەن، کە هێدی هێدی لەنێو حیزبەکانی دەسەڵات لەناوبچن، یان پێکەوە یەکبگرن‌و ببنە بەرەی خەڵک‌و وەک ئۆپۆزسیۆن بە سەربەخۆ کاربکەن‌و باوەڕی لایەنگەرەکانیان بەدەستبهێننەوە، چونکە چیتر خەڵک ئەوە قبووڵناکات، کە ئەو حیزبانە دوو ئاراستەیان هەبێت، لەلایەک ئۆپۆزسیۆن‌و لەلایەک دەسەڵات بن».

لەلایەکی دیکەوە، حیزبی شیوعی کوردستانیش، (١٢٠١٥) دەنگی هێناوە، نەیتوانیوە کورسی بەدەستبهێنن، سوبحی مەهدی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی شیوعی، ئەو ڕاستییەی درکاند، کە ئەوان نەیاندەتوانی هەرخۆیان دابەزن‌و بگەنە (٣٠-٤٠) هەزار دەنگ بۆ کورسییەک، بۆیە چوونە ئەو هاوپەیمانێتییەوە، تا نزیکببنەوە لە بەدەستهێنانی ئەو کورسییانە، بەڵام لە ئەنجامی دەنگەکاندا دەکەونە ڕیزبەندی دواتری ئەو کورسییانەی بەدەستهاتووەو نەشتوانراوە پشکیان هەبێت تێیدا، ئەمەش لەکاتێکدایە، کە بودجەی حیزبی شیوعی ساڵانە (٦) ملیارو (٩٦٠) ملیۆن دینارو زەحمەتکێشانی کوردستان (بەهەردوو باڵەکەیەوە) ساڵانە (٤) ملیارو (٨٠٠) ملیۆن دینارە، بەڵام لە مانگی ئازاری ٢٠٠٩وە ئەو پارەیە هەمووی دراوە بەو باڵەی لە قادر عەزیز جیابوونەتەوەو سۆسیالست (٣) ملیارو (٧٠٠) ملیۆن دینارو بزووتنەوە ساڵانە (٨٠) ملیۆن دینار خەرجی وەردەگرن، کە کۆی خەرجی چوارساڵی ڕابردووی ئەم حیزبانە دەکاتە نزیکەی (٦٢) ملیارو (١٦٠) ملیۆن دینار، لە بەرامبەر نزیکەی (٣٨) هەزار دەنگ بە هەموویان لەم هەڵبژاردنە، کە ناکاتە کورسییەک، کە چاودێرانی سیاسیی دەپرسن؛ ئەگەر ئەو پارەیە بۆ کاروباری حیزب خەرجدەکرێت، بۆ نەتوانراوە تەنیا کورسییەک بەدەستبهێنن؟.

نەسروڵڵا سورچی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی زەحمەتکێشان وتی: «نە لایەنگرییان بۆ بەرنامەو نە بۆ هەڵوێستی یەکێتی‌و پارتی واینەکردووە بچنە نێو هاوپەیمانێتییەکەوە، دوای ئەو ئینشیقاقەش، کە کەوتە حیزبەکەیانەوە، دەبوو ئەم ئەنجامەیان لەبەرچاوبێت‌و بەشداریی هەڵبژاردنەکە نەکەین، بەڵام «ئێمە نانبڕاوکراین‌و بودجەمان نییەو جارجار لەلایەن یەکێتی‌و پارتییەوە یارمەتییەکمان پێدەگات، ئەوەش نەدەما ئەگەر لەگەڵیان هاوپەیمان نەبووینایە».

# مانگێکە پەرلەمانی کوردستان کۆنەبووەتەوە

ڕاپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵڵا




نزیکەی مانگێکە پەرلەمانی کوردستان گفتوگۆی لەسەر پڕۆژەیاسای بودجەی ساڵی (٢٠١٠)ی هەرێمی کوردستان نەکردووەو هاوکات ئەندامانی پەرلەمان کۆنەبوونەوەی پەرلەمان لەو ماوەیەدا بە کەمتەرخەمیی سەرۆکایەتی پەرلەمان وەسفدەکەن، هەروەک بە بۆچوونی پەرلەمانتارێک ململانێی نێوان یەکێتی‌و پارتی هۆکاری دواخستنی دانیشتنی پەرلەمانە.

ڕۆژی (٣/٢) لە دانیشتنی ژمارە (٩)ی نائاسایی لەساڵی یەکەمی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستاندا، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بڕیاریدا دانیشتنەکانی پەرلەمان بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بودجە بۆ دوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دوابخات، بەڵام دوای کۆتاییهاتنی هەڵبژاردن‌و پشووەکانی مانگی ئازار، تائێستا پەرلەمان کۆنەبووەتەوە.

ئەحمەد سلێمان، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: هەرچەند بڕیاربوو دوای کۆتاییهاتنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق گفتوگۆکانی بودجەی هەرێم دەستپێبکاتەوە، بەڵام ماوەی مانگێکە گفتوگۆ لەسەر بودجە نەکراوە.

پەرلەمانی کوردستان لە (١/١ تا ٣/١) لە پشوودابوو، لەگەڵ ئەوەشدا لەو ماوەیەدا (٩) دانیشتنی نائاسایی بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پڕۆژەیاسای بودجەی ساڵی (٢٠١٠)ی هەرێمی کوردستان سازکردوو (١٦) مادە لە پڕۆژەیاساکە پەسەندکرا، دوای کۆتاییهاتنی پشووەکەی، تائێستا پەرلەمان تەنیا یەک دانیشتنی بۆ قسەکردن لەسەر بودجە سازکردووەو ئەوەش سەرۆکایەتی پەرلەمانی ڕووبەڕووی ڕەخنە کردووەتەوە.

بە بڕوای کاردۆ محەمەد، ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان لەکاتی پشووی خۆیدا چەند دانیشتنێکی نائاسایی بۆ بودجە سازکرد، بەڵام نزیکەی (٢٠) ڕۆژە پشووی پەرلەمان کۆتاییهاتووە، کەچی کۆبوونەوە ناکرێت، وتیشی: «کۆنەبوونەوەی پەرلەمان لەسەر بودجە بۆ کەمتەرخەمیی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەگەڕێتەوە، چونکە هیچ پاساوێکی دروست نییە بۆ دواخستنی دانیشتنەکان».

هەروەک ئەحمەد سلێمان، دەڵێت: «هەرچەند سەرۆکایەتی پەرلەمان کەمتەرخەمە لەو دواکەوتنە، بەڵام بە بۆچوونی من هۆکاری دواخستنی دانیشتنەکانی پەرلەمان لەسەر بودجە بۆ بوونی گرفت‌و ململانێی نێوان یەکێتی‌و پارتی دەگەڕێتەوەو پەیوەندیی بە دەرەوەی پەرلەمانەوە هەیە».

لەلایەکی دیکەوە دلێر مەحمود، ئەندامی پەرلەمان لە فراکسیۆنی کوردستانی، بەپێویستی دەزانێت، پەرلەمانی کوردستان دەستبکاتەوە بە گفتوگۆکردن لەسەر بودجەو لەوە زیاتر دانیشتنەکان دوانەخرێت، چونکە دەبێتە هۆکاری دواخستنی ئەنجامدانی پڕۆژەکانی هەرێم.

ئەوەیشی نەشاردەوە، کە بۆچوونی جیاواز لەنێوان ئەندامانی فراکسیۆنی کوردستانیدا لەسەر پڕۆژەکە هەیە.

لەگەڵ ئەوەی لە دانیشتنەکانی پێشووی پەرلەماندا پێشنیازی گەڕاندنەوەی پڕۆژەیاسای بودجە بۆ حکومەت، کە هەر سێ فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆن ( گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ) پێشکەشیانکردبوو ڕەتکرایەوە، بەڵام تائێستاش ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمان سوورە لەسەر گەڕاندنەوەی پڕۆژەیاساکە بۆ حکومەت.

کاردۆ محەمەد، وتی: «ئێمە لە فراکسیۆنی گۆڕان سوورین لەسەر گەڕاندنەوەی پڕۆژەیاساکە بۆ حکومەت، چونکە کۆمەڵێک هەڵەو کەموکورتی زۆری تێدایە، کە پێویستە حکومەت چارەسەریان بکات.

هەروەک ئەحمەد سلێمان، ئەوە دەخاتەڕوو، بودجەکە بەشێوەیەکی نازانستیی ئامادەکراوەو کەموکورتی زۆری تێدایە، هەروەها لەناو هۆڵی پەرلەماندا ناتوانرێت جارێکی دیکە بەشێوەیەکی زانستیی ئامادەبکرێت، بۆیە دەمانەوێت بگەڕێنرێتەوە بۆ حکومەت، هەرچەند پێشنیازەکە ڕەتکرایەوە، بەڵام تائێستاش سوورین لەسەر گەڕاندنەوەی بودجەکە بۆ حکومەت.

# * پارتی پێویستی بە چاکسازیی‌و نوێبوونەوە هەیە

# ـــە نەمدەهێشت نانی خەڵک ببڕدرێت

**فاکتەرێکی گرنگە بۆ زیاتر بەدەستهێنانی مافو رووبەڕووبوونەوەی بەغدا؟**

* ئەمە شتێکی ئەساسییەو دەبێت وابین کە پێموایە، سیاسەتی سەرۆکی هەرێم ئەوەیە کە زۆرجار تەئکیدیشی لەسەرکردووەتەوە کە دەبێت دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان دامەزراوەی حکومیی‌و دەوڵەتیی بن. ئەگەر بمانەوێت بەجدیی ئیحترامی خۆمان هەبێت لە ناوخۆو بەغداو دەرەوە، دەبێت هەوڵی جدیی بدەین بۆ ئەوەی دامەزراوەمان هەبێت لەکوردستان‌و هەتاوەکو ئەوەش نەکەین، ناتوانین وەک پێویست جێگەی رێزبین لەبەغداو لە دەرەوەش بەچاوێکی قورس سەیرمان ناکرێت.

**رۆژنـامـە: هـەر سـەبـارەت بـەو بـوارە رێکنەخستنی هێزە چەکدارەکانی پێشمەرگەو ئاسایش، لەژێر رکێفی حکومەت‌و بوونیان لەژێر دەسەڵاتی حیزبدا، چەند زیان بە ئەزموونی هەرێم دەگەیەنێت؟**

* زەرەرێکی ئێجگار زۆر لەهەرێمی کورددستان دەدات‌و پێشتریش ئەم قسەیەم کـردووە کە بەداخەوە نەمانتوانیوە هێزی پێشمەرگەو ئاسایش لەهەرێم یەکبخەین، یەکەم هەنگاوی ئێمە کە ئەگەر بمانەوێت دامەزراوەی حکومیی‌و دەوڵەتیی دەستپێبکەین ئەوەیە، کە دەبێت هێزی چەکدار هێزی چەکداری حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت‌و سەر بەهیچ لایەنێکی سیاسیی نەبێت، هەروەها ئاسایشیش بەهەمانشێوە، تا ئێستا ئەمە نەکراوە، بەڵام هەنگاوی جدیی هەیە لەم رووەوەو جێگەی دڵخۆشییە، ئێمەش چاوەڕێی ئەوە دەکەین کە بزانین یەکیدەخەن‌و رێکیدەخەن، یان نا، ئەگەر نەیانکرد دایم‌و بەردەوام رەخنە دەگرین‌و قسەدەکەین.

**رۆژنـامـە: مەسەلەی لایەنی دارایـی‌و بودجە، رەکیزەیەکی گرنگن بەنیسبەت خەڵکی کوردستانەوە ئایا تاکەی هەرێم هەر چاوڕێی رەحمەتی بودجەو (سلفە)ی ساڵانەی بەغدا بێت بۆئەوەی بیژیەنێت. ئایا ئەم مەسەلەیە بۆ ئایندە مەترسی نییە لە ئەگەری تێکچوونی پەیوەندیی هەرێم بە ناوەندەوە؟ ئایا ناکرێت لەقۆناغی داهاتوودا پشت بە باری ئابووریی خۆمان ببەستین؟**

* لە راستیدا، ئەگەر بەتەواوەتی نیزامی فیدراڵی لەعێراق جێگیر ببێت، دەبێت ئەوەی ساڵانە وەریدەگرین، سلفە بێت. ناکرێت ئەمە بودجە بێت‌و لەبەغداوە بۆمان بێت، بەپێچەوانەوە، ئێستا چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ هەر پارێزگایەکی عێراق دەکـەن، ئاواش لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەیکەن، کە لە راستیدا ئەوە مەرفوزە لە رووی سیستمی فیدراڵی‌و لەدنیادا شتی وانییە، دەبێت ئەمە سلفە بێت، بەڵام وا نییە، ئەمەی حکومەتی هەرێم وەریـدەگـرێـت، سلفە نییە. ئێستا حکومەتی هەرێم کە میزانییە وەردەگرێت، تا حیساباتی خیتامی میزانییە نەباتە بەغداو هەموو شتێکی بۆ روونکاتەوە، بەغدا بودجەی بۆ نانێرێت. دووەم، بە راستی ئێمە کە باسی کێشەکان دەکەین‌و دەڵێین دەبێت بەشێوەیەکی رێکوپێک لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکرێن، یەکێک لەکێشەکان مەسەلەی داهاتە. سەبارەت بەئێمە، وەکو هەرێمی کوردستان، گرنگترین یاسا، یاسای دابەشکردنی چۆنێتیی دابەشکردنی داهاتە، ئێمە چاومان لەدەستی بەغدا نییەو شەریکین، بەڵام ئەو هەڵسوکەوتەی بەغدا لەگەڵ ئێمە دەیکات، بەشێوەیەکە کە دەڵێی بچین بۆلایان سواڵیان لێبکەین، ئێمە شەریکین لەو داهاتەو داهاتی میللەتی کوردە.

**رۆژنامە: لە ئەگەری تێکچوونی پەیوەندیی هەرێم‌و بەغدادا، مەترسیی بڕینی ئەو بودجەیە ناکرێت؟ بۆلە ئەزموونی حوکمڕانیی خۆماندا، نەمانتوانیوە ئابوورییەکی بەهێز بۆ هەرێم دەستەبەر بکەین، لە کاتێکدا ساڵی پار، وەزیرێکی عێراقی وتی «حکومەتی عێراقی خاوەنی زیاتر لە (٤٠)ملیار دۆلار پاشەکەوتە»؟**

* بە بۆچوونی من، ئەساسی حوکمڕانی لەکوردستاندا بە دروستیی لەو کاتەوەیە کە بودجەت هەبووە، ئەویش لەساڵی ٢٠٠٤ەوە دەستیپێکردووە، پێش ئەوە بارودۆخێکی دیکە هەبوو. ئەو بودجەیەی کە لەبەغداوە بۆ هەرێمی کوردستان دێت، زۆر سنووردارە، بۆ وڵاتێکی وێرانی وەکو ئێمە ناتوانێت وا بە خێرایی ئاوەدانی بکەیتەوە، پێموایە، زۆر دەخایەنێت. بۆ مەسەلەی نەدانی بودجە بەهەرێم لە بەغدا، ئەگەر کار گەیشتە ئەوە، مانای مانەوەی ئێمە لە عێراقدا، چ مانایەکی دەمێنێت‌و نابێت بەغدا هیچ کاتێک حەق بەخۆی بدات بە هەڕەشەوە قسە لەگەڵ ئێمە بکات‌و بڵێت بودجەکەتان دەبڕین، ئەگەر بەمشێوەیە قسە لەگەڵ ئێمە کرا، ئەوا ئێمەش کارتی بەهێزمان هەیەو بەکاریدەهێنین کە پێت وا نەبێت دەستەوەستان دادەنیشین.

**رۆژنامە: لە کوردستان، زۆرکات شانازیی بە فرەیی سیاسیی‌و ئـازادیـی بیروڕاوە دەکرێت، بەڵام سەدان کەس لەسەر بیروڕای جیاواز نانیان براوە، ئێوە چۆن لە مەسەلەی نانبڕاوەکان دەڕوانن؟**

* بەلای ئێمەوە، ئەمە مەسەلەیەکی زۆر جدییە، بەتایبەتی ئەوەی کە نانبڕینی خەڵکە، لەحەقیقەتدا ئەمانە دوو بەشن؛ بەشێکیان لەوانەن کە ئەندامی حیزبن‌و لەناو ئۆرگانەکانی یەکێتیدان کە پێمانوایە، ناتوانین رەخنە لە یەکێتی بگرین بەوپێیەی مەسەلەیەکی ناوخۆیی حیزبییە، بەڵام ئەوانەی کە لەسلکی حکومیدان، پۆلیسن، یان ئاسایشن‌و یان لە دەزگاکانی دیکەدان، بە بۆچوونی ئێمە، ئەمە کارێکی ئێجگار زۆر ناڕەوایە، بەتایبەتی نانبڕین‌و بڕینی قوتی رۆژانەی ماڵ‌و منداڵ، کە شتێکە نابێت لە هەرێمی کوردستان رووبدات‌و پێویستە چارەسەرێکی جدیی بۆ بکرێت. ئەوەی من دەیزانم، هەتا ئێستا جەنابی سەرۆکی هەرێم لیژنەی بۆ دروستکردووەو ئەم لیژنەیەش بەدواداچوونێکی باشی کردووە بۆ ئەم مەلەفەو خۆی بەدواداچوونی بۆ دەکات. دەمەوێت بڵێم، شەخسی جەنابی سەرۆکی هەرێم زۆر جدییە کە دەیەوێت مەسەلەی نانبڕاوەکان چارەسەر بکرێت‌و چارەسەریش بەوشێوەیە دەبێت کە نەک بۆ لەمەودوا، بەڵکو ئەوەی کە لەپێشتریش‌و لەو رۆژەوەی کە نانیانبڕاوەو تائێستا، دەبێت هەموو مووچەو مافی خۆیان هەرچییان هەیە وەریبگرنەوە، راستە تا ئێستا زۆر بە تەحەمولەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم مەلەفە کـراوە، بەڵام لەو بـاوەڕەدام، زوو یان درەنگ ئەم کێشەیە چارەسەر دەکرێت‌و دەبێت حەقی ئەو نانبڕاوانە بدرێتەوە. من پێشتریش وتوومە، ئەو گۆڕانکارییەی کە روویداوە، دەبێت بە سرووشتی وەریبگرین، ئەم هێزە هێزێکە لەناو پەرلەمانی کوردستاندا وجـودی هەیەو خاوەنی (٢٥)کورسییەو لەناو پەرلەمانی عێراقیش (٨)کورسی هەیە، ئێمە داوای یەکهەڵوێستی بۆ بەغدا دەکەین، بەڵام ناکرێت ئەو داوایە بۆ بەغدا بکەین، لەهەمانکاتیشدا لەهەرێمدا گوێبیستی ئەوە بین، نانی خەڵکانێک دەبڕدرێت، لەبەرئەوەی دەنگیان بەلایەنێک داوە، ئەمە قابیلی قبوولکردن نییە.

**رۆژنامە: بەڵام نانبڕاوەکان ئومێدیان زۆر لاوازبووە بە سەرۆکایەتی هەرێم، کە چەند مانگێکە هەنگاوی بەرجەستە نەبینراوە؟، ئایا لەم مەسەلەیدا جەنابی سەرۆکی هەرێم، خاتری لایەنی یەکێتی ناگرێت؟**

* بەپێچەوانەوە، سرووشتی ئیشکردن جیاوازە، ئەم مەسەلەیە شتێک نییە کە زۆر پێویست بکات هەنگاوەکانی چارەسەرکردنی لە راگەیاندن باسبکرێن، بۆیە من زۆر ئاگادارم کە جدییەتێکی زۆر باش هەیەو ئەم کێشەیە چـارەسـەر دەکـرێـت‌و جەنابی سەرۆکی هەرێم، مەبەستی ئەوە نییە کە پشتی لایەنێک بگرێت دژی لایەنێکی دیکە، بەڵکو دەیەوێت کێشەکە چارەسەر بکات، ئەو کەسەشی کە دەیەوێت کێشەکە چارەسەر بکات، دەبێت تۆزێک بەهێمنی‌و لەسەرخۆ چارەسەری بکات. گرنگ ئەوەیە کە من زۆر تەئکیدی لێدەکەمەوە کە مەسولیەتی ئەسڵی ئەم مەسەلەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەرۆکی هەرێم، ئێستا ئەو سەرۆکی هەرێمی کوردستانەو لەسەدا حەفتای دەنگی ئەم هەرێمە بۆ ئەو چووەو شەرعیەتی بڕیاردان بەدەست ئەوە، شەخسی سەرۆکی هەرێم زۆر جدییە کە دەیەوێت کێشەی نانبڕین چارەسەربکات.

**رۆژنامە: کە قسە لەسەر نانبڕاوەکان دەکەیت، هەست دەکەم کە هەستێکی مرۆڤانەی غەمبارانەت لادروستبووە حەزدەکەم ئەو پرسیارەت لێبکەم، ئایا ئەگەر تۆ وەک جاران سـەرۆک وەزیـران بوویتایە، رێگەت دەدا لایەنێک نانی خەڵک ببڕێت‌و ئیجرائاتی نائوسوڵی ئیداریی بەرامبەر کارمەندانی وەزارەتی ناوخۆو پەروەردە بکات؟**

* بەخوا ئەگەر ئێستا سەرۆکی حکومەت بوومایەو بەکردەوە ئیسپات بووایە کە نانی خەڵک بـراوە، بەهەر جۆرێک بووایە بودجەکەم بۆیان دابیندەکردەوەو پارەکەشم دەدا، چونکە ئەمە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە لە رووی ئینسانییەوە. گەورەترین کێشە کە کاتی خۆی جەنابی مام جەلال‌و کاک مەسعود لەگەڵ برێمەر هەیان بـوو، ئەوەبوو کە داوایان لێدەکرد، نانی سوپای عێراقی نەبڕن، دەریانبکەن چییان بەسەر دێنن، بەڵام نانیان مەبڕن، ئەوە جەنابی مام جەلال‌و جەنابی کاک مەسعود هەردووکیان ئاوا بەرگرییان لە قوتی منداڵی عێراقی کردووەو دڵنیام لەوەی چارەسـەر دەبێت. جگە لەوەش، دەبێت مافی پێشوویان، هەمووی بدرێتەوە.

**رۆژنامە: ئایا لە هەرێمی کوردستان واقیعی دوو ئیدارەیی ماوە؟**

* بەڵێ ماوەو ئێستاش دوو ئیدارەیی ماوەو هەیە، بەڵام هەنگاو هەیە بۆ ئەوەی ئەو دوو ئیدارەییە نەمێنێت.

**رۆژنـامـە: بۆچوونتان لەسەر ئەدای ئەم خولەی پەرلەمانی کوردستان‌و ئەدای ئۆپۆزسیۆن چۆنە؟**

* پێمباشە کە دەنگی ئۆپۆزسیۆن دەبیسترێت‌و رەخنەیان هەیە پێموایە، شێوەی ئیشکردنیان لە پەرلەمانی کوردستان شێوەیەکی زۆر رێکوپێکەو هەر واشدەکرێت، گرنگ ئەوەیە کە ئەو ئیشەی ئەو برادەرانەی ئۆپۆزسیۆن لەناو پەرلەمان دەیکەن بۆ تێکدانی هەموو پرۆسەکە نییە، بەپێچەوانەوە، رەخنەکانیان بەڵێ توندە، هەندێکجار زۆریش توندە، بەڵام رووخێنەر نییەو دەیانەوێت سیستەمەکە رێکوپێک بکەن. من پێموایە، مادەم ئامانجیان ئەوەیە کە دەیانەوێت سیستەمەکە رێکوپێک بکەن، دەبێت هەموو لایەکمان پێمان خۆشبێت‌و پشتگیرییان بکەین. ئەم بۆچوونەی ئێمە، هەڵەیە کە پێمانوایە، هەموو شتەکانی ئێمە کە دەیکەین راستەو هیچ هەڵەمان نییە.

من پێموایە، ئـەوە دیاردەیەکی زۆر تەندروستە کە ئۆپۆزسیۆنێکمان هەبێت بۆ ئەوەی چاودێریی دەسەڵات بکات لەو کارانەی کە دەیکات، هەربۆیە ئەزموونی ئەو چەند مانگەی برادەرانی ئۆپۆزسیۆن لەناو پەرلەماندا، ئەزموونێکی سەرکەوتوو بووە، چوارچێوەی ئەو ئەزموونە بە ئێمە ناڵێت کە ئەمانە دەڵێن هەموو شتێک هەر خراپ‌و هەموو شتێک هەر رەشە، نا وانییە، نەخێر رەخنەیان هەیە، بەڵام هەموو شتێک رەش نییە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا هەموو شتێکیش سپی نییە. هەتا بەمشێوەیە رەفتاربکرێت، چ لایەنی ئۆپۆزسیۆن لەپەرلەمان‌و چ میدیا بەهەستکردن بە بەرپرسیارێتییەوە رەفتاربکات، بە بۆچوونی من، ئەمانە هەمووی دەبن بەهۆکاری پێشکەوتنی رۆژبەڕۆژی هەرێمی کوردستان لە هەموو روویەکەوە.

**رۆژنامە: دوا تەوەرمان لەسەر کۆنگرەی (١٣)ی پارتییە، ئایا وەک پێشتر راگەیەندرابوو، پارتی ئەمساڵ کۆنگرە دەبەستێت؟**

* بەنیازە، بەنیازەو جدییە لەوەی کە دەبێت ئەمساڵ کۆنگرە ببەستێت.

**رۆژنامە: بەنیازن چ گۆڕانکارییەک لە حیزبدا بکەن، لەکاتێکدا گۆڕانکاریی لە وەزعی کوردستان‌و عێراقدا روویداوە، ئایا چۆن ئەو هەموو گۆڕانکارییانە ئیحتیوا دەکەن‌و خۆتانی لەگەڵ دەگونجێنن؟**

* پێشتر باسی ئـەوە دەکـرا کە ئێمە بەنیازین هەندێک چاکسازیی بکەین‌و هەندێک لە رۆژنامەکان وا باسیان دەکرد کە ئێمە بەتەمای ئینقیلاب‌و کودەتاین، شتی وانییە، چاکسازیی لەناو هەر حیزبێکدا پێویستەو دەبێت خۆی نوێبکاتەوە، بەپێی ئەو بارودۆخەی کە بۆی دێتە پێش. پارتیش وەکو هەر حیزبێک، پێویستی بە خۆنوێکردنەوە هەیە، قۆناغ گۆڕاوە(قۆناغی ئیشکردن)، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە کەسێک لە پارتی دەیەوێت ئەم کارە بکات‌و بەشێک هەبن دژی ئەم کارەبن، ئەم رایە لە سەرۆکی پارتییەوە هەتا دەگاتە سەرکردایەتی پارتی، هەموو یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە کە دەبێت خوێنێکی دیکە بدەین بەپارتی‌و دەبێت خۆمان نوێبکەینەوە بەپێی ئەو زروفـەی کە ئێستا لەناو کوردستاندا هاتووەتە پێش‌و پارتیش لەم چوارچێوەیەدا، لەم ماوەیەدا خەریکی دیراسەکردنی ئەو ئیشانەیەو خـۆی ئامادە دەکـات بۆ ئەو جۆرە گۆڕانکارییانە لەناو کۆنگرەدا، واتە مەسەلە ئەوە نییە کە گۆڕینی ئەم شەخس، یان ئەو شەخس بێت، پارتی پێویستی بە خۆنوێکردنەوە هەیە بۆ ئـەوەی بتوانێت خۆی بگونجێنێت لەگەڵ زروفی داهاتوودا، مەسەلەکە بەس ئەمەیەو لەم چوارچێوەیەشدا خۆی ئامادە دەکات‌و هەموو سەرکردایەتی پارتی بەتێکڕای هەموویان، کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئێمە دەبێت هەوڵبدەین خۆمان نوێبکەینەوەو ئامادەبکەین، نەک خۆمان بگۆڕین، واتە دەبێت خۆمان ئامادە بکەین بەپێی ئەو هەلومەرجەی کە دێتە پێش، بە نموونە، مەنهەج‌و نیزامی پارتیش هەتا ئێستا هی ئەوکاتەیە کە خەباتی نهێنی کردووە، بۆ ئەمە گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

پاشان سیستم لەکوردستاندا گۆڕاوەو دەبێت ستراکچەری ئەم حیزبە وا ئامادە بکەیت، بۆ هەر هەڵبژاردنێک خۆی ئامادە بکات، دەبێت پارتیش بەپێی ئەم زروفە، بەپێی ئەم هەلومەرجەی هاتووەتە پێش، دەبێت ستراکچەری حیزبەکەی خۆی ئامادە بکات بۆ ئەم ئامانجەو ئەم قابیلیەتە لەناو پارتیدا هەیە. یەعنی ستراکچەری حیزبەکە دەبێت وا پایەڕێزی بکرێت تۆ هەڵبژاردنت بەدەستەوەیە جاران خۆت بوویت‌و حوکمت دەکردو لەشاخ‌و زۆر فەرقی هەبوو لەوەی کە ئەمرۆکە دەنگدانەکە سندوقی دەنگە بڕیار دەدات، شتی دیکە نییە دەبێت.

**رۆژنامە: بۆ ئەوەندە تەرکیز لەسەر هەڵبژاردن دەکەیتەوە؟**

* ئێستا مۆدێلی کوردستان وای لێهاتووە کە هەمووی بووەتە دەنگدان، ئێستا بڕیار لەسەر سندووقی دەنگدانە، لەبەرئەوە دەبێت خۆمان بگونجێنین لەگەڵ ئەو هەلومەرجانەی کە هاتوونەتە پێش، مادەم ئەمەیە، دەبێت خۆمان بگونجێنین‌و ئەم زەمینەیە زۆر لەبارە لەناو پارتیدا، سەیری ئەم هەڵبژاردنانەی ئێستا بکە، کورسییەکان سەیر بکە، واتە ئەوەی پارتی هێناویەتی شتێکی کەم نییە، بەڵام پارتی بواری هەیە زۆر لەمەش باشتر بێت، من زۆر زۆر بەداخم بۆ پارتی، چۆن دەبێت بەو شێوەیە بێت لە سلێمانی؟! حەیفە، زۆر زەمینە هەیە لەسلێمانی، چۆن دەبێت لە سلێمانی بەو شێوە بێت، ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئێمە خەڵکمان نییە لە سلێمانی، هەڵەیەک هەیە لە شێوازی ئیشکردنی ئێمە لە سلێمانی، یان لە کەرکوک، ئەمە مومکین نییە، واتە موستەحیلە ئێمە بتوانین هەر بەم شێوەیە بەردەوامبین، دەبێت ئێمە دەست لەسەر ئەم خاڵە لاوازانە دابنێین‌و بەجورئەتەوە دەستی لەسەر دابنێین‌و چارەسەریان بکەین‌و ئەو چارەسەرەش دەبێت چارەسەرێکی وابێت کە خوێنێکی تازە بداتەوە بە پارتی بۆ پێشکەوتنی زیاتر. من هەر خـۆم، هەر بەتەبیعەتیش پەنجام هی ئەوبەرەو دایکم خەڵکی سلێمانییە، ئێ عاجز دەبم‌و پێمخۆشە لە فیفتیەکەشم، هەر لەبەر فیفتییەکەی خۆشم بێت، زۆرم پێ ناخۆشە کە پارتی وەزعی خراپ بێت لەناو سلێمانی (بەپێکەنینەوە).

**رۆژنامە: باس لەوە دەکرێت کە بەڕێزتان سەرپەشتی ئەو پرۆسەی ریفۆرم‌و چاکسازییەی ناو پارتی دەکەن؟**

* مەسەلەی خۆنوێکردنەوە، رای هەموو سەرکردایەتی پارتییە، سەرۆکی پارتی، ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پارتی، کۆمیتەی ناوەندیی پارتی، هەموومان یەکدەنگین لەسەر ئەم مەسەلەیە، بەڵێ، مەسئولیەتەکە وا پیشاندەدرێت کە من سەرپەرشتی ئەو ئیشە بکەم‌و بەفەخرەوە دەیکەم، بەڵام هەموومان ئەم بۆچوونەمان هەیە.

**رۆژنامە: بێگومان لەهەر پرۆسەیەکی چاکسازیی‌و خۆنوێکردنەوەدا، هەندێک خەڵک هەن کە بەرژەوەندییان دەکەوێتە مەترسییەوە، ئایا ئاستەنگ لەبەردەمتدا هەیە؟**

* ئەو کەسەی کە بیەوێت بەمەفهومی ئێوە گۆڕان دروست بکات(بەپێکەنینەوە)، زۆر ئاساییە تووشی ئاستەنگیش دەبێت، واتە خۆی ئەمە شتێکە کە مرۆڤ خۆی فێری نەمەتێک بووە لەژیانداو زۆر پێیخۆش نییە هەموو جار هەر بگۆڕێت، دەڵێت با هەروا بێت، بەڵام ئەگەر تۆ توانیت هەندێک گۆڕان بکەیت، ئەمە مانای ئەوەیە تۆ بەجدیی زیندوویت، واتە پارتی جەریئە لەوەی کە دەڵێت، ئێمە پێویستیمان بە چاکسازیی هەیە، ئەمە گرنگە کە حیزبێک دوای پەنجا شەست ساڵ بتوانێت ئەم قسەیە بکات، ئێمە پێویستمان بە گۆڕانکاریی هەیە، بێشک دەمەوێت شتێکیش بڵێم، زۆرجار باس لە جیلی کۆن‌و جیلی نوێ دەکرێت، بەپێچەوانەوە، ئێمە پرەنسیپێکی ئەخلاقیمان هەیە لەناو پارتی، گەنجیش بین‌و ئیشیش بکەین، بەڵام ئەو پرەنسیپە ئەخلاقییەی کە دەبێت هەمیشە پابەندبین بەنیسبەت ئەو کەسانەی کە زەحمەتیان کێشاوە لەم حیزبەدا، ئێمە هەمیشە پابەندبوونی ئەو پابەندە ئەخلاقییەمان هەر هەبووە پێشترو دەشمێنێت تا کۆتایی.

**رۆژنامە: لەمیدیاکان وابلاوکرایەوە ئەو پۆستەی بەڕێز بارزانی بۆی دانابوویت (جێگری سەرۆک) رەتتکردووەتەوە بۆچی؟**

* من بەپێی بڕیارێکی جەنابی سەرۆکی پارتی ئەو دەسەڵاتەم پێدراوە کە جێگری سەرۆکی پارتی بم، بەڵام ئەو پرەنسیپە ئەخلاقییەو سەوابتی ئەخلاقی ئێمە وامان لێدەکات کە بە نیسبەت کاک عەلی عەبدوڵڵاوە، ئێمە بەشێوەیەکی دیکە تەعامول لەگەڵ ئەم مەسەلەیە بکەین، کە پیریش بووە تەمەنی پتر لە هەشتا ساڵیشەو دانیشتووە، بەڵام بەنیسبەت ئێمەوە نەوەی کۆن مانای ئەوە نییە کە ئیشیان تەواو بووەو خەلاس، نەخێر، بەپێچەوانەوە ئێمە دەمانەوێت بەهەموو هێزێک لە ئەزموونی ئەو کەسانەی کە خەباتیان کـردووەو خزمەتیان کـردووەو ئێمەیان گەیاندووەتە ئەم رۆژە، فێرببین.

**رۆژنامە: مەسەلەکە هێشتا روون نییە، ئایا پۆستەکە رەتدەکەیتەوە یان کاری پێدەکەیت؟**

* رەتکردنەوە نییە، شەرەفێکی گەورەیە بەنیسبەت منەوە کە بتوانم ئەو کارە بکەم، بەڵام ئەو پرەنسیپە ئەخلاقییەیە کە هەتا کۆنگرە نامەوێت بەکاریبهێنم لەبەر کاک عەلی عەبدوڵڵا.

**رۆژنامە: کەواتە ئێستا سەڵاحیەتەکانی جێگری سەرۆکی پارتیت هەیە؟**

* هەموو سەڵاحیاتم هەیە، بەڵام ئەم تایتڵە، ئەم ناوە هەتا کاتی کۆنگرە بەکارناهێنم، تەنیا لەبەر کاک عەلی، چونکە کاک عەلی عەبدوڵڵا بەنیسبەت ئێمەوە رەمزی خەبات‌و خزمەت‌و ماندووبوونەو هەتا کاک عەلی بمێنێت، ئەو پرەنسیپە ئەخلاقییە بۆ کاک عەلی هەر دەمێنێتەوە، هەتا کۆنگرە، بەڵێ، پیر بووە، راستە ئێستا لەکۆبوونەوەکان بەشداریی ناکات‌و لەماڵەوەیە، بەڵام بەهەرحاڵ کاک عەلی عەبدوڵڵا ئەو کەسەیە کە بەنیسبەت ئێمەوە خەباتی کـردووەو ماندووبووە، خزمەتێکی زۆری ئەم حیزبەی کردووە، ئەو پرەنسیپە ئەخلاقییە وا دەکات کە ئێمە هەتا کۆنگرە هەر بەمشێوەیە بەردەوام بین.

## سەرۆکی هەرێم بەرپرسی یەکەمە لە کێشەی نانبڕاوەکان

# نێچیرڤان بارزانی: ئۆپۆزسیۆن دەیەوێت سیستەمەکە باش بکات

# ئەگەر سەرۆکی حکومەت بوومایە

سازدانی: سیروان ڕەشید

**نێچیرڤان بارزانی (٤٤)ساڵ، ئێستا ئەولەویەتی کارەکانی سەرپەرشتیکردنی پرۆسەی ریفۆرمو گۆڕانکارییە لەناو پارتیداو دەیەوێت ستراکچەرو عەقڵی حیزبەکەی بگۆڕێت، بەڵام ئەو پرۆسەیە بۆ نێچیرڤان ئێجگار سەختە، چونکە وەک خۆی دەڵێت: «ئەو کەسەی کە بیەوێت نوێبوونەوەو گۆڕانکاریی بکات، تووشی ئاستەنگیش دەبێت، ئێمە بەتەمای کودەتا نین، چاکسازیی لەناو هەموو حیزبێکدا پێویستە».**

**بۆ هەر چاودێرێکی سیاسیی، ئەگەر بیەوێت هەڵسەنگاندن بۆ سەرکردایەتیی سیاسیی پارتی بکات، دەبێت نێچیرڤان بارزانی جیابکاتەوە چونکە ئێستا نێچیرڤان، سیاسییەکی کراوەترو خاوەنی عەقڵێکی پراگماتیانەیە.**

**چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانیی لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی زۆر ئاسان نییە. دوای نزیکەی چەند ڕۆژێک لە داواکاریی بۆ ئەنجامدانی ئەم چاوپێکەوتنە، سەرەنجام هەینی رابردوو، ئەم دیمانەیە لەماڵەکەی خۆی لەشاری هەولێر ئەنجامدرا. محەمەد خۆشناوی سکرتێری ڕۆژنامەوانییەکەی وتی: «لەم ماوەیەدا، دەیان میدیای ناوخۆییو جیهانیی داوای چاوپێکەوتنیان لە نێچیرڤان بارزانی کردووە، بەڵام ئامادەیی دەرنەبڕیوەو تەنیا داواکەی ئێوەی پەسەندکرد».**

**نرخاندنی ستایلی هێڵی کارکردنو زمانی ڕەخنەیی ڕۆژنامە، لەلایەن بەڕێز نێچیرڤان بارزانییەوە بۆ ئێمە جێگەی خۆشحاڵییە، کە پێموایە، یەکێک بوو لە فاکتەرەکانی ئەم چاوپێکەوتنە.**



**ڕۆژنامە: کە هاتم بۆ ئەم چاوپێکەوتنە، شۆفێری تەکسییەکە پێیوتم، «کاک نێچیرڤان دوای ئەوەی حکومەتی بەجێهێشت خەریکی چییە؟»، ئایا ئێستا جەنابتان سەرقاڵی چین؟**

* زۆر سوپاس بەخێربێن. ڕێزم بۆ ئەو برایە هەیە کە شۆفێری تەکسییەو پرسیاری لەسەرم کردووە، لە ڕاستیدا ئەوەی کە ئێستا زۆر پێوەی سەرقاڵین، خەریکی بەدواداچوونی ئەنجامی ئەم هەڵبژاردنەین، کە ڕاگەیەنراوە کورد چۆن بەشداریی ئەو پرۆسە سیاسییە نوێیەی عێراق بکات.

**ڕۆژنامە: کەواتە لە کایە سیاسییەکە دانەبڕاون؟**

* نا نا، نەخێر، زۆر بەجدیی، ئەگەر لە جاران گەرموگوڕتر نەبم، کەمتر نییە.

**ڕۆژنامە: خوێندنەوەت بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنەکان چییە؟**

* بەشێوەیەکی گشتیی سەرکەوتن بوو بۆ خەڵکی عێراق، بەتایبەت لە ڕووی ئەمنییەوە کە تا ئاستێکی باش دۆخەکە ئارام بوو، ئەم هەڵبژاردنە زۆر گرنگە بۆ چوارساڵی داهاتووی عێراق بەگشتییو هەرێمی کوردستان بەتایبەت وەک بەشێکیش لەعێراق، یەکێک لە بەرەنجامە گرنگەکانیش لەم هەڵبژاردنەدا، ئەوەیە کە ئایندەی سیاسیی و داڕشتنەوەی شێوەی نیزامی عێراق دیاریدەکات.

**ڕۆژنامە: پێتانوایە، نەخشەی سیاسیی داهاتووی عێراق، هەروەک چوارساڵی پێشوو دەگوزەرێت، یان گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی تێدا ڕوودەدات؟**

* پێموایە، کەم تا زۆر هەر بەو شێوەیەی ڕابردوو دەبێت، بەڵام مومکینە گۆڕانکاریی لە شەخسەکاندا بکرێت کە پۆستەکان وەردەگرن، بەڵام لە ڕووی نەخشەی سیاسیو حوکمڕانییەوە ئەوانەی کە دەسەڵاتدار دەبنو بەرپرسیارێتییان بەدەست دەبێت، پێموایە وەک چوارساڵی ڕابردوو دەبێت.

**ڕۆژنامە: خوێندنەوەت بۆ پێگەی کورد لەبەغدا، لەدوای ئەم هەڵبژاردنە چۆنە؟**

* وەکو پێشتر باسمکرد، چوارساڵی داهاتوو بۆ کورد ئێجگار گرنگە، چونکە ئێمە کۆمەڵێک کێشەمان لەگەڵ بەغدا هەیە، کە تائێستا بەهەڵواسراویی ماونەتەوەو کێشەی زۆر جدیشن. سەیرکە لە عێراق هەندێک هەن کە ئەوەی ئێمە لەهەرێم هەمانە، تا ئێستاش بە ڕەواو مافی خۆمانی نابینن‌و پێیانوایە، ئێجگار زۆرن. ئەو فیدراڵییەتەی کە ئێمە باسیدەکەین، وەک پێویست لە عێراق جێگیر نەبووە، تائێستا سنووری فیدراڵییەتەکەمان ڕوون نییە کە کوێیە؟ ئەمانە هەمووی کێشەی جدین، کە ئەگەر بمانەوێت عێراق بەیەکگرتوویی‌و بەخۆشگوزەرانیی بمێنێتەوە، پێویستە لەلایەن بەغداو لەلایەن هەولێریشەوە زۆر بەجدیی ئەم کێشانە دیراسە بکرێن‌و چارەسەریشیان بۆ بدۆزرێتەوە، کە ئەوانیش یاسای نەوت‌و مەسەلەی پێشمەرگەو مەسەلەی سنووری فیدراڵی کوردستانن، کە دەبێت ئێمەی کورد لەم چوارساڵەدا زۆر بەجدیی هەوڵبدەین بۆ ئەوەی ئەمانە جێگیربن. بۆ چارەسەری ئەم کێشانەش، پێویستە لەبنەڕەتدا دادوەرییەکە بدرێتە دەستوور، کە ئەو دەستوورە گەلی عێراق بە تێکڕای (٨٠٪) دەنگی لەسەر داوە کەم تا زۆریش داواکارییەکانی کورد لەم دەستوورەدا جێگیرکراون، کە مومکینە لەئاستی تموحی ئێمەشدا نەبێت، بەڵام لەو قۆناغەدا هەر ئەوەندە مومکین بووە. پێموایە، یەکەم شت بۆ ئێمەی کورد ئەوەیە کە دەبێت لەو پرسە چارەنووسسازانەدا زۆر یەکگرتوو بین لە بەغدا، ئەگەر یەکگرتوو نەبین، مومکین نییە لەبەغدا بتوانین هیچ یەکێک لەم کێشانە بەسەرکەوتوویی‌و بە قازانج بۆ هەرێم دەستەبەر بکەین. بەداخەوە ئێمە پێشتر لەبەغدا، وەک هاوپەیمانێتی، زیاتر لەسەر بنەمای فڵانە شەخس باشەو فڵانە خراپە هاوپەیمانێتیمان کردووە، کە پێموایە ئەمە بۆچوونێکی هەڵەبووە. دەبێت لەسەر ئەساسی بەرنامەو ئەجێندایەک بۆ داواکارییەکانمان بڕۆین بەرەو بەغداو هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەو لایەنانەدا بکەین، کە بەجدیی داواکارییەکانی کورد بە ڕەوا دەبینن‌و قبووڵی دەکەن. واشی بۆدەچم کە یەکدەبین، بۆنموونە، تۆ حیسابی لیستی گۆڕان بکە، قابیلە گۆڕان شتێکی دیکەی دەوێت لەبەغدا، ئێمە تەجروبەیەکمان لەگەڵ لیستی یەکگرتووی ئیسلامیی هەبووە، کە لەو ماوەیەی لە پەرلەمانی عێراق بوون، لە پرسە چارەنووسسازەکان لەگەڵ هاوپەیمانیی کوردستان بوون، یانی کەس موزایەدە بەسەر کەسەوە نەکات. لە مەسەلەی هەڵوێستوەرگرتن لەسەر پرسە نەتەوەییەکانی کورد، مەعقولە لیستی گۆڕانیش کە ئەو کەسانەی بزووتنەوەکەیان دروستکردووەو بەڕێوەی دەبەن، هەموویان پێشمەرگەی کۆن‌و خەڵکی ماندوو و خاوەن خەبات‌و خزمەتن‌و لەپێناوی کورددا قوربانییان داوەو دوای ئەو هەموو خەباتە، تەسەور ناکەم، بچنە بەغداو بەشێوەیەکی دیکە هەڵسوکەوت بکەن.

**ڕۆژنامە: باسی کۆمەڵێک گرفتی گرنگ‌و سەرەکیت کرد، لەنێوان هەولێرو بەغدادا، بەوپێیەی بەڕێزتان پیاوێکی خاوەن ئەزموونن لە دانوستانەکانی نێوان هەرێم‌و بەغدادا، ئایا ئەم کێشانە چۆن چارەسەردەکرێن‌و دەبێت میکانیزمەکەیان چۆن بێت؟**

*تائێستافیکرەیەک لەبەغدازاڵەو پێیانوایە، کات لە بەرژەوەندیی ئەوانەو بەتێپەڕبوونی کات بەهێز دەبن‌و کوردیش لاواز دەبێت، بۆیە دێن لە ڕووی هێزەوە قسە لەگەڵ کورد دەکەن بۆ چارەسەری ئەو کێشانەی کە هەیانە، بە بۆچوونی من، ئەمە بۆچوونێکی هەڵەیە، چونکە ئەزموونی عێراق ئەوەی سەلماندووە، کە پێشتر سەدام بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ کورد کردووەو لەئەنجامیشدا نەیتوانیوە شۆڕشی کورد لەناوبەرێت. بەهەرحاڵ ئەمە داواکاریی میللەتێکەو مەسەلەکە پەیوەندیی بە حیزبێکی سیاسیی‌و لایەنێکەوە نییەو داواکاریی میللەتێکە کە قبووڵی کردووە لەچوارچێوەی عێراقدا بمێنێتەوە بە کۆمەڵێک مەرج، لەبەرئەوە ئەم بۆچوونە لەبەغدا هەیەو پێیانوایە، دەستیدەستیکردن‌و کاتکوشتن لە ئەنجامدا لە بەرژەوەندیی ئەوانەو لە ڕووی هێزەوە قسە لەگەڵ کورد دەکرێت. مەسەلەیەکی دیکە، مەسەلەی دەستوورە، دەستووری عێراقیش لەکاتێکدا نووسراوە، کە کورد بەپێی ئەو دەستوورەی نووسراوە ئامادە بووە بچێتە بەغداو یارمەتی بەغدا بدات بۆ پێکهێنانەوەی عێراقێکی نوێ، کۆمەڵێک خەڵک پێیانوایە کە ئەم دەستوورە لەکاتێکی نەگونجاوو شازدا نووسراوەو گونجاو نەبووەو هەوڵی ئەوە دەدەن ئەم دەستوورە بگۆڕدرێت، بۆیە بەرای من، کێشەی گەورە لەم بوارەدا، مەسەلەی جێبەجێبەجێکردنی دەستوورە، ئایا بەغدا ئامادەیە ئەم دەستوورە جێبەجێبکات، یان نا؟ بەداخەوە ئەوەی تا ئێستا بینیومە، مەسەلەکە ئەوەیە کە چاوەڕێن کەی بەهێز بن‌و لە ڕوانگەی هێزەوە قسە لەگەڵ کورد بکەن.

**ڕۆژنامە: ئایا بەغدایەکی بەهێز، لە قازانجی کوردە، یان لە زیانی؟**

* پێموایە، ئەگەر بنەڕەتی داڕشتنەوەو نیزامی عێراق، بنەڕەتێکی دیموکراتی‌و فیدراڵی بێت، لە قازانجی کوردە، نەک لە زیانی. با ڕاشکاوانەتر لەسەر ئەم مەسەلەیە قسەبکەم. ئێستا بنەمای حوکمڕانی عێراق سیستمێکی پەرلەمانییە، بەڵام با ئێمە بێین‌و سەیری ئەم چوارساڵە بکەین‌و بزانین چۆن ئیشکراوە، سەیر دەکەیت پەرلەمانێکت هەبووە لەبەغدا کە لەچاو ئیشی حکومەت‌و کاری سەرۆک وەزیراندا ڕۆڵی پەرلەمان تا ئاستێکی زۆر لاواز بووە! سەیر دەکەیت بەپێی دەستوور سەرۆک وەزیران بۆی نییە سەرلەشکری سوپا دابمەزرێنێت، بەڵام جەنابی نوری مالیکی، سەرۆک وەزیران ڕێگەی بەخۆیداوە زۆرێک لە سەرلەشکری لەناو سوپاو وەزارەتی بەرگریی داناوە، بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان، کە ئەمە کارێکی نادەستوورییە، ئەو حیزب‌و لایەنانەش کە بەشداربوون لە حکومەتەکەی مالیکیدا، بەشێوەیەک ڕەفتاریان کردووە کە هەر خۆی شعوری بەوە کردووە، کە کەسێکە هەر خۆی خاوەن بڕیارە، کە بەبڕوای من خەتای مالیکی نییە، بەڵکو خەتای کوردو ئەو لایەنانەیە کە هاوپەیمانێتییان لەگەڵ کردووەو وایانکردووە، لەکاتێکدا سیستمی عێراق سیستمێکی فیدراڵییەو ئەساسەکەی لەسەر هاوپەیمانێتی دروستبووە، بەڵام هیچ یەکێک لەو کارتانەی کە زۆر بەهێز بوون، نە کورد توانیویەتی لەماوەی چوارساڵی ڕابردوو بەکاریانبهێنێت، کە دەیتوانی بەکاریانبهێنێت، نە لایەنەکانی دیکەش بەکاریانهێناون.

**ڕۆژنامە: لە بەرەنجامی بۆچوونەکانتەوە وادەردەکەوێت کە لەچوارساڵی ڕابردوودا نوێنەرانی کورد لەسەرۆکایەتیی کۆمارو حکومەت‌و پەرلەمان کەمتەرخەمبوون‌و هەلی گرنگیان لەدەست کورد داوە؟**

* بە بۆچوونی من، بەڵێ، نەک هەر ئەوان، هەموو لایەکمان کەمتەرخەمبووین، ئێمەش کەمتەرخەمبووین کە دەمانتوانی زۆر شت بکەین، دەمانتوانی بوار نەدەین کە ئەم سیستەمەی عێراق بەمشێوەیە بڕوات. عێراق لە دوای (٢٠٠٣) گۆڕا، کە دەمانتوانی زۆر بەجوانی قازانج لەم گۆڕینە بکەین. بەداخەوە هەڵسوکەوتی ئێمە هەمووی لەگەڵ یەک شەخس بووەو لەگەڵ سیستم نەبووە.

**ڕۆژنامە: با لەسەر تەوەری کێشەکانی هەرێم‌و بەغدا زیاتر گفتوگۆ بکەین، ئایا کێ باشە، بۆئەوەی وەفدی دانوستکاری کورد بێت لەگەڵ بەغدا؟**

*با بەسەرهاتێکت بۆ باسبکەم، د.مەحمود عوسمان جارێک بۆی باسکردم وتی ئێمە ساڵی (١٩٧٠)، ئەو کاتەی کە گفتوگۆی ڕژێم لەگەڵ شۆڕشی کوردو جەنابی بارزانی دەستیپێکرد، دانیشتین بڕیاری ئەوەماندا کە کێ وەفدی (مفاوز) بێت لەبەغدا. جەنابی بارزانی هاتە ژوورەوەو (١٠) دەقیقە دانیشت‌و یەک ڕاسپاردەی پێداین‌و وتی؛ کەیفی خۆتانە، ئێوە وەک مەکتەبی سیاسی لەوبارەیەوە چی دەکەن، بەڵام کەسێک لەنێو ئێوەدا وەفدی مفاوز نەبێت، کە حەز بکات لەبەغدا بەرپرسیارێتی هەبێت، کە پێموایە ئەمە لەساڵی ١٩٧٠و چل ساڵ بەر لەئێستا وتراوە، ئامۆژگارییەکی ئێجگار باشە بۆ ئەمڕۆمان.

ئێستاش پێویستە ئەو وەفدەی کە دەچێت بۆ بەغدا، هەموو لایەنەکان تێیدا بەشداربن‌و دەبێت لەکوردستانەوە بەیەکگرتوویی بەرەو بەغدا بڕۆین‌و ئەوەندەی منیش دەزانم، جەنابی سەرۆکی هەرێمیش زۆر کات جەختی لەم مەسەلەیە کردووەتەوە.

**ڕۆژنامە: پێویستە شێوازی مفاوەزاتی کورد چۆن بێت، ئایا وەفدی کوردی هەڕەشە بکەن؟ کێشەکان بەزوویی بەلایەکدا بخەن؟ کاتی زیاتر بدەن بە بەرامبەر؟**

* لەکرمانجیدا شتێک هەیە کە جوانترین تەعبیرە بۆ مفاوەزات، پێیدەڵێن (دان‌و ستاندن)، کە من پێموایە، کورد لەسەر بنەمای دان‌و ستاندن بچێت، یەکێک لەهەڵەکانی ئێمە ئەوە بووە، کە زۆر تەرکیزمان لەسەر شەخس کردووە، وتوومانە فڵان شەخس باشە، فڵان خراپە، لەوانەیە فڵان شەخس پەیوەندیی باش بێت لەگەڵ جەنابی سەرۆک، لەگەڵ مام جەلال، لەگەڵ کەسێکی دیکە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە، هەمووشتێکی لەسەر بنیادبنرێت، دەڵێم، هیچ کەسێک هەموو شتێکی باش نییەو هیچ کەسیش هەموو شتێکی خراپ نییە، ئێمە دەبێت بەپێی بەرنامەو ئەجێندا ئیش بکەین، کە داواکاریمان چییەو چوارچێوەکەی دەستنیشانبکەین‌و لەو چوارچێوەیەشدا وەفدی خۆمان پێکبهێنین، کە دیارە لەهونەری دانوستانیشدا هەموو شتێک هەر بۆخۆت نابێت‌و هیچیش بۆ بەرامبەر، بۆیە ئامانجەکە بۆ ئێمە ئەوەیە، بگەینە ڕێگەچارەو ئەم چوارساڵەی کە بەدستمانەوەیە، بۆ ئێمە گرنگەو پرسەکانمان کە بەهەڵواسراویی ماونەتەوە لەعێراقدا، چارەسەریان بکەین.

**ڕۆژنامە: بە ئاسۆی چارەسەرکردنی کێشەکانی کورد لەگەڵ بەغدا، گەشبینی، یان ڕەشبینی؟**

* زۆر گەشبین نیم، ناشمەوێت بڵێم زۆریش ڕەشبینم، ئەوە دەمێنێتەوە بۆئەوەی کە شێوەی حوکم لە عێراقی داهاتوودا چۆن دەبێت‌و پێکهاتەکان چۆن دەبن؟، بەڵام یەک خاڵ گرنگە کە هەرکەسێک لە بەغدا حاکم بێت، دەبێت تێبگات کە ئەگەر بیەوێت عێراق سەقامگیر بێت‌و ئایندەیەکی باشی هەبێت‌و بە خۆشگوزەرانیی بژی، دەبێت ئەم کێشانە چارەسەر بکات.

**ڕۆژنامە: ئەگەر هیچ یەک لەو لیستە براوانەی هەڵبژاردن، نەیانتوانی شەریکێکی ڕاستەقینەی کورد بن‌و مافەکانمان بسەلمێنن، کورد بەدیل و خیاراتی چییە؟**

* ئینجا مەسەلەکە ئەمەیە. دەبێت لەسەر ئەساسی بەرنامەیەک ڕێککەوتن بکەین‌و سەقفێکی زەمەنیش هەبێت کە ئەگەر ئەو بەرنامەیە جێبەجێنەکرا، بە بۆچوونی من، دەبێت کورد بڕیارێکی دیکە بدات‌و دەبێت لەوە تێبگەین کە سیستمی عێراق، سیستمێکی فیدراڵیی ئیئتیلافییەو دەکرێت لەسەر ئەساسی بەرنامەیەک لەگەڵ ئەم لایەنانە ڕێکبکەوین، ئەگەر ئەم بەرنامەیە لەسەر سەقفی زەمەنی خۆی جێبەجێنەکرا، دەبێت کورد تەهدیدی ئەوە بکات، لەحکومەت دەشکێتەوە.

**ڕۆژنامە: لە ئەزموونی ڕابردوودا، هیچ یەکێک لەو فشارو کارتانەمان بەکارنەهێنان، چۆن ئەمجارە دەتوانین ئەوە بکەین؟**

* بەڵێ، لە ئەزموونی ڕابردوودا هیچ یەکێک لەوانە نەکران، کە دەمانتوانی زۆر شت بکەین، بەبۆچوونی من، خۆشبینم، ئەمجارە دەتوانین بیکەین.

**ڕۆژنامە: ئێستا مشتومڕێک لەنێوان کورد و پێکهاتەکانی دیکە لەسەر پۆستی سەرۆک کۆمار دروستبووە، من بەتەرکیز مەبەستم ئەو پۆستە سیادییە نییە، ئایا تۆ لایەنگیری بەدەستهێنانی پۆستی، یان بەدەستهێنانی ماف؟**

* ئەو پۆستەش بەشێکە لەمافەکانی ئێمە، ئەگەر ئێمە بەشدارین لەعێراقی نوێدا، کە پێکهاتەی کورد پێگەیەکی گرنگە لەو عێراقەدا، دەبێت یەکێک لەو پۆستە سیادییانە بۆ کورد بێت، بۆ ئەوەی پۆستەکانیش ڕەنگدانەوەی ئەو شەراکەتە بن، عێراق لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە، لەبەرئەوەی من پێموایە، لە بەرژەوەندیی کوردە کە پۆستی سەرۆک کۆمار بۆ ئێمەی کورد بێت، بەتایبەتی لەم چوارساڵەی داهاتووداو پێشموایە، پێویستە هەموومان بە هەموو حیزب‌و لایەنەکانەوە پێدابگرین لەسەر ئەوەی، مام جەلال ئەو پۆستە وەربگرێت‌و پێویستە بزووتنەوەی گۆڕانیش پشتیوانیی لە کاندیدکردنەوەی مام جەلال بکەن.

**ڕۆژنامە: ئەو کەسانەی کە لەبەغدا پۆست لەسەر حیسابی کورد وەردەگرن، پێویستە چی بۆ کورد بکەن؟**

* لەچوارچێوەی ئەو دەسەڵاتەی کە هەیانەو ئەوەی کە پێیان بکرێت، دەبێت سەبارەت بە مەسەلەی کورد بیکەن‌و کەمتەرخەم نەبن.


**ڕۆژنامە: ئەگەر پۆستی سەرۆک کۆمار نەدرایەوە بە کورد، چی ڕوودەدات؟**

* جارێ ناتوانم پێشبینی بکەم، بەڵام ئەگەر کورد هەمووی کۆک بێت، ئەو پۆستە وەردەگیرێت.


**ڕۆژنامە: زۆر باس لە گرنگیی یەکگرتوویی گوتاری کورد دەکەین لەبەغدا، بەڵام بۆ باس لە بەهێزکردنی هەرێمێکی کوردستانی بەهێز ناکرێت، لە ڕووی دامودەزگاکانی‌و ڕێکخستنەوەی نێوماڵەکەی کە پێموایە، ئەمە

## هەڵبژاردن: هاوکێشەی کورسییەکانیشی گۆڕی

# عێراقییە بۆ بردییەوە... تەوافوق بۆ دۆڕا؟


مەسعود بارزانی


نوری مالیکی


ئەیاد عەللاوی


ئەیاد سامەڕایی


عەمار حەکیم

**راپۆرتی: هەستیار قادر**

**دیمەنی سیاسیی پەرلەمانی عێراق گۆڕا. هەڵبژاردنی ٣/٧، لیستی عێراقیەی لە پێنجەمی پەرلەمانەوە کردە یەکەم‌و دەوڵەتی یاسای مالیکیشی بەبراوەیی هێشتەوە. بەڵام لیستی ئیئتیلاف لە یەکەم لیستەوە بووە سێیەم‌و هاوپەیمانیش لە یەک بازنەی دەنگداندا خولایەوەو بەرەی تەوافوقیش بووە دۆڕاوترین لیست. هاوکات بۆ یەکەمجار لیستی گۆڕان چووە پەرلەمانی بەغداو بووە پێنجەم لیست‌و یەکگرتوو کۆمەڵیش پارێزگارییان لە کورسیی ئیسلامییەکانی کوردستان کرد لەو پەرلەمانە.**

### عێراقییە، براوەیەکی چاوەڕواننەکراو

یەکێک لە دەرئەنجامە چاوەڕواننەکراوەکانی راگەیاندنی دەرئەنجامە بەراییە رەسمییەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە، بریتیبوو لە سەرکەوتنی لیستی نیشتمانیی عێراقییە بە سەرۆکایەتی ئەیاد عەلاوی، سەرۆک وەزیرانی پێشووتری عێراق، کە توانی (٩١)کورسی ئەنجومەنی داهاتوو بەدەستبهێنێت، بەمەش خاوەنی نزیکەی سێیەکی ئەو ئەنجومەنەو خاوەن مافی دەستووریی پێکهێنانی حکومەت دەبێت، لەیەکەم ئەگەریدا «ئەگەر سەرکەوتووبێت لە پێکهێنانی».

لەگەڵ راگەیاندنی ئەو دەرئەنجامانەشدا، چەندین پرسیار لەسەر هۆکاری سەرکەوتنی عێراقییە ورووژێنران بەدەر لە تێڕوانینی شیعەکان بۆ ئەگەری ساختەکاریی لیستی عێراقییەو پشتگیریکردنی لەلایەن ئەمریکاو هەندێک لە دەوڵەتە سوننییەکانی ناوچەکەوە، چەندین تێڕوانینی دیکە بۆ سەرکەوتنەی ئەو لیستە هەیە.

لیستی عێراقییە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی پێشوودا، خاوەنی (١٩)کورسی بوو کە بەسەر سەربەخۆکان‌و ئەندامانی بزووتنەوەی ویفاقی نیشتمانیدا کە عەلاوی سەرکردایەتی دەکات، دابەشبووبوون‌و چەند ئەندامێکیشیان تێڕوانینی چەپڕەوانەیان هەبوو، هەرچەندە لیستی عێراقییە بە هەڵوەشاوەترین لیستی ئەوکاتەی پەرلەمان لە قەڵەمدەدرا، بەڵام دوای پاشەکشێپێکردنی وەزیرەکانی لە حکومەتی نوری مالیکیدا، وەک ئۆپۆزسیۆنی حکومەتی لە پەرلەماندا مامەڵەی دەکرد، ئەمەش رێگەی خۆشکرد بۆ کۆکردنەوەی دەنگی ئەو کەسانەی لە ئەدای حکومەتی مالیکی نیگەران بوون، بەتایبەت لەنێو سوننەکاندا، ئەو کەسانەی لەگەڵ پرۆژەی دابەشکردنی تایفی سەرجەم کایەکانی عێراقدا نەبوون، هەر ئەمەش وای لە عەلاوی کرد کە ئەو نارەزاییە لە رێگەی لیستی عێراقییەوە بۆ هەڵبژاردنی نوێ‌و گەورەترین لیست‌و کەسایەتی ئەنتی حوکمی مالیکی تیا جێگە کردەوەو بەرەکەی بە (٢٠)لایەنی جیاواز لە لیستی دەوڵەتی یاسا بەرفراوانتر کرد، جگە لەوەی کە عەلاوی وێنایەکی پۆزەتیڤی ئیداریی لەلای هاوڵاتییانی عێراق دروستکردبوو، کاتێک لە ساڵی (٢٠٠٥)دا سەرۆک وەزیران بوو. یەکێک لەو لایەنە کاریگەرانەی کە لە لیستەکەی عەلاویدا بەشدارییان کرد، تاریق هاشمی، جێگری سەرۆک کۆمارو سەرۆکی پێشووی حیزبی ئیسلامیی عێراق بوو، کە خاوەنی جەماوەرێکی زۆرە لەنێو ئەو کەسانەی ئینتیمایان بۆ بیرێکی ئیسلامیی نیمچە ناسیۆنالیست هەیە، بەدیوێکی دیکەشدا کۆمەڵێک لایەنی دیکەی هێنایە ناو لیستی عێراقییەوە کە پاشماوەی ئینتیمای بەعسیزمیان تیایەو شەڕی دەنگی ناوچە سوننەنشینەکانی پێکردن، بەتایبەت لە سەلاحەدین‌و دیالەو ئەنبارو بەغدا، لەوانەش، هەردوو؛ بەرەی دیالۆگی نیشتمانی بە سەرۆکایەتی ساڵح موتڵەگو گردبوونەوەی ئایندەی نیشتمانیی بە سەرۆکایەتی زافر عانی، کە هەردووکیان یاسای لێپرسینەوەو دادپەروەریی بە تۆمەتی بەعسیبوون گرتنیەوەو ئەزموونی لیستی حەدباش لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقدا لە موسڵ وای لە عەلاوی کرد، بۆ دووبارەکردنەوەی ئەو مێژووە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، پشت بە نوجێفییەکان ببەستێت، کە بە ئەنتی لایەنە کوردییەکان ناسراون، بەوپێیەش ئوسامە نوجێفی کردە سەرۆکی لیستی عێراقییە لە موسڵ‌و توانی لە کۆی (٣١)کورسییەکەی ئەو پارێزگایە، (٢٠)یان بباتەوە.

لەپاڵ ئەوانەشدا، عێراقییە جێگەی بەرەی تورکمانی لە لیستەکەیدا کردەوە، کە لەلایەن سەعدەدین ئەرگیجەوە سەرۆکایەتی دەکرێت‌و لە عێراقدا بە پێی تورکیا ناوزەد دەکرێت.

### مالیکی، لە سەرکەوتنەوە بۆ سەرکەوتن

ئەزموونی لیستی جیای نوری مالیکی لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی (٢٠٠٩/١/٣١)وە رووبەڕووی رەخنەی لایەنە شیعەکانی نێو لیستی ئیئتیلاف بووەوە بەوەی کە لە یەکڕیزیی پۆلی شیعەکان لایداوەو تەنانەت هەندێکجار باس لە نیگەرانیی ئێرانیش دەکرا بەرامبەر ئەو هەنگاوە، بەڵام مالیکی بە لیستی دەوڵەتی یاسا سەلماندی کە بیرۆکەی دەرچوون لە قەیرانی یەکلیستیی شیعەکان، حیکمەتی خۆی هەیەو بە کۆکردنەوەی دەنگی کەسانی تەکنۆکرات‌و ئاسایی کە ئینتیمای شیعەبوونیان هێندە تۆخنەکردووەتەوەو توانی لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقدا لە کۆی ئەو (١٤)پارێزگایەی هەڵبژاردنی تیا ئەنجامدرا، لە (٩)پارێزگایاندا یەکەم بێت، بەو ئومێدەشەوە بەشداریی لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەراندا کردو توانی (٨٩)کورسی بەدەستبهێنێت. هەرچەندە مالیکی لە یەکەمنەبوونی لیستەکی نیگەرانەو پەنجەی تۆمەتی ساختەکاریی ئاراستەی لیستی عێراقییە دەکات‌و داوای لە کۆمسیۆن کرد، کە ژماردنەوەی دەستیی دەنگەکان ئەنجام بدات، بەڵام بە بەراوردکردنی لیستی دەوڵەتی یاسا بە لیستەکانی دیکە، بەتایبەت لیستی ئیئتیلافی نیشتمانی بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی، دەرئەنجامی باشی هەبووە بەتایبەت بە بەراوردکردنی لەگەڵ پێی مالیکی‌و حیزبەکەی (حیزبی دەعوە) لە ئەنجومەنی پێشووی نوێنەرانی عێراقدا، کە تەنیا (١٣)کورسی هەبوو. هەرچەندە حیزبی دەعوە لە هەڵبژاردنی (٢٠٠٥)دا لە چوارچێوەی لیستی ئیئتیلافدا بەشداریی کردو مالیکی توانی بەجیاوازی یەک دەنگ لە هەڵبژاردنێکی لیستی ئیئتیلافدا شەرەفی پاڵێوراوی لە عادل عەبدولمەهدی، پاڵێوراوی ئەنجومەنی باڵا بباتەوەو مالیکی بە تەنیا بە (١٣)ئەندام پەرلەمانەوە لە کۆی (٢٧٥)کورسییەکەی ئەنجومەنی پێشوو، توانی بۆماوەی چوار ساڵ حکومەتی عێراقی بەڕێوەببات‌و سەرەڕای کشانەوەی سەدرییەکان‌و عێراقییە لە حکومەتەکەی، بە دبلۆماسیەتی خۆی توانی بارودۆخەکە رابگرێت‌و رێگە لە رووخانی حکومەتەکەی بگرێت، ئەمەش بە بەراورد لەگەڵ ئەو (٨٩) کورسییەی لەم هەڵبژاردنەدا بەدەستی هێناوە، بە جۆرێک لەسەرکەوتن هەژمار دەکرێت‌و بەدەستهێنانی ئەو دەنگانەش لەلایەن لیستی دەوڵەتی یاساوە بە پشتگوێخستنی پۆستەکەی وەک سەرۆک وەزیران، پەیوەندیی بەو (٣٦) کەسایەتی‌و لایەنانەوە هەیە کە لە لیستەکەیدا هەن، بەتایبەت گەڕان بەدوای کەسانی تەکنۆکرات بۆ بوون بە پەرلەمانتارو کەسایەتی ناسراوی عەشایری بۆ کۆکردنەوەی دەنگ، بەتایبەت لە نێو کەسایەتییە سوننەکاندا بۆ لادانی تەمی شیعەبوون لەسەر لیستەکەی، ئەمە جگە لە گرنگیدان بە تورکمانە شیعەکان بۆ بەدەستهێنانی دەنگی تورکمانەکان، بەتایبەت لە کەرکوک‌و موسڵدا.

### هاوپەیمانیی، خولانەوە لە یەک بازنەدا

لیستی هاوپەیمانیی کوردستان کە خۆی لە (١٣)حیزبدا دەبینی، (٤٣)کورسی ئەنجومەنی نوێنەرانی بەدەستهێنا، کە بە بەراورد بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی (٢٠٠٥)و بە لەبەرچاوگرتنی زیادبوونی ژمارەی کورسییەکان لە (٢٧٥)کورسییەوە بۆ (٣٢٥)کورسی، جۆرێکە لە خولانەوە لەیەک بازنەی دەنگداندا، بەوپێیەی ئەوکات بە بەشداریی زۆربەی ئەو لایەنانە بە جیاوازی بزووتنەوەی ئیسلامیی کە لە هەڵبژاردنی (٢٠٠٥)دا کۆمەڵی ئیسلامیی لە لیستی هاوپەیمانیدا بوو، (٥٣)کورسییان بەدەستهێنا کە (٢)سەربەخۆو (٤)ئەندامی دیکەیان سەر بە حیزبەکانی شیوعی‌و سۆسیالیست‌و زەحمەتکێشان‌و ئەخای تورکمانی بوون‌و بەجیاکردنەوەی ئەو شەش ئەندامە، (٤٧) ئەندام بۆ یەکێتی‌و پارتی دەمێنێتەوەو سەرەڕای زیادبوونی (٥٠)کورسی لەم هەڵبژاردنەدا، لیستی هاوپەیمانیی توانی (٤٣)کورسی بەدەستبهێنێت‌و لە سێیەم لیستەوە بووە چوارەم لیست.

### ئیئتیلاف‌و دابەزین بۆ سێ پلە

دەرئەنجامە بەراییەکان دەریانخست کە لیستی ئیئتیلافی نیشتمانیی عێراقی بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی باڵاو بە بەشداریی (٣٠)لایەنی دیکەی شیعە، (٧١)کورسی بەدەستهێناوەو بە پلەی سێیەم دێت لە عێراقدا، ئەمەش لە دوای ئەوە دێت کە لە هەڵبژاردنی (٢٠٠٥)دا لیستی ئیئتیلاف بەپلەی یەکەم هات‌و لە کۆی (٢٧٥)کورسییەکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی پێشوو، (١٢٧) کورسی هەبوو، دواتریش لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا بە جیابوونەوەی مالیکی، گورزێکی کوشندەیان لێدراو بووە دووەم لیست لە عێراقدا، بەمەش جگە لە لەدەستدانی دووپلەی ریزبەندی لیستە براوەکان، لەماوەی چوارساڵدا خەونی بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆک وەزیرانیان لێدەزرێت کە لە دوای هەڵبژاردنی ٢٠٠٥ەوە هەوڵی بۆ دەدەن، کە بۆ ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی بێت، بۆ ئەو مەبەستەش بەر لە هەڵبژاردن، عادل عەبدولمەهدی‌و ئیبراهیم جەعفەری‌و ئەحمەد چەلەبی‌و بەیان جەبریان بۆ پاڵاوت. تێڕوانینەکان بۆ دواکەتنی لیستی ئیئتیلاف لە ریزبەندیی لیستە براوەکان پەیوەندیی بە رێژەی نەگۆڕی ئەو لیستەوە هەیە کە لە هەڵبژاردنی (٢٠٠٥)ەوە لە چەند لایەنێکی دیاریکراوی وەک ئەنجومەنی باڵاو سەدرییەکان‌و فەزیلەو چەند لایەنێکی دیکە پێکدێت، هەڵبژاردنەکان هیچ شتێکی ئەوتۆی لە پێکهاتەو گوتاری سیاسیی لیستەکە نەگۆڕی‌و پشتبەستنی ئەم لیستە بە ئینتیمای شیعەبوونە، هەربۆیە بە جۆرێک لە لەرزۆکبوونی پێگەی ئێرانیش لە عێراقدا لە قەڵەمدەدرێت.

> **ئەگەرچی لیستە سیاسییەکانی دیکە کورسییان بەدەست نەهێناوە، بەڵام لیستی بەرەی تەوافوقی نیشتمانیش، سەرەڕای ئەوەی کە (٦)کورسی بەدەستهێناوە، بە براوەیەکی نیمچە دۆڕاو لەقەڵەمدەدرێت**

### کێ دۆڕا؟

بەپێی دەرئەنجامە بەراییەکان، لەکۆی (١٦٥) قەوارەی سیاسیی‌و (١٢)ئیئتیلاف، تەنیا (٩)یان توانییان کورسی ئەنجومەنی نوێنەران بەدەستبهێنن، کە ئەوانیش لیستی عێراقییەو دەوڵەتی یاساو ئیئتیلافی نیشتمانی‌و هاوپەیمانیی‌و گۆڕان‌و تەوافوق‌و لیستی یەکێتیی عێراق‌و یەکگرتووی ئیسلامی‌و کۆمەڵی ئیسلامین.

ئەگەرچی لیستە سیاسییەکانی دیکە کورسییان بەدەست نەهێناوە، بەڵام لیستی بەرەی تەوافوقی نیشتمانیش، سەرەڕای ئەوەی کە (٦)کورسی بەدەستهێناوە، بە براوەیەکی نیمچە دۆڕاو لەقەڵەمدەدرێت، بەو پێیەی بەدەستهێنانی (٦)کورسی لەم هەڵبژاردنەدا بە بەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنی رابردوودا، کە (٤٠)کورسی بەدەستهێناو لە پلەی سێیەمدا هات‌و یەکێک بوو لە لیستە بەهێزەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی پێشوو.

شکستی تەوافوق، کە لەسەر زاری ئوسامە تکریتی، سەرۆکی حیزبی ئیسلامییەوە پشتڕاستکرایەوەو رایگەیاند «لیستەکەمان دۆڕاوترینە»، بەشێوەیەکی زۆر پەیوەندیی بە جیابوونەوەی لایەنە پێکهێنەرەکانی ئەو لیستەوە هەیە، کە ئەوانیش ئەنجومەنی دیالۆگی نیشتمانی‌و کۆنگرەی ئەهلیی عێراق بوون، ئەمە جگە لە جیابوونەوەی تاریق هاشمی لە حیزبی ئیسلامیی‌و پێکهێنانی لیستی نوێبوونەوەو پەیوەندیکردنی بە لیستی عێراقییەوە، کە ئەویش بەشێکی زۆری جەماوەری بەرەی تەوافوقی بۆ خۆی برد. بەهەمانشێوەش لیستی یەکێتیی عێراقی بە سەرۆکایەتی جەواد پۆلانی، وەزیری ناوخۆو سەرۆکی حیزبی دەستووری تووشی شکست هات، کاتێک چاوەڕوانی ژمارەیەکی زۆر کورسی دەکرد، بەڵام تەنیا (٤)کورسی بەدەستهێنا.

### ئۆپۆزسیۆنی کوردستان، براوەکانی دیکە

لیستی گۆڕان بۆ یەکەمینجار بەشداریی لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا کردو توانی (٨)کورسی ئەنجومەنی نوێنەران بەدەستبهێنێت‌و ببێتە پێنجەم فراکسیۆنی ئەنجومەنی داهاتوو، ئەمەش بە بەراورد بە ئەزموونی کەمتر لە ساڵێکی بەشداریکردن لە هەڵبژاردن‌و کۆکردنەوەی جەماوەریدا، بووەتە براوەیەکی نوێ‌و تیشکی لایەنە عێراقییەکانی دیکەشی چووەتە سەر لە هاوکێشەی کاری پەرلەمانی‌و سیاسیی عێراقدا، بەشداریکردنی یەکگرتووی ئیسلامیش بۆ جاری دووەم وەک لیستی سەربەخۆ، توانی تارادەیەک پارێزگاری لە دەستکەوتەکانی هەڵبژاردنی پێشوو بکات، بەوپێیەی لە هەڵبژاردنی پێشوودا (٥) کورسی بەدەستهێناو توانی لەم هەڵبژاردنەدا یەک کورسی بدۆڕێنێت‌و چوار بباتەوە، کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستانیش کە لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٥دا لە چوارچێوەی لیستی هاوپەیمانی کوردستاندا بەشداریکردو تەنیا یەک کورسی پێدرا، بەڵام لەم هەڵبژاردنەدا کە بە لیستی جیا دابەزی، توانی دوو کورسی بەدەستبهێنێت‌و وەک فراکسیۆنێکی سەربەخۆ مامەڵە بکات‌و مامەڵەشی لەگەڵدا بکرێت.

## کورد لەبەردەم دەرفەتێکی نوێدایە

# چارەنووسی مادەی (١٤٠) لە هاوپەیمانێتی نوێی کوردو عەرەبدا

**راپۆرتی: ئارام شێخ وەسانیو ئاوارە حەمید**

دوای هەڵبژاردنە گشتییەکانی پەرلەمانی عێراق، لە (٣/٧)دا هەموو لیستە سەرکەوتووەکان لە هەوڵی دانانی پەیڕەوو بەرنامەدان بۆ بەشداریی لە حکومەت، هەریەکە لە ئاست سەرکەوتنی ژمارەی کاندیدەکانی، بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی لەنێوانی عەرەبو کورد زۆر دانوستاندنو نزیکبوونەوەی جۆراوجۆر هەیەو سەرکردەو ئەندامانی باڵای لیستەکان سەردانی کوردستان دەکەن.

چەندین کێشەی گەورە هەیە لەنێوان کوردو بەغدا، بەتایبەت بابەتی مادەی (١٤٠)، بودجە، یاسای نەوتو غاز، پێشمەرگە، هەموو ئەمانە پێویستە هەڵوێستی ئیجابییو قسەکردنی رۆشنی لەبارەوە بکرێت لەلایەن لایەنە عەرەبییەکان، بەپلەی یەکەم کێشەی کوردو بەغدا بریتییە لە کێشەی مادەی (١٤٠)، بۆیە لیستە سەرکەوتووەکانی کورد بۆچوونی جیاوازیان هەیە بۆ باسکردنی ئەو کێشانەی بەردەم ئەم مادە دەستوورییە لە هەر رێکەوتنێک بۆ پێکهێنانی حکومەت.


سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆچوونی وایە، کورد لە هەر رێکەوتنێک بەشداربێت، جەخت لەسەر جێبەجێکردنی برگەکانی دەستووردەکاتەوە، سەعدی بۆ رۆژنامە وتی: «کورد دوو پێوەری هەیە بۆ هاوکاریکردنی هەر لایەنێکی عەرەبی، یەکەم: پابەندبوون بەدەستوور، دووەم: دژایەتیکردنی بەعسو تێکدەرەکان، پێش ئەوەی بکەوینە گفتوگۆی جدیی لەگەڵ لایەنە عەرەبییەکان، پێویستە کورد بەیەکەوە دابنیشنو بەرنامەیەک دابنێن».

لەلایەکی دیکەوە عەبدولستار مەجید، وتەبێژی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان بۆ رۆژنامە وتی: «داوا دەکەین کۆبوونەوە لەنێوان ئەو لیستانەدا بکرێت، کە دەنگیان بەدەستهێناوە بۆ دوو مەبەست:


سەعدی ئەحمەد پیرە


شۆڕش حاجی


عەبدولستار مەجید


فوئاد حسێن

یەکەمیان: بۆ ئەوەی لەناوخۆدا ناوماڵی خۆمان رێکبخەین، ئینجا هاوپەیمانیی لەگەڵ لایەنەکانی دیکە بکەینو بەشداریی لە حکومەت بکەین، چەند پرسێکی ناو خۆمان هەیە ناکرێت لێرە کێشەمان هەبێتو بەم کێشانەی خۆمانەوە روو لە بەغدا بکەین.

دووەمیش: باس لەو پرسە هەڵپەسێردراوانە بکەین، کە لەگەڵ بەغدا هەمانە، ئەمە پێویست بەوە دەکات بەرنامەیەکیان بۆ دابنرێت. کە ئێمە هاتین بەرنامەیەکمان داناو رێکەوتین لەسەر ئەو بنچینانەو بۆ جێبەجێکردنی مادە دەستوورییەکان، مادەی (١٤٠)یش لەو بنچینانەیە، لە دەستووری عێراقدا هاتووە، دەڵێت: دەبێت تاکو کۆتایی (٢٠٠٧) جێبەجێ بکرێت. تاکو ئێستاش نەکراوە، عەبدولستار رای وایە کە کێشەی چارەسەرنەکردنی مادەی ١٤٠ لە رابردوودا دوولایەنە بووەو وتی: «لێرەدا کێشەکە دوو جەمسەرە، یەکەمیان: حکومەتی ناوەند وەک پێویست نەهاتووەتە پێش لەلایەکو لە لایەکی دیکەشەوە کەمتەرخەمیی لیستی هاوپەیمانیی بووە، کاتێک باس لە لەسەرکار لابردنی نوری مالیکی کرا، لیستی هاوپەیمانیی پشتگیریی لێکرد، کەمتەرخەمیی کاربەدەستو پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا ئەوانەی کە پۆستی سیادییان هەبووە، کاتێک مادەی (١٤٠) جێبەجێ نابێت، بۆچی ناگەڕێنەوە لای میللەت؟».

کورد خاوەن هاوکێشەیەکی جیاوازە، ئەمجارە کورد تەنیا یەک لیست نییە، بەڵکو چوار لیستە، بۆیە بۆ کوردیش گرنگە خاوەن بەرنامەو قسەی خۆی بێت، بۆئەوەی لە چوارچێوەی هەر رێکەوتنو دانشتنێک جەختی لەسەر بکرێتەوەو ئەو داواکارییانەی کورد وەک کارتێک بەکاربهێنرێن بەرامبەر لایەنە عەرەبییەکان.

شۆڕش حاجی، کاندیدی لیستی گۆڕان لە پارێزگای هەولێر باس لەوە دەکات؛ کە هەموو جۆرە بەشدارییەک لە حکومەت پێویستە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) تێدا کاری یەکەمین بێت «ئێمە وەک لیستی گۆڕان بەشداربین لە هەر حکومەتێک، یەکێک لە مەرجەکانمان جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ە، پێمانوایە؛ دەبێت کاتێکی دیاریکراوی بۆ دیاریی بکرێت، کە تۆ مەرجت ئەوە بوو مادەی (١٤٠) جێبەجێ بکرێت، ئینجا بەشداریی لە حکومەتێک بکەیت، کە جێبەجێنەکرا ئۆتۆماتیکییەن دەبێت بکشێیتەوە، کە خاڵێکی هاوپەیمانییەکە جێبەجێ نەکرا. لەکاتی دانیشتمان لەگەڵ سەرجەم لیستە کوردییەکان داوا دەکەین، کە سووربین لەسەر جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)، دەبێت لەناو خۆمان دابنیشین سەرجەم کێشەکانی ناو خۆمان چارەسەر بکەین، ئینجا هاوپەیمانیی لەگەڵ لایەنەکانی دیکە بکەین، دەبێت یەکگرتووانە بچینە بەغدا بۆ ئەوەی ئەو ئامانجانەی خەڵکی کوردستان بێنینەدی».

لەلایەکی دیکەوە د.فوئاد حسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی شەرقولئەوسەت رایگەیاند؛ کورد بۆ بەستنی هەر هاوپەیمانێتییەک دوو پێش مەرجی هەیە، یەکەمیان: ئەوەیە کە ئەو هێزانەی حکومەت بەڕێوەدەبەن، باوەڕیان بە ناوەڕۆکی مادەی (١٤٠) هەبێت، دووەمیشیان: بەشداریی چالاکانەی کوردە لە بڕیاردانی سیاسیدا.

عەبدولحەمید باقی، کاندیدی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لە دهۆک بۆ رۆژنامە جەخت لەسەر گرنگیی هەبوونی پەیامێکی یەکگرتوو و رێکخراو دەکاتەوە بەرامبەر هەر هاوپەیمانێتییەک، کە دەبەسترێت، باقی دەڵێت: «ئێمە لەم قۆناغەدا پێش هەمووشتێک: پێویستمان بە یەکڕیزیی هەیە، پێویستە لەنێوان خۆمان رێکبکەوین تاکو لەسەرەتاوە قسەی خۆمان هەبێت بۆ کێشەکانمان، بێگومان هاتنی سەرۆکی لیستە عەرەبییە سەرکەوتووەکان ئاماژەیەکی روونە، کە گرنگیی پێگەی کورد دەردەخات لە عێراق، بۆیە ئێمە پێویستە یەکهەڵوێست بین بەرامبەر ئەو کێشانەی تائێستا ماونەتەوە، بەتایبەت مادەی (١٤٠)».

ئوسامە جەمیل، کاندیدی یەکگرتووی ئیسلامیی لە پارێزگای هەولێر بۆ رۆژنامە باسی لەوەکرد؛ کە ئەمجارە پێویست ناکات کاتێکی دیاریکراو دابنرێت بۆ جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)، بەڵکو پێویستە لە هۆکارەکان بکۆڵدرێتەوە، کە بۆچی ئەو مادەیە جێبەجێنەکراوە؟».

هەروەها وتی: «لە هەر رێکەوتنێکی پێش وەخت پێویستە هۆکارەکانی جێبەجێنەکردنی ئەو برگە دەستوورییە شیبکرێنەوە، ئەگەرنا کاتی دیاریکراویش دابنرێت، بەهەمان سیناریۆی پێشوو دەچێت، خۆ لەماوەی رابردووش کاتێکی دیاریکراو هەبوو، بەڵام بۆ کارەکان دواخران؟»، ئوسامە جەمیل زیاتر وتی: «هەموو هاوپەیمانییەک لەسەر ئەساسی دانوستانە، بۆ ئێمەی کورد ئەمجارە هاوکێشەکە گۆڕاوە، کورد چەند لیستێکە، هەروەها هەمووشمان کۆکین لەسەر ئەو مادە دەستوورییە، بۆیە ئەگەر ئەو بەشدارییەی ئێمە هێندە کاریگەرو گرنگ بێت بۆ دروستبوونی حکومەت، دەبێت رەچاوی داواکارییەکانی ئێمەش بکرێت».

## دوای چوار ساڵ، تائێستا لە قۆناغی یەکەمی کارەکانیدایە

# لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) هەڵدەوەشێتەوە

**راپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵڵا**




لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی کابینەکەی نوری مالیکیدا، هەڵدەوەشێتەوە، کە سەرەڕای چوار ساڵ کارکردن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لیژنە باڵاکە تائێستا قۆناغی یەکەمی کارەکانی (ئاساییکردنەوە)ی تێنەپەڕاندووە.

د.ئەحمەد ئەنوەر، ئەندامی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق(پێشوو) بە رۆژنامەی راگەیاند: لیژنەی مادەی (١٤٠) لیژنەیەکی تەنفیزییەو لە کاتی کابینەکەی نوری مالیکیدا پێکهاتو چەند وەزیرێکی ئەو کابینەیە ئەندامی لیژنەکە بوون، هەرکات کابینەی نوێی حکومەتی عێراق دەستبەکاربوو، ئەم کابینەیەی مالیکی هەڵدەوەشێتەوەو لەو چوارچێوەیەشدا لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی (١٤٠) هەڵدەوەشێتەوە.

مانگی ئایاری ساڵی (٢٠٠٦) نوری مالیکی راسپێدرا بە پێکهێنانی حکومەتی نیشتمانیی عێراقو کارنامەی حکومەتەکەی راگەیاند، بەپێی مادەی (٢٢)ی کارنامەی مالیکی، دووبارە حکومەتەکەی پابەند کردەوە بە جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ەوە.

هەروەک لە برگەی (٢٢) لە کارنامەی حکومەتی مالیکیدا ئاماژە بەوە کراوە «حکومەت پابەندە بە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) لە دەستووری هەمیشەیی عێراق، کە پشتدەبەستێت بە مادەی (٥٨) لە یاسای کاتیی ئیدارەی دەوڵەت، ئەم جێبەجێکردنەش بە سێ قۆناغ دەبێت (ئاساییکردنەوە، سەرژمێرییو ریفراندۆم)، لە کەرکوکو ناوچەکانی دیکە، کە ناکۆکییان لەسەرە، حکومەتیش هەر لە سەرەتای پێکهێنانییەوە هەنگاوی پێویست دەگرێتەبەر بۆ جێبەجێکردنی رێوشوێنەکانی قۆناغی ئاساییکردنەوە، لەوانەش: (گەڕاندنەوەی ئەو قەزاو ناحیانەی کە لە بنەڕەتدا سەر بە کەرکوک بوون).

لە رۆژی (٢٠٠٦/٨/٩) بە نووسراوی ژمارە (١٣٧٣٤٨) لیژنەی باڵای حکومیی بۆ جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) بە سەرۆکایەتی هاشم شبلی وەزیری دادی عێراقو ئەندامێتی (٤) وەزیر، کە دوانیان کوردبوون، پێکهێنرا بۆ جێبەجێکردنی مادەکە، جگە لەوەش کاکەڕەش سدیق، وەک نوێنەری پارێزگای کەرکوکو محەمەد خەلیل، وەک نوێنەری عەرەب لە ئەنجومەنی پارێزگاو تەحسین محەمەد، نوێنەری تورکمان لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، ئاشوور یەڵدا، وەک نوێنەری کلدۆئاشووری دەستنیشانکران، لیژنە باڵاکە لە (٢٠٠٧/١/١٦ تا ٢٠٠٧/٢/٤) چوار بڕیاری دەرکرد، کە تیکڕای بڕیارەکان تایبەتبوون بە ئاساییکردنەوەی بارودۆخی ئەو ناوچانەی، کە ناکۆکییان لەسەرە.

نەرمین عوسمان، جێگری سەرۆکی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) بە رۆژنامەی راگەیاند: تائێستاش لیژنەکە لە کارەکانی بەردەوامەو لە ساڵی ٢٠١٠دا بودجەی بۆ دانراوەو بگرە لە ئێستاشدا لیژنەکە فراوانتربووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە لەم قۆناغەدا ئەندامانی پەرلەمان کاراتربنو بڕیارو راسپاردەکانی لیژنەی باڵای مادەی (١٤٠) بکەنە مەسەلەیەکی گرنگ لە پەرلەماندا.

وتیشی: «ئێمە لە لیژنەی باڵای جیبەجێکردنی مادەی (١٤٠)، لە قۆناغی رابردوودا رووبەڕووی چەند کێشەیەک بووینەوە، دیارترینیان؛ «ئەنجامنەدانی سەرژمێریی دانیشتووان، نەبوونیو کەمیی بودجە».

لە (٢٠١٠/٣/٧)دا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەڕێوەچوو، هاوکات چەند مانگێکی دیکە کابینەیەکی نوێی حکومەتی عێراق پێکدەهێنرێتو کابینەی ئێستای حکومەت هەڵدەوەشێتەوە، بەوپێیەش لە رووی یاساییەوە لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) هەڵدەوەشێتەوە، هاوکات چاودێران بە پێویستی دەزانن لیستە براوەکانی کوردستان جەخت لەسەر جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) بکاتەوەو یەکێک بێت لە مەرجەکانی بەستنی هاوپەیمانێتیی لایەنە کوردییەکان لەگەڵ لیستە عێراقییەکاندا.

بە بڕوای نەرمین عوسمان، ئەو لیژنەیە دەمێنێتەوەو میکانیزمی جێبەجێکردنی کارەکانی ناگۆڕێت، بەڵام هەندێک لە دەموچاوەکان دەگۆڕێت، لیستی هاوپەیمانییو لیستە کوردییەکانی دیکە، هاوپەیمانێتییەکانیان دەبەستنەوە بە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)ەوە.

وتیشی: «پێویستە لەم قۆناغەدا ئەندامانی پەرلەمان کاراتربنو بڕیارو راسپاردەکانی لیژنەی باڵای مادەی (١٤٠) بکەنە مەسەلەیەکی گرنگ لە پەرلەماندا».

هەروەک ئەحمەد ئەنوەر، باس لەوەدەکات، جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی داهاتوو، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە لایەنە کوردییەکان لە هاوپەیمانێتییەکانیاندا ئەو مەسەلەیە بکەنە یەکێک لە مەرجەکانیان.

سەرەڕای کارکردنی بۆ ماوەی چوار ساڵ، بەڵام تائێستا لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) لە هەنگاوی یەکەمی قۆناغی ئاساییکردنەوەدایەو تەنیا قەرەبووی ئاوارەو هاوردەکان دەکاتەوەو هەنگاوەکانی دیکەی، گەڕانەوەی ئەوانە بۆ شوێنی خۆیانو گەڕانەوەی یەکە ئیدارییەکان جێبەجێنەکراوە، هەروەک چاودێرانی سیاسیی بە پێویستی دەزانن کورد بیر لە میکانیزمی دیکە بکاتەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو مادەیە.

حەمدی گلی، چاودێری سیاسیی پێیوایە؛ ئەو لیژنەیە سەرکەوتوو نەبوو لە کارەکانیدا، چونکە لیژنەکە دەسەڵاتی نەبوو لە بەرامبەریشدا وەزارەتەکانو بەرپەرسانی حکومیی هاوکاریی لیژنەکەیان نەکردووەو بگرە رێگربوون لە بەردەم کارەکانیدا، وتیشی: «لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) نەیتوانی هیچ شتێک پێشکەش بکات، تەنانەت نەیتوانی پردێک لەنێوان کوردو عەرەب، کوردو تورکمان، عەرەبو تورکمان دروستبکات، پێویستە کورد بە میکانیزمی دیکە کار بۆ جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) بکاتو بەجدیی کاربکات بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندیی لەگەڵ تورکمانو هەروەها عەرەبیشدا، چونکە مادەی (١٤٠) بەوجۆرە لیژنانە جێبەجێ ناکرێت».




# هێڵی گه‌نجان

تایبه‌تمه‌ندییه‌کانی هێڵی گه‌نجان:

– مانگانه ١٠٠ کورته‌نامه‌ی بێبه‌رامبه‌رت به‌ده‌ست ده‌که‌وێت

– به‌شداربوونێکی بێبه‌رامبه‌ر له خزمه‌تگوزاریی (دۆستان) که ڕێت پێده‌دات به ته‌نها ٧٠ دینار له‌گه‌ڵ ٥ ژماره‌دا قسه بکه‌یت که خۆت هه‌ڵیان ده‌بژێریت.

– به‌شداربوونێکی بێبه‌رامبه‌ر له خزمه‌تگوزاریی بای بای که ڕێت پێده‌دات ڕێگه له هاتنی په‌یوه‌ندی و نامه بگریت له ٥ ژماره که خۆت دیاری ده‌که‌یت.

– داشکاندن به ڕێژه‌ی ٧٥٪ له نرخی ئینته‌رنێت.

| جۆری په‌یوه‌ندی | نرخ به دیناری عێراقی | |
|---|---|---|
| | ٩ ی به‌یانی– ١٢ ی شه‌و | ١٢ شه‌و – ٩ ی به‌یانی |
| ئاسیاسێڵ بۆ ئاسیاسێڵ | ٩٥ دینار بۆ ده‌قیقه‌یه‌ک | ١٢ دینار بۆ ده‌قیقه‌یه‌ک |
| ئاسیاسێڵ بۆ تۆڕه‌کانی تر | ١١٠ دینار بۆ ده‌قیقه‌یه‌ک | |
| کورته‌نامه له ئاسیاسێڵ بۆ ئاسیاسێڵ | ٢٥ دینار بۆ هه‌ر کورته‌نامه‌یه‌ک | ١٢ دینار بۆ هه‌ر کورته‌نامه‌یه‌ک |
| کورته‌نامه بۆ تۆڕه‌کانی تر | ٥٠ دینار بۆ هه‌ر کورته‌نامه‌یه‌ک | |
| کورته‌نامه نێوده‌وڵه‌تییه‌کان | ١٢٥ دینار بۆ هه‌ر کورته‌نامه‌یه‌ک | |
| نامه‌ی ده‌نگ و ڕه‌نگ MMS | ١٢٠ دینار بۆ هه‌ر نامه‌یه‌ک | |
| ئینته‌رنێت | ١٢ دینار بۆ هه‌ر ١٠ کیلۆبایت | ٣ دینار بۆ هه‌ر ١٠ کیلۆبایت |

## نرخی هێڵه‌کانی ئاسیاسێڵ

• نرخی هێڵی پریپه‌ید ٦٠٠٠ دیناره و ٣٥٠٠ دینار باڵانسی بێبه‌رامبه‌ری تێدایه

• نرخی هێڵی گه‌نجان ١٢٠٠٠ دیناره‌و ١٢٠٠ دینار باڵانسی بێبه‌رامبه‌ری تێدایه له‌گه‌ڵ ١٢٠٠ به‌شداربوونی مانگانه

ئاسیاسێڵ
کۆمانده‌کاته‌وه

# لە ڕێكەوتی ١/٤/ ٢٠١٠ەوە نرخی پەیوەندییەكانی ئاسیاسێڵ دەگۆڕێت بۆ دیناری عێراقی لەبری دۆلار

کارتەکانی پڕکردنەوەی باڵانس بە جۆری (٥٠٠٠ – ١٠٠٠٠ - ٢٥٠٠٠ – ١٠٠٠٠٠) دیناری لەدوای ئەو ڕێکەوتەوە دابین دەکرێت

## هێڵی پریپەید

| جۆری پەیوەندی | نرخ بە دیناری عێراقی | |
|---|---|---|
| | ٩ ی بەیانی– ١٢ ی شەو | ١٢ شەو – ٩ ی بەیانی |
| ئاسیاسێڵ بۆ ئاسیاسێڵ | ٩٥ دینار بۆ دەقیقەیەک | ٢٥ دینار بۆ دەقیقەیەک |
| ئاسیاسێڵ بۆ تۆڕەکانی تر | ١١٠ دینار بۆ دەقیقەیەک | |
| کورتەنامە لە ئاسیاسێڵ بۆ ئاسیاسێڵ | ٢٥ دینار بۆ هەر کورتەنامەیەک | |
| کورتەنامە بۆ تۆڕەکانی تر | ٥٠ دینار بۆ هەر کورتەنامەیەک | |
| کورتەنامە نێودەوڵەتییەکان | ١٢٥ دینار بۆ هەر کورتەنامەیەک | |
| نامەی دەنگ و ڕەنگ MMS | ١٢٠ دینار بۆ هەر نامەیەک | |
| ئینتەرنێت | ١٢ دینار بۆ هەر ١٠ کیلۆبایت، ڕۆژی هەینی : ٦ دینار بۆ هەر ١٠ کیلۆبایت | |

## خزمەتگوزاریی ئاسیاسێڵ بە چرکە

بۆ بەشداربووانی ئەم خزمەتگوزارییە نرخ لەسەر بنەمای ١٠ چرکە ئەژمار دەکرێت وەک ئەم خشتەیەی لای خوارەوە

| جۆری پەیوەندی | نرخ بە دیناری عێراقی |
|---|---|
| ئاسیاسێڵ بۆ ئاسیاسێڵ | ٢٤ دینار بۆ هەر ١٠ چرکەیەک |
| ئاسیاسێڵ بۆ تۆڕەکانی تر | ٣٦ دینار بۆ هەر ١٠ چرکەیەک |
| کورتەنامە لە ئاسیاسێڵ بۆ ئاسیاسێڵ | ٥٠ دینار بۆ هەر کورتەنامەیەک |
| کورتەنامە بۆ تۆڕەکانی تر | ٥٠ دینار بۆ هەر کورتەنامەیەک |
| کورتەنامە نێودەوڵەتییەکان | ١٥٠ دینار بۆ کورتەنامەیەک |
| نامەی دەنگ و ڕەنگ MMS | ١٢٠ دینار بۆ هەر نامەیەک |
| ئینتەرنێت | ١٢ دیناربۆ هەر ١٠ کیلۆبایت |

## هێڵی پۆستپەیدی ئاسیاسێڵ

| جۆری پەیوەندی | نرخ بە دیناری عێراقی | |
|---|---|---|
| | ٩ ی بەیانی– ١٢ ی شەو | ١٢ شەو – ٩ ی بەیانی |
| ئاسیاسێڵ بۆ ئاسیاسێڵ | ٧٠ دینار بۆ دەقیقەیەک | ١٢ دینار بۆ دەقیقەیەک |
| ئاسیاسێڵ بۆ تۆڕەکانی تر | ٩٥ دینار بۆ دەقیقەیەک | |
| کورتەنامە لە ئاسیاسێڵ بۆ ئاسیاسێڵ | ٢٥ دینار بۆ هەر کورتەنامەیەک | |
| کورتەنامە بۆ تۆڕەکانی تر | ٥٠ دینار بۆ هەر کورتەنامەیەک | |
| کورتەنامە نێودەوڵەتییەکان | ١٢٥ دینار بۆ هەر کورتەنامەیەک | |
| نامەی دەنگ و ڕەنگ MMS | ١٢٠ دینار بۆ هەر نامەیەک | |
| ئینتەرنێت | ١٢ دینار بۆ هەر ١٠ کیلۆبایت، ڕۆژی هەینی : ٦ دینار بۆ هەر ١٠ کیلۆبایت | |


بڕی پارەی خەوێنراو:

| جۆری پەیوەندی | بڕی پارەی خەوێنراو ئۆفەری ١ | بڕی پارەی خەوێنراو ئۆفەری ٢ |
|---|---|---|
| پەیوەندیی ناوخۆ | ١٨٠,٠٠٠ دینار | ٩٠,٠٠٠ دینار |
| پەیوەندیی نێودەوڵەتی + پەیوەندیی ناوخۆ | ٣٦٠,٠٠٠ دینار | ١٨٠,٠٠٠ دینار |
| گەڕانی وڵاتان + پەیوەندیی نێودەوڵەتی+ پەیوەندیی ناوخۆ | ٦٠٠,٠٠٠ دینار | ٦٠٠,٠٠٠ دینار |

www.asiacell.com خزمەتگوزاریی بەشداربووان ١١١

# ئاشتی هەورامیی‌و فەزیحەکەی تۆنی بلێر

راپۆرتی: شاڵاو فەتاح



ئاشتی هەورامی



ڤێلاکەی ئاشتی هەورامی بەهاکەی (٤) ملیۆن پاوەندەو لە گوندی فاولی لەسەر سنووری بوکینگهام شایرو ئۆکسفۆرد شایر

ئەو سیاسییانەی، کە کۆنترۆڵی یەکێک لە دەوڵەمەندترین هەرێمە نەوتییەکانی لەدەستدایە، داوای لێکۆڵینەوە لە تێوەگلانی تۆنی بلێری سەرۆک وەزیرانی پێشووی بەریتانیاو کۆمپانیایەکی نەوتی کۆریای باشوور دەکەن. تۆنی بلێر، وەک راوێژکاری کۆمپانیای وزەی یوئای، کە ملیۆنان دۆلاری وەبەرهێناوە لە بەرامبەر گەرانیدا بۆ نەوت لە هەرێمی کوردستان، بەکرێگیرابوو، بەشدارییەکەی تۆنی بلێر، میدیای هەرێمی کوردستانی وروووژانــدو لە مانشێتی رۆژنامەکاندا باسدەکرا.

یەکێک لە سەرکردە باڵاکانی ئۆپۆزسیۆن مشتومڕی تـەواوی دەوێـت لـەبـارەی کەیسەکەی بلێرەوە، محەمەد تۆفیق رەحیم، وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان لەمبارەیەوە وتـی، کۆمپانیایەکی کۆریای باشوور تینووی ئیمتیازاتە لە کێڵگە نەوتییەکانماندا، لەولاشەوە تۆنی بلێر، پەیوەندیی شەخسیی بە جەلال تاڵەبانی، سەرۆکی عێراقەوە دەکات، ئێمە داوای روونکردنەوە لەبارەی ئەم فەزیحەتەوە دەکەین لە بلێرو داوای شەفافیەت دەکەین لە داهاتوودا.

ئاشتی هەورامی، تەمەن (٦١) ساڵ، کە بزنسمانێکی دیاری هەرێمەو ئێستا لەژێر لێکۆڵینەوەی دەزگایەکی دارایی بەریتانیدایە، کۆشکێکی هەیە کە (٣٠)کم لە گوندەکەی تۆنی بلێرەوە دوورەو ئێستا وەزیری نەوت‌و سامانە سرووشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بەڵام کەمتر لە کوردستان دەژی‌و تەنیا بۆ ماوەیەکی کاتیی سەردانی هەرێم دەکات‌و زۆربەی کاتەکانی لە کۆشکەکەی خۆیدا لە بەریتانیا بەسەردەبات، هەورامی وەبەرهێنانی لە کۆمپانیای هێریتەیج ئۆیڵ دەستپێکرد، پاش بەستنی گرێبەستی کارکردن بۆ دۆزینەوەی نەوت لە هەرێمدا، دەوترێت (١٣) ملیۆن پـاوەن قـازانجی کـردووە، ئێستاش ئەوە دەرکەوتووە، کە ئاشتی هەورامی، لەگەڵ سەرۆکی کۆمپانیای وزەی یوئای کیو سون چۆی، کۆبووەتەوە.

لەکاتێکدا کیو سون چۆی، لە کۆریا دوو ساڵ لە زینداندا بووە، لەبەر گەندەڵیی‌و پاشان کەیسی گەندەڵیی لە بەریتانیا لێ ئاشکرا بووە، دواتریش بەرتیلی داوەتە تۆنی بلێر، بۆ ئەوەی یارمەتیبدات کۆمپانیاکەی بەشداریی لە بزنسی نەوت لە کوردستاندا بکات، کۆمپانیای وزەی یوئای دەڵێت: کە لە ساڵی (٢٠٠٨)دا پارە دراوە بە تۆنی بلێر.

ئاشتی هەورامی دەڵێت: کە بەهیچ جۆرێک گرێبەستمان لەگەڵ ئـەو کۆمپانیایەدا نەبووە، بەڵکو گرێبەستمان لەگەڵ کۆمپانیا حکومییەکانی کۆریای باشوور هەبووە، کە ئەو کۆمپانیایەش یەکێکە لەوان، هەورامی ئـەوە دەڵـێـت؛ کە ئـەوان ئـاگـاداری ئەوە بوون، کە ئەو کۆمپانیایە پرۆژەی زۆری لە کوردستاندا هەیە، بەڵام لە پەیوەندیی ئەو کۆمپانیایەو تۆنی بلێر ئاگادار نەبوون، ئاشتی هـەورامـی ئامادەنەبوو وەڵامـی پرسیار بداتەوە لەبارەی لێکۆڵینەوەکەی.

**دەیلی مەیڵ**

# هەرێمی کوردستان خۆی بۆ وەرزی گەشتوگوزار ئامادە نەکردووە

راپۆرتی: ئەحمەد باڵەکی
والی عوسمان، لاڤە بەشارەت



حکومەتی هەرێم هیچ رۆڵێکی نییە لە دروستکردنی سەیرانگاکان‌و سەیرانگاکان سرووشتین

لـەگـەڵ دەسـتـپـێـکـردنـی وەرزی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان‌و دەستپێکردنی ئاهەنگەکانی بەهارو نەورۆز، مەزەندە دەکرێت زیاتر لە (٢٥) هەزار گەشتیاری بیانیی روویان لە هەرێمی کوردستان کردبێت، جگە لە سەدان هەزار گەشتیاری ناوخۆیی، بـەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان سەیرانگاکانی بۆ ئەو وەرزە ئامادەنەکردووەو نەتوانراوە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان بخرێتە خزمەتی ئەو گەشتیارانەوە.

فریبا عەلی، کچە کوردێکی دانیشتووی شاری (پاوە)یەو یەکێکە لەو گەشتیارانەی هاتبوونە هـەرێـمـەوە، وێـڕای جەژنە پیرۆزە لە گەلی کورد، بۆ رۆژنامە وتی: «لەبەرئەوەی هاتوچۆکردن ئاسانتربووەو دەتوانین بە ئۆتۆمبێلی خۆمانەوە بێین بۆ کوردستان، پێمانخۆش بوو جەژنی نەورۆز لە کوردستان بەسەربەرین، لەناو خزم‌و کەسوکارماندا».

بۆنەکانی نـەورۆزو دەستپێکردنی وەرزی بـەهـاری ئەمساڵی هەرێمی کوردستان، گەورەترین ئاپۆرای گەشت‌و سەیرانی بەخۆیەوە بینیوە، چونکە لە ناوەڕاست‌و باشووری عێراق‌و لە ئێرانەوە دەیان هەزار گەشتیار روویان لە هەرێمی کوردستان کـردووە، بـەڵام بێپلانیی حکومەت بۆ ئەم وەرزە، وایکردووە بە قازانجی ئابووریی هەرێمی کوردستان نەشکێتەوە.

سـەرچـاوەیـەک لە مـەرزی باشماخ لەبارەی هاتنی میوانانی ئێرانییەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: «سەردانی گەشتیارانی ئێرانی لەمساڵدا زیاترە لە ساڵانی رابردوو، بەهۆی ئـەوەی کە ئێستا گەشتیارانی ئێرانی بە پاسپۆرت‌و ئۆتۆمبێلی خۆیانەوە سەردانی کوردستان دەکەن، چونکە پێشتر ئەو خزمەتگوزارییە لەم مەرزەدا نەبووە».

ئەو سەرچاوەیە ئەوەشی ئاشکراکرد؛ «لەماوەی (٣) رۆژی پێش جەژنی نەورۆزدا (١٠) هەزار گەشتیار لە بنکەکانی نشینگەی باشماخ‌و سەیرانبەنەوە سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردووە».

لەلایەکی دیکەوە، رۆژی (٣/٢٠) عەمید عەبدولخالق تەلعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر، ئاشکرایکرد؛ «زیاتر لە (١٥) هەزار گەشتیاری عەرەب لە باشوورو نـاوەڕاسـتـی عـێـراقـەوە گەیشتوونەتە پارێزگای هەولێر بۆ بەشداریکردن لە ئاهەنگەکانی نەورۆزدا».

هاتنی ئەم گەشتیارانە لەکاتێکدایە، کە سەیرانگاو هۆتێل‌و چێشتخانەکانی هەرێمی کوردستان بەپێی پێویست ئامادەنەکراون‌و ساڵی پاریش لە نـەورۆزدا ژمارەیەکی زۆر گەشتیاری بیانیی بەهۆی نەبوونی هۆتێلەوە لە شارەکانی سلێمانی‌و هەولێرو دهۆکدا، لە چێشتخانەو سەر شەقامەکان خەوتن.

لە هەرێمی کوردستاندا تەنیا (١٢٨) هۆتێل‌و (٧٤) مۆتێل هەیە، کە ئەمەش تەنیا بەشی نیوەی ئەو گەشتیارانە دەکات، کە روویان لە هەرێمی کوردستان کردووەو بە (٢٥) هەزار گەشتیار دەخەمڵێنرێن، بۆیە هەندێک لەو گەشتیارانە پەنا بۆ ماڵی خزم‌و هەندێکیشیان پەنا بۆ چادرو ئۆتۆمبێلەکانیان دەبەن.

بەپێی مەزەندەکردنێکی نارەسمیی «داهاتی ئەو گەشتیارانە لەماوەی یەک هەفتەی نـەورۆزدا (٥) ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بووە بۆ هەرێمی کوردستان، ئەگەر هەر گەشتیارێک (٧) رۆژ مابێتەوەو (٢٠٠) دۆلاری لەو هەفتەیەدا خەرجکردبێت».

بـورهـان مستەفا، بـەڕێـوەبـەری بـەڕێـوەبـەرێـتـیـی گـەشـتـوگـوزاری سـۆران، جەخت لـەوە دەکـاتـەوە، کە بەڕێوەبەرێتییەکەیان ئەمساڵ جیاواز لە ساڵانی رابـردوو خۆیان بۆ وەرزی گەشتوگوزار ئـامـادەکـردووەو دەڵێت: «ئەمساڵ جیا لەساڵانی رابردوو پلانێکی تۆکمەترمان دانابوو بۆ پێشوازیکردن لە گەشتیاران».

بـەڕێـوەبـەری بـەڕێـوەبـەرێـتـیـی گـەشـتـوگـوزاری سـۆران ئاشکراشی دەکـات، کە تەنیا لە رۆژانـی نـەورۆزدا (١٧٢) هەزار گەشتیاری ناوخۆیی‌و (١٩) هـەزار گەشتیاری ئێرانیش سەردانی هاوینەهەوارەکانی قـەزای سۆرانیان کردووە.

هەرێمی کوردستان سرووشتێکی جوانی هەیەو بەشێکی زۆر لە گەشتیاران سوودیان لە سرووشتی هەرێم بینیوە، نەک لەو سەیرانگایانەی کە حکومەتی هەرێم رۆڵی هەبووە لە دروستکردنیاندا، ئەمە جگە لەوەی بەشێکیش لە سەیرانگاکانی هەرێم لە ئێستادا کاریان تێدادەکرێت‌و ناتوانرێت بۆ ئەم وەرزە سوودیان لێوەربگیرێت.

مەهاباد شێخ لەتیف حەفید، بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری سلێمانی، جەخت لەوە دەکاتەوە، کە لە ئێستاشدا هەڵمەتێکیان بۆ پاککردنەوەی شوێنە گەشتوگوزارییەکان دەستپێکردووەو هەڵمەتەکە لە نەورۆزەوە بەردەوامدەبێت تا وەرزی گەشتوگوزار تەواودەبێت‌و بودجەی پێویستیشی بۆ تەرخانکراوە، بەتایبەت بۆ سەیرانگاکانی دوکان، سەرگەڵوو، دەربەندیخان‌و چەمی رەزان.

بـەڕێـوەبـەری گـەشـتـوگـوزاری سلێمانی لەبارەی کردنەوەی تەوالێت لە سەیرانگاکاندا، کە یەکێک بـووە لە کەموکورتییەکانی چەند ساڵی رابردوو، وتی: «سەبارەت بە دانانی تەوالێت بۆ شوێنە گەشتوگوزارییەکان، بودجەی بۆ تەرخانکراوەو هـەر سەیرانگایەک (١٥) تەوالێت دەگرێتەخۆی بۆ ژنان‌و پیاوان، بـەڵام تائێستا ئیحالە نەکراوە بۆ کۆمپانیایەکی جێبەجێکار، چونکە ئەو بودجەیەی کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆی دابینکراوە، کەمە».

لـەبـارەی سەیرانگای دوکـانـەوە، مەهاباد شێخ لەتیف ئاماژەی بەوەکرد؛ بەڕێوەبەرێتییەکەیان بەشێوەی وەبەرهێنان کار بۆ ئەو سەیرانگایە دەکات، چونکە بە وتەی ئەو «حکومەت ئەو بودجە زۆرەی نییە کە بتوانێت هەموو پێداویستییەکان بۆ سەیرانگای دوکان دابینبکات».

سـەبـارەت بـەو پـرۆژە گەشتوگوزارییانەی کە لەئێستادا کەرتی تایبەت کاریان تێدادەکات، مەهاباد شێخ لەتیف روونیکردەوە، کە ئەوان زەوییان بۆ دابینکردوون‌و لەژێر ئیشرافی ئەواندان‌و هەندێکیان تـەواوبـوون، یان لە بواری جێبەجێکردندان، بۆ نموونە سەیرانگای سەرچنار کارەکانی تەواوبووەو لەم چەند رۆژەی داهاتوودا دەکرێتەوە، هەروەها باخی ئەوینیش، کە لەسەر بودجەی پارێزگا دروستکراوە، بەم نزیکانە دەکرێتەوە.

# دەستەی وەبەرهێنان، بە نایاسایی زەوی بۆ وەبەرهێنەکان تەرخان دەکات

راپۆرتی: رێبین فەتاح

**دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان کە تا سەرەتای ئەمساڵ، (٢٠٥) مۆڵەتی پرۆژەی وەبەرهێنانی لە بوارە جیاوازەکاندا بە کۆمپانیاو سەرمایەدارە بیانیو ناوخۆییەکان داوە، بەشێوەیەکی نایاساییو بەبێ رەچاوکردنی لایەنی تەکنیکی، زەوی بۆ پرۆژەکان تەرخاندەکاتو شارەزایەکی بواری وەبەرهێنانیش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، دەستەی وەبەرهێنان بەو کارەی، زیانی زۆری بە زەوییە کشتوکاڵییەکان گەیاندووە**


هێرش موحەڕەم، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان

بە گوێرەی ئەو نووسراو و بەڵگەنامە رەسمییانەی لە دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان دەست رۆژنامە کەوتوون، دەیان دۆنم زەوی، بەشێوەیەکی نایاساییو بەبێ رەچاوکردنی بنەماتەکنیکییەکان،بۆ ژمارەیەک لەو خاوەن کۆمپانیاو کارگەو سەرمایەدارانە تەرخانکراوە کە مۆڵەتی پـرۆژەی جۆراو جۆریان لەو دەستەیە وەرگرتووە.

ئـەو بەڵگەنامانەی دەســت رۆژنامە کەوتوون، ئەوە دەسەلمێنن، کە پاش ئەوەی بەشێوەیەکی یاساییو تەکنیکی رووبەری پێویست لە زەوی بۆ هەر یەک لە پرۆژەکان تەرخانکراوە، لەلایەن سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانەوە دەستکاریی رووبـەری زەوییەکان کــراوەو بەشێوەیەکی زەق رووبــەری زەوییە تەرخانکراوەکان بۆ ژمارەیەک لە وەبەرهێنەکان زیادکراوە، ئەمەش گومانی لەناو وەبەرهێنەکانو ژمارەیەک لە کاربەدەستانی خودی دەستەی وەبەرهێناندا دروستکردووە.

بەپێی یەکێک لەو بەڵگەنامانە، هێرش موحەڕەم سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان، دەستکاریی رووبـەری چەند پرۆژەیەکی نیشتەجێبوونی کردووەو بە قازانجی خاوەن پرۆژەکان زەوییەکانی زیادکردووە.

سەرچاوەیەکی بەرپرس لە دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان کە لەبەر هەستیاریی کـارەکـەی نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بۆ رۆژنامە جەختی لەسەر ئـەوە کــردەوە، کە ســەرۆکـی دەستەی وەبەرهێنان بەرپرسێکی کارگێڕییەو بە هیچ شێوەیەک نابێت دەستبخاتە ناو کاروبارە تەکنیکیو زانستییەکانی پرۆژەکانەوە، هەر لە نەخشەکانی تەلارسازییەوە تا دەگاتە تەرخانکردنی زەوی بۆ پرۆژەکان، چونکە هەموو ئەوانە لەلایەن بەڕێوەبەرێتییە تایبەتییەکانی وەک بەڕێوەبەرێتیی مۆڵەتو هەڵسەنگاندنو بەشی یاسایی دەستەوە رایی دەکرێن، بەڵام سەرۆکی دەستە لای خۆیەوە دەستکاریی ئەو رووبەرە زەوییانە دەکات کە لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانی ناو دەستەی وەبەرهێنانەوە بۆ پرۆژەکان تەرخانکراون، ئەمەش بەپێی یاساو رێنماییەکان گونجاو نییە.

بەپێی دۆسیەی ژمارەیەک لە پرۆژە مۆڵەتپێدراوەکان کە دەست رۆژنامە کەوتوون، پـرۆژە هەبووە لەلایەن بەڕێوەبەرێتیی مۆڵەتپێدانو هەڵسانگاندنەوە (٧٠)دۆنم زەوی بۆ تەرخانکراوە، بەڵام لەلایەن سەرۆکی دەستەوە زیاتر لە (٥٠)دۆنم زەویی دیکە بۆ خاوەنی پرۆژەکە زیادکراوە.

رۆژنامە بەڵگەی تـەواوی لەبەردەستە کە چەندینجار لەلایەن چەند سەرچاوەیەکی ناو دەستەی وەبەرهێنانەوە، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیــران لە تەرخانکردنو زیـادکـردنـی زەوی بــۆ کۆمپانیاو سەرمایەدارەکان لەلایەن سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانەوە ئاگادارکراوەتەوە، بەڵام تا ئێستا سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیـران بـەدواداچـوونـی لەسەر ئـەو مەسەلەیە نەکردووە.

فارس حسێن، بەرپرسی پێشووی لقی سلێمانی یەکێتیی جوتیارانی کوردستان بۆ رۆژنامە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە دەستەی وەبەرهێنان زیانێکی گەورەی بە زەوییە کشتوکاڵییەکان گەیاندووە، بەو هۆیەوە کە رەچاوی زەوییە کشتوکاڵییەکان ناکاتو بە هەزاران دۆنم لە رووبەری زەوییە کشتوکاڵییەکانی بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان تەرخانکردووە، ئەمەش پێویستی بە هەڵوێستە لەسەر کردنو رێگریکردن هەیە.

رۆژنـامـە لە ژمارەکانی داهاتوویدا، چەند راپـۆرتو بەدواداچوونێک لەسەر حاڵەتە نایاساییەکانی دەستەی وەبەرهێنان بڵاودەکاتەوە.

---

# ئیبراهیم خەلیل: رۆتینیاتی کوشندە، لە جێبەجێکردنی پرۆژەکانی کەرکوکدا هەیە

سازدانی: رێباز محەمەد

**ئیبراهیم خەلیل، سەرۆکی لیژنەی ئابووریو دارایی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەردوو وەزارەتی پلاندانانو وەزارەتی دارایی عێراق هۆکاری سەرەکین لە سەرفنەکردنی تەواوی ئەو بودجەیەی، بۆ پارێزگای کەرکوک تەرخاندەکرێتو لەکۆتایی ساڵدا دەگەڕێندرێتەوە بۆ ناوەند. لەوبارەیەشەوە رۆژنامە چەند پرسیارێکی ئاراستەی ناوبراو کرد.**

**رۆژنامە: تا چەند ناردنی کەمیی بودجەی ئەمساڵ بۆ پارێزگای کەرکوک پەیوەندیی بەهۆی سەرفنەکردنی بودجەی ساڵی (٢٠٠٩) هەیە، چونکە ساڵی (٢٠٠٩) بری (٤٠) ملیار دینار گەڕێنراوەتەوە بۆ بەغدا؟**

* من لەگەڵ گەڕانەوەی بودجە نیم بۆ بەغدا، چونکە پارە نایەت، هەتا بگەڕێتەوە، ئەو بودجەیەی بۆ شاری کەرکوک دیاریکراوە لەسەر رێژەی (ئینجاز) دێت، بۆ نموونە (١١٧) ملیار دینار بۆ شـاری کەرکوک تەرخانکراوە، کاتێک ئەو (١١٧) ملیار دینارە (١٠٪)ی جێبەجێ بکرێت، ئەوکاتە (١٠٪) ی بودجە بۆ کەرکوک دەنێردرێت، واتە بەپێی سەرف، بودجەت بۆ دەنێرین، ئەگەر گەیشتە کۆتایی ساڵو (١٠٠٪)ی پرۆژەکانت جێبەجێ نەکرد، ئەوانیش (١٠٠٪)ی بودجە نانێرن، واتە بودجە نایەت، هەتا بگەڕێتەوە، لەلایەکی دیکەوە وەزارەتی دارایی عێراقو وەزارەتی پلاندانانی عێراق بەرپرسیاری گەورەن لەو پارەیەی سەرف ناکرێت.

**رۆژنامە: بۆچی؟**

* چونکە هەتا ساڵی (٢٠٠٩) بودجە لە کۆتایی مانگی نیسان دەهات بۆ پارێزگاکە، ئەو بودجەیە ئەستەمە بتوانرێت لە ماوەی (٦ بۆ ٧) مانگ بە تەواوی کاری لەسەر بکەیت، جگە لەوەی کاری (عملیتی تدویر) هەیە لە بودجەدا، کە ئەو پارانەی سەرف ناکرێت لەو ساڵەدا، هەڵدەگیرێت بۆ ساڵی ئایندە، بۆئەوەی بتوانرێت پرۆژەکانی ئەو ساڵەی پێ جێبەجێ بکەیت، ئەوان ئەو عەمەلییەی تەدویرەشیان رەفزکردەوە، لەبەر ئەوە ئەو پرۆژانەی لە ساڵی ٢٠٠٨دا، جێبەجێ نەکراوە، کە ساڵی (٢٠٠٩) دێت، ئەوا دەبێت لە بودجەی ساڵی (٢٠٠٩) تـەواوکـاری پرۆژەکانی (٢٠٠٨) بێت، ئەمساڵیش بەهەمانشێوە لەو برە پارەیەی کە بۆ شاری کەرکوک دابینکراوە، ئێمە برێکی زۆرمــان دانــاوە بۆ تەواوکردنی پرۆژەکانی ساڵی (٢٠٠٩)، کە تـەواو نەکراوە، بەمشێوەیە ئەمە بەرپرسیاری وەزارەتــی پلاندانانو وەزارەتــی داراییە لەو یاسایەی، کە دایدەڕێژێت بۆ جۆری سەرفکردنی بودجە.

**رۆژنامە: ئەوەی باستکرد هۆکارە دەرەکییەکان بــوو کە پەیوەندیی بە مەرکەزەوە هەبوو، ئەی هۆکارە ناخۆییەکانی ناو پارێزگای کەرکوک چین لەسەر جـۆری سەرفنەکردنی بودجە؟**

* پشکی شـێـر بــەر وەزارەتـــی پلاندانانو وەزارەتی دارایی دەکەوێت لە سەرفنەکردنی بودجە، دواتر ئەو دەسەڵاتە تەنفیزییانەی کە لە شاری کەرکوک هەیە، کە هەڵدەسێت بە جێبەجێکردنی پرۆژەکان، دواتر ئەو بەڕێوەبەرێتییانەی کە بەتایبەت پرۆژەکانیان ئیحالە دەکـەن، هەروەها رۆتینیاتێکی کوشندە هەیە لە ئیحالەکردنی پرۆژەکاندا، لە راگەیاندنی پرۆژەکانەوە تا ئیستلامکردنی کۆتایی، هەروەها خاڵێکی گرنگ هەیە لەسەر جۆرێتی جێبەجێکردنی پرۆژەکان، پێدەچێت ئەو ئەندازیارانەی سەرپشتیاری پرۆژەکانن، لە بەڕێوەبەرێتییەکانەوە بە شێوەیەکی جدیی چاودێریی پرۆژەکانیان نەکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی دواکەوتنی پرۆژەکان.

**رۆژنامە: رۆژانە چەند هەزار بەرمیل نەوت لە کەرکوکەوە هەناردەی دەرەوە دەکرێت؟**

* بەشێوەیەکی وردو رەسمیی تائێستا وەکـو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک رێـژەی هەناردەکردنی نەوت لە شاری کەرکوکەوە بۆ دەرەوە نەگەیشتووەتە بەردەستمان، بەڵام ئەوەی لە بەردەستدایە رۆژانە (٦٥٠-٧٠٠) هەزار بەرمیل نەوت لە شاری کەرکوکەوە هەناردەی دەرەوە دەکرێت، ئەگەر بۆرییە نەوتییەکان تووشی کاری تیرۆریستی نەبێت، بەیاساش ئەوە رێکخراوە، کە بۆ هەر بەرمیلە نەوتێک دۆلارێک بدرێت بە کەرکوک.

**رۆژنامە: کێ بەرپرسە لە دواکەوتنی کــەرکــوک لــە هــەمــوو روویــەکــی خزمەتگوزارییەوە؟**

* هەموو لایەک بەشدارن لە دواخستنی ئـاوەدانـکـردنـەوەی شـاری کەرکوک بەشێوەیەکی رێکوپێک، چونکە هەتا ئێستا ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک دەسەڵاتی رەهای نییە، لە هەموو لیژنەکاندا بە لیژنەکەی ئێمەشەوە، چونکە ئەو ئەنجومەنی پارێزگایە، کە هەیە، هەڵنەساوە بە دانانی ئەو بەڕێوەبەرێتییانەی کە ئێستا هەیە، ئەو بەڕێوەبەرێتییەی کە دەسەڵاتی جێبەجێکردنن لە ئـاوەدانـکـردنـەوەی کەرکوک، ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک داینەناوە، بەڵکو کە ئێمە هەڵبژێردراین، ئەمانە دانرابوون، بۆیە لەدوای رووخاندنی رژێمی عێراق حیزبەکان بەڕێوەبەرەکانیان داناوە بۆ نموونە حیزبی عەرەبی بەڕێوەبەرە عەرەبەکانیان دانـــاوەو بـەڕێـوەبـەرە کوردییەکانی کەرکوکیش یەکێتیو پارتی دایاناون، جگە لەو دوو حیزبە کوردییە هیچ حیزبێکی دیکە بەڕێوەبەری وەرنەگرتووە، ئەگەر بەڕێوەبەرەکە تورکمان بێت، حیزبە تورکمانییەکان دایاناوە، لەبەرئەوە بـەرپـرسـیـاری دووەم بەشێوەیەکی سەرەکیی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو حیزبانەی کە ئەو بەڕێوەبەرانەیان داناوە.

لەلایەکی دیکەوە، وێرانکاریی کەرکوک دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتەکان، کە دەزانن ئەدای بەڕێوەبەرەکانی شاری کەرکوک چۆنەو لێپرسینەوەیان لەگەڵ ناکەن، بۆیە دەبێت ئێمە وەکو ئەنجومەنی پارێزگا لێپرسینەوە لە بەڕێوەبەرێتییەکانمان بکەین، ئـەگـەر کــاری باشی کــردووە دەستخۆشیی لێ بکەین.

**رۆژنامە: تائێستا لێپرسینەوەتان لە هیچ بەڕێوەبەرێک کردووە؟**

* لەبەر ئـەو کێشە سیاسییەی لە پارێزگای کەرکوک هەیە، کە کێشەیەکی زیاتر حیزبییو سیاسییە، لێپرسینەوە لەهیچ کام لە بەڕێوەبەرەکانی شاری کەرکوک نەکراوە، هەموو حیزبەکان لەپشتی دانانی هەموو بەڕێوەبەرەکانەوەن، ئەوە هۆکار بـوو، چونکە کاتێک حیزبێک لە پشتی بەڕێوەبەرەکان دەبن، بە دڵنیاییەوە ئەو بەڕێوەبەرە هەڵسوکەوتی بەپێی خواستی حیزبەکەی دەبێت.

---

# هەناردەکردنی نەوتی هەرێم، چاوەڕێی حکومەتی نوێی عێراقە

ئەلەند مەحوی

**وەزارەتی نەوتی عێراقو وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانی هەرێمی کوردستان، تائێستا هیچ کاتێکیان دیارینەکردووە بۆ دووبارە هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ دەرەوەی وڵات، بەم هۆیەشەوە هەردوولا چاوەڕوانی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق دەکەن.**

ئاشتی هــەورامــی، وەزیــری سامانە سرووشتییەکانی هەرێمی کوردستان، ئامادەیی هەرێمی کوردستانی راگەیاند بۆ دەستکردنەوە بە ناردنەدەرەوەی نەوت، هەرکات حکومەتی نوێی عێراق بیەوێت.

هەورامی بە رۆژنامەنووسانی راگەیاند: «دەتوانین سبەینێ رۆژانـە (١٠٠) هەزار بەرمیل نەوت هەناردەی بازاڕەکانی جیهان بکەین، بەڵام چاوەڕێی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی عێراق دەکەین».

لە ئێستادا هەرێمی کوردستان رۆژانە توانای ناردنەدەرەوەی (١٠٠) هەزار بەرمیلی هەیەو حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە هەوڵی ئەوەدایە لە کۆتایی ئەمساڵدا رۆژانە بیگەیەنێتە (٢٠٠-٥٠٠) هەزار بەرمیل نەوتو لە سێ ساڵی داهاتوودا رۆژانە بیگەیەنێتە (١) ملیۆن بەرمیل نەوت، چونکە یەدەگی دڵنیایی هەرێمی کوردستان لەنێوان (٢٠-٢٥) ملیار بەرمیلەو رەنگە ئەو ژمارەیە بۆ (٤٠) هەزار بەرمیل بەرزببێتەوە.

لای خۆشیەوە موعتەسەم ئەکرەم، بریکاری وەزارەتی نەوتی عێراق، جەخت لەوە دەکاتەوە، کە حکومەتی ناوەندیی عێراقیش ئامادەیە بۆ رەزامەندیی دەربڕین لەسەر دووبـارە نـاردنـەدەرەوەی نەوتی هــەرێـم، بۆ ئــەم مەبەستەش شاندێکی وەزارەتی نەوتی عێراق سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات.

بریکاری وەزارەتــی نەوتی عێراق بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەو شاندە کاری ئەوە دەبێت لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان رێکبکەوێت لەسەر تێچوونی هەر بەرمیلە نەوتێک کە کۆمپانیاکان دەریدەهێنن».

سەبارەت بەو پارەیەی کە پێویستە بدرێت بەو کۆمپانیایانەی کە گرێبەستیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، موعتەسەم ئەکرەم وتی: «تائێستا هەرێمو ناوەند لەسەر ئەو گرێبەستانە رێکنەکەتوون کە حکومەتی هەرێم ئەنجامیداوە، ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی دیارینەکرێت کێ پارەی ئەو کۆمپانیایانە دەدات».



## فراکسیۆنی گۆڕان لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە دەکات

# بەرپرسێکی پارتی لە کەرکوک، دەستدرێژیی سێکسی دەکاتە سەر ژنێک

راپۆرتی: رۆژنامە

بەرپرسێکی سەربازیی پارتی بەناوی (ر.ج) لەگەڵ دوو کەسی دیکە لە شاری کەرکوک، بە جلی سەربازییەوە هەڵدەکوتنە سەر ماڵی پێشمەرگەیەکی مەڵبەندی یەکێتیو پاش ئەوەی دەستو قاچی ژنەکەی دەبەستنەوە، دەستدرێژیی سێکسی دەکەنەسەرو دواتریش مێردەکەی بە تۆمەتی تیرۆریستبوون، دەستگیر دەکەنو ئەشکەنجەی دەدەن.

(پ.ع)، هاوسەری ئەو ژنەی دەستدرێژیی کراوەتەسەر، لە مەڵبەندی یەکێتی لە کەرکوک دەوام دەکاتو دەیگێڕێتەوە «رۆژێکیان دوای تەواوبوونی دەوامم، رۆشتمەوە ماڵەوەو ژنەکەمم بینی دەگریاو رەنگی تێکچووبوو، پرسیارم لێکرد، چی بووە، بۆ دەگریت، وتی: شتێک بووە، ئەگەر باسی بکەم هەردووکمان دەکوژن».

(پ) زۆر لە ژنەکەی دەکات، بۆ ئەوەی ئەو کارەساتەی کە بەسەریدا هاتووە، بۆی بگێڕێتەوە، ژنەکەشی بۆی باسدەکات، کە شەو منداڵەکانی بردووەتە دەرەوە بۆ سەرئاو، لەپڕ سێ کەس دەچنە حەوشەکەیانو پەلاماری دەدەنو دەستو قاچی دەبەستنەوەو دەیبەنە ژوورەوە.

هاوسەری ئەو ژنە دەڵێت «دوو لەو چەکدارانە دەمانچەیان خستووەتە سەر سەری ژنەکەمو بە زۆر دەستدرێژیی سێکسییان کردووەتە سەریو بە ڤیدیۆش وێنەیان گرتووەو هەڕەشەی ئەوەشیان لێکردووە، ئەگەر باسی بکات، ڤیدیۆکە بڵاودەکەنەوەو هەردووکمان دەکوژن».

پاش ڕووداوەکە، (پ) لە بنکەی پۆلیسی عروبە سکاڵا تۆمار دەکات لە دژی ئەو کەسانەو لەلایەن شێرزاد موەفەری، بەڕێوەبەری بنکەکەوە سەرجەم بەرپرسانی کورد لە کەرکوک لە ڕووداوەکە ئاگاداردەکرێنەوە، بەڵام عەقید (ج)، ئەو سێ کەسە تەسلیم بە پۆلیس ناکاتو لە هەوڵی ئەوەدا دەبێت بە پارە (پ) رازی بکات دەست لە سکاڵاکەی هەڵبگرێت.

(پ)، وتیشی: «من بەهیچ شێوەیەک نەچوومە ژێرباری داواکارییەکانیو پێموتن، چاوەڕوانی بڕیاری یاسا دەکەم».

لەماوەی دەستگیرکردنی ئەو کەسانەدا، عەقید (ج) بە هەموو شێوەیەک هەوڵیداوە، (پ) رازی بکات بە وازهێنان لە سکاڵاکەی، بەڵام ناوبراو سووربووە لەسەر ئەوەی کە یاسا کاری خۆی بکات، بەڵام وەک خۆی دەیگێڕێتەوە، رۆژێکیان لەلایەن سێ ئۆتۆمبێلی جام ڕەشەوە لە جۆری مۆنیکا، لەناو بازاڕی قادسیە بە بەرچاوی خەڵکەوە دەیرفێننو دەیبەن بۆ ماڵی عەقید (ج)و چەند کەسێک دەکەونە گیانی (پ)و بە هەموو شێوەیەک بۆ ماوەی سێ سەعات ئەشکەنجەی دەدەن، بۆئەوەی ناچاری بکەن لە سکاڵاکەی پەشیمانببێتەوە.

ئەو کەسانەی کە ڕووداوەکەیان بینیبوو، شێرزاد موەفەری، بەڕێوەبەری پۆلیسی عروبە لە رفاندنی (پ) ئاگادار دەکەنەوە، ئەویش بە تەلەفۆن عەقید (ج) ئاگاداردەکاتەوە، کە چارەنووسی گیانی (پ) لە ئەستۆیەتی. دواتر دەست لە ئەشکەنجەدانی هەڵدەگرنو بە فەرمانی عەقید (ج)، دەدرێتە دەست پۆلیسی تاوانو بە تاوانی تیرۆریستی ژمارە(٤) دەستگیر دەکرێتو دەخرێتە بەندیخانەوە، لەناو بەندیخانەی پۆلیسیشداو بۆ ماوەی شەش رۆژ، پاسەوانەکانی (ج) ئەشکەنجەیانداوەو بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدابوون کە ناچاری بکەن لە سکاڵاکەی پاشگەزببێتەوە.

بەپێی قسەی (پ)، لەوکاتانەی ئەمریکییەکان سەردانی بەندیخانەکەیان کردووە بۆ لێکۆڵینەوە لە هۆکاری گیرانی بەندییەکان، بە نیو سەعات پێشتر لەو سەردانانە، (پ.ع) شاردراوەتەوە.

دواتر (پ.ع) دراوە بە بەشی (تەسفیرات) و لەوێش وەکو تیرۆریست ئیفادەی لێوەرگیراوەو «بە ویستی خۆیان دۆسیەیان بۆ دروستکردووە»و کاتێکیش دۆسیەکەی دەخرێتە بەردەم دادوەرێک بەناوی (ف)، کە ئەویش سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانەو حاڵو باسی خۆی بۆ باسدەکات، کەچی یەک مانگ لە بەندیخانەدا دەهێڵرێتەوە.

سەرئەنجام بۆ ئازادکردنی کوڕەکەی، دایکی (پ) تکا لە رەفعەت عەبدوڵڵا، بەرپرسی مەڵبەندی کەرکوکی (ی.ن.ک) دەکات کە کوڕەکەی بۆ بەربدات، ئەویش لەگەڵ بەرپرسی پۆلیسی کەرکوک قسە دەکاتو (پ) ئازاد دەبێت.


(پ) ئاماژە بەوە دەکات، بەرلەوەی دەستگیر بکرێت، چەندجار چووەتە لای بەرپرسانی یەکێتی لە مەڵبەند، بەڵام پێیانوتووە «تۆ دەنگت بە گۆڕان داوە، لەبەرئەوە ئێمە هیچ پەیوەندییەکمان بە کێشەکەتەوە نییە»و تا ئێستاش (پ) هیچی لە سکاڵاکەی دەستنەکەوتووەو لە چاوەڕوانی ئەوەدایە کە یاسا کاری خۆی بکات.

جێی ئاماژەپێکردنە، (پ) تەنیا دایکی هەیەو ژنەکەشی تەنیا دوو مامی هەیەو لە پرۆسەی ئەنفالدا سەرجەم کەسوکاری هەردووکیان بوونەتە قوربانیی.

سایتی سبەی پەیوەندی بە دایکی (پ)-وە کردو بەدەم گریانەوە وتی: «ئێمە فەقیرینو بێدەسەڵاتین، دوای ئەوەی تەعدایان لێکردین، ئێستاش خێزانەکەمان پەرتەوازە بووە، بووکەکەم لە ماڵی خزمێکی خۆیەتی، کوڕەزاکانم هەریەکەو لە ماڵێکن، منو کوڕەکەشم لە شوێنێکی دیکە خۆمان حەشارداوەو دەترسین بەوەش وازمان لێ نەهێننو بمانکوژن، ئەوان مەسئولنو دەسەڵاتیان هەیە، یاساش کار بۆ ئەوان دەکات، بۆیە حەقی خۆمان داوەتە دەست خودا بۆ ئەوەی تۆڵەمان بۆ بکاتەوە».

بەهۆی خراپیی رەوشی ئەو شارەوە، کەرکوک بووەتە شوێنی تەسفیاتی ئەو کەسانەی کە هەردوو پارتی کوردی (یەکێتیو پارتی) بە نەیاری خۆیانیان دەزانن، بەم هۆیەشەوە کوشتنو رفاندنو ئەشکەنجەدان، بووەتە کارێکی سادەو رۆژانە چەندینجار دووبارە دەبنەوە.

(پ.ع) دەڵێت «من لایەنگری گۆڕان بووم،


دەسەڵات سووکایەتی بە ژنان دەکات لە کەرکوک

ئێستاش ئەوە بووەتە خاڵێک کە هەموو بەرپرسە پەیوەندیدارەکانی کەرکوک بە کێشەکەمەوە، دژی من بن، هەموویان لەگەڵ ئەوەدان کە من تەنازول بکەم لە حەقی خۆم، پێیانوتم، چەندت پارە دەوێت، چەند ژنت دەوێت، دەتدەینێو بۆت دەهێنین، بەڵام تەنازول بکە».

ئەو پێشمەرگەیەی مەڵبەندی یەکێتی، باسی لە رۆڵی شێرزاد موەفەری کردو وتی «هەر لە سەرەتاوە کاک شێرزاد نەبووایە، من تیادەچووم، ئەو پێیوتم، تا ئەمانە نەدەمە دەست یاسا، وازناهێنم، بەڵام دوای ئەو هەموو تەداخولانەی بەرپرسانی گەورەی کەرکوکو ئازادکردنی تاوانبارەکان، کاک شێرزاد پێیوتم، من ناتوانم هیچت بۆ بکەمو لەگەڵ ئەوانەدا هیچ ناکرێت».

لەبەرامبەردا عەقید شێرزاد موەفەری، بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی عروبە جەختی لەو ڕووداوە کردەوەو وتی «ئەوەی بەسەر ئەو خێزانە پێشمەرگەیەی کەرکوکدا هات، غەدرێکی گەورە بوو، تۆمەتبارەکانیش زەختو واستەی دنیایان کرد بۆ ئەوەی تاوانەکەیان بەسەردا نەدرێت».

سەبارەت بەو سکاڵایانەی (پ) لەسەر ئەو تۆمەتبارانە تۆماریکردوون، عەقید شێرزاد موەفەری، بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی عروبە ئاماژەی بەوەکرد «ئەو تۆمەتبارانە، ماوەیەک لەلای ئێمە زیندانیی کرابوون، بەڵام بە بڕیاری دادوەر ئازادبوونو دوانیان ئیفراج بوون، یەکێکیان بە کەفالەت ئازادکرا».

بەپێی وتەی ئەو بەرپرسەی پۆلیسی عروبە، ئەو تۆمەتبارانەش سکاڵایان لە دژی (پ.ع) تۆمارکردووە، بەتۆمەتی تەقەکردن لە ماڵی عەقید (ج)، بەڵام دواتر شێرزاد موەفەری ڕووداوەکە بۆ دادوەر (ف) ڕووندەکاتەوە، کە (پ.ع) تیرۆریست نییەو ئەو کەسێکی شکاتکەرەو دەستدرێژیی ناموسی کراوەتەسەر.

لەئێستادا بەهۆی ئەم ڕووداوەوە، خێزانەکەی (پ.ع) ئاوارەبوونو هەریەکە لە شوێنێک خۆیان شاردووەتەوەو (پ.ع)-ش سەرقاڵی فرۆشتنی خانووەکەیەتی، بۆ ئەوەی کەرکوک بەجێبهێڵێت.

(پ) دەڵێت: «ئەوان دەیانەوێت، من تەنازول بکەم بۆ ئەوەی نەمکوژن، بەڵام ئەوەی بەرامبەر من کردوویانە، هەزارجار لە کوشتن زیاترە، بۆیە ئامادەنیم لە حەقی خۆم خۆش بم».

دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ڕووداوە، بەهۆی ناشرینی کارەساتەکەوە، لەسەر ئاستی دەرەوەو ناوخۆی هەرێمی کوردستان کاردانەوەی لێکەوتەوەو فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان دەستیانکرد بە لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکەو کۆمەڵێک لە رۆشنبیرانی ناوخۆو دەرەوەش کەمپەینێکیان بۆ بەسزاگەیاندنی ئەنجامدەرانی ئەو تاوانە رێکخست.

پەیام ئەحمەد، ئەندامی لیژنەی کاروباری ژنان لە پەرلەمانی کوردستان بە سایتی سبەی راگەیاند «پەیوەندیمان کردووە بەهەندێک لە لایەنە بەرپرسەکانەوە، لە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانماندا بۆمان دەرکەوتووە، ئەو دادوەرەی بڕیاری یاسایی لەسەر کەیسەکە داوە، بەشێوەیەکی بێلایەن کاری نەکردووە، بەو پێیەی سێ دەستدرێژیکارەکەی بەبێ هیچ مەرجێک ئازادکردووە (بێ کەفالەت) و بەدواداچوونی وردی نەکردووە بۆ سەلماندنی راستی ڕووداوەکە».

ئەو پەرلەمانتارەی فراکسیۆنی گۆڕان ئەوەشی خستەڕوو، کە «دادوەرەکەی کەرکوک ژنەکەی نەناردووە بۆ پشکنینی پزیشکی، جگە لەوەش قوربانییەکە (ژنی پێشمەرگەکە) لەبەردەمی دادوەردا ئامادەیی پیشانداوە کە راستی سکاڵاکەی بسەلمێنێت، بەڵام دادوەر ئەو بابەتەی پشتگوێخستووەو تاوانبارەکانی ئازادکردووە».

پەیام ئەحمەد، ئاماژەی بەوەشکرد، کە لە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکاندا بۆمان دەرکەوتووە، «لەکاتێکدا (پ.ع) دەستگیرکراوە، وەکو تۆڵەیەک بەرامبەر ئەو سکاڵایەی تۆماری کردووە، هاوشێوەی ژنەکەی دەستدرێژیان کردووەتە سەر خۆیشی».

پەیام ئەحمەد، وەکو ئەندامێکی فراکسیۆنی گۆڕان ئیدانەی ئەو دەستدرێژییەی کرد کە کراوەتە سەر ژنێکی پاشماوەی ئەنفالو وتی: «پەیوەندیم کردووە بە لیژنەی ژنانی پەرلەمانی کوردستانەوە، بۆئەوەی لەسەر ئەو بابەتە کۆبوونەوەیەک بکەین لەپێناو ئەوەی بەپێی بەرنامەیەکی تۆکمە بەدواداچوون بۆ ئەو بابەتە بکەینو هەوڵبدەین تەمیزی ئەو سکاڵایە بکەینو تاوانبارە راستەقینەکان سزای یاسایی خۆیان وەربگرن».

# (٤)ساڵە یاسایەک بە کەمئەندامان ڕەوا نابینرێت

شارا عەبدولڕەحمان

چوار ساڵە پرۆژەیاسای تایبەت بە کەمئەندامانی کوردستان لەلایەن وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتیی حکومەتی هەرێمەوە ئامادەکراوە، بەڵام تا ئێستا چارەنووسی نادیارەو کەمئەندامانیش بەپێویستی دەزانن کە یاسایەکی تایبەت بەخۆیان هەبێت.

عومەر کەریم، لێپرسراوی گشتیی یەکێتیی کەمئەندامانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: پێش چوار ساڵ پرۆژەیاسایەکمان ئامادەکردو ناردمانە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، دوابەدوای ئەوەش وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، پرۆژەیەکی گشتگیرتری تایبەت بە کەمئەندامان ئامادەکردو پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیرانی کرد، کە لە پرۆژەکەی ئێمە تۆکمەتربوو، لەبەرئەوە پێمان باش بوو ئەوە جێبەجێبکرێت، بەڵام ئەوە چوار ساڵە نەنێردراوەتە پەرلەمان تا بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

پێشتر بڕیاری ژمارە (١١٣)ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کە لە(٢٠٠٣/٨/١٠)دا تایبەت بە کەمئەندامانی کوردستان دەرچووە، بەڵام بە وتەی لێپرسراوی گشتیی یەکێتیی کەمئەندامان، جێگەی پرۆژەیاساکە ناگرێتەوە.

کۆتایی هەفتەی رابردوو، وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی سەردانی یەکێتیی کەمئەندامانی کوردستانی کردو پێیڕاگەیاندن: پرۆژەیاساکەیان رەوانەی ئەنجومەنی شورای سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کراوە، «بەڵام بەهۆی ئەوەی تا ئێستا پێکهاتەی یاسایی ئەو ئەنجومەنە تەواونەبووە، پرۆژەیاساکەش ماوەتەوە».

لەلایەکی دیکەوە، کەمئەندامانی کوردستان داوادەکەن کە حکومەت پابەندبێت بەو بەڵێنەی کە چوار ساڵ لەمەوبەر پێیداون لە دیزاینکردنو پێکهاتەی دامەزراوە نوێیەکانو فەرمانگە حکومییەکاندا، کە بەشێوەیەک دروستبکرێن، کەمئەندامان بەئاسانی هاتوچۆی تێدا بکەن.

عومەر کەریم وتی «دروستکردنی شوێنە گشتییەکانو فەرمانگە حکومییەکان بەو شێوەیەی کەمئەندامان داوای دەکەن، لەچوارچێوەی هەنگاوێکدایە کە پێیدەڵێن، ئاسان پێڕاگەیشتنی خزمەتگوزارییەکان بە کەمئەندامان، کە بەهۆیەوە دەتوانرێت کەمئەندامان تێکەڵ بە کۆمەڵگا بکرێنەوە».

لەسەر راسپاردەی سەرۆکی پێشووی حکومەتی هەرێم، داوا لە تەواوی فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێم کرا کە لەکاتی دروستکردنی بیناو فەرمانگەو شوێنە گشتییەکاندا، رەچاوی ئەو تایبەتمەندییانە بکرێت کە لەگەڵ ژیانی رۆژانەی کەمئەندامناندا بگونجێت، هەروەک بە وتەی عومەر کەریم «لە بواری تەندروستیو پەروەردەدا ئەو راسپاردەیە ئیشی لەسەر کراوەو زۆرێک لە شوێنە گشتییەکانیش رەچاوی ئەم خاڵەیان کردووە، بەڵام هێشتا بەشی ئەوە ماوە قسەی لەسەربکەین، چونکە زۆر شوێن هەیە کە ئەو تایبەتمەندییەی کەمئەندامانیان لەبەرچاو نەگرتووە».

# حیزب چی بە مامۆستاو مامۆستا چی بە زانکۆکان کردووە؟

راپۆرتی: دلێر عەبدولخالق



دیمەنێک لە زانکۆی سلێمانی

کەمیی مامۆستای پسپۆڕ گرفتی گـەورەی بـەردەم زانکۆکانی هەرێمە، زۆریـی مامۆستای بە خواستی حیزب دروستکراویش، کۆڵی قورسی سەرشانی زانکۆ، کۆلێژ، بـەشو خوێندکارەکانە. بەپێی بۆچوونی مامۆستایانی زانکۆ، ئەم دۆخە کاریگەریی کردووەتە سەر ئاستی زانستیی خوێندن لەو ناوەندە زانستییانەو مامۆستایەکی زانکۆی سەڵاحەدینیش دەڵێت: «مامۆستای زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا ئێجگار کەمە».

جگە لە زانکۆ ئەهلییەکانی هەرێمی کـوردسـتـان، زانـکـۆکـانـی سلێمانی، سەڵاحەدین، دهـۆکو کۆیە ئـەو چوار زانکۆیەن کە زۆرترین ژمارەی خوێندکاری هەرێم تێیدا دەخوێنن‌و زۆرترین هەوڵی حکومەت‌و وەزارەتـی خوێندنی باڵا بۆ ئەو زانکۆیانە چڕکراوەتەوە، بەڵام بەپێی لێدوانی سەرۆک‌و یاریدەدەرو مامۆستایانی ئەو زانکۆیانە، کەمیی مامۆستای پسپۆڕو تایبەتمەند کێشەی هەرە دیاری پرۆسێسی خوێندنی ئەو ناوەندانەن، بەشێوەیەک هەر زانکۆیەک ژمارەیەکی بەرچاو مامۆستای هەیە، بەڵام زۆرینەیان تازە بڕوانامەی ماجستێریان وەرگرتووە، کە پێویستدەکات یاریدەدەری مامۆستا وانەبێژەکان بن، کەچی خۆیان بە ئەزموونێکی کەمی خوێندن‌و دیراسەوە لە هۆڵەکانی خوێندن موحەزەراتی جیاواز دەڵێنەوە.

## (٧٠٪)یان ماجستێرن

زانکۆی کۆیە لەساڵی (٢٠٠٣) کراوەتەوە، ئێستا (٥٠٠٠) خوێندکار لە (١١) کۆلێژو (٣٤) بەش تێیدا دەخوێنن، ئەو زانکۆیە خاوەنی (٤٠٠) مامۆستایە، کە ژمارەیەکی کەمی ئەو رێژەیە پرۆفیسۆرو یاریدەدەری پرۆفیسۆری هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرای بە ئەزموونن.

د.خدر مەعسوم، سەرۆکی زانکۆی کۆیە، ئاماژە بۆ پۆلێنبەندیی مامۆستایانی زانکۆ دەکات‌و بڕوایوایە؛ ئەگەر پۆلێنبەندییەک بکرێت، ئەوا ئەو کەسەی تەخەروج دەکات‌و بڕوانامەی ماجستێر وەردەگرێت، ناکاتە مامۆستای زانکۆ، بەڵکو مامۆستای زانکۆ ئەوەیە بڕوانامەی دکتۆرای هەبێت‌و چەند ساڵێک ئەزموونی دیراسیی هەبێت، کە ئەوەش لە کوردستاندا کەمە. لەوبارەیەوە وتی: «(٧٠٪)ی مامۆستای هەموو زانکۆکانی هەرێم خاوەنی بڕوانامەی ماجستێرن، کە ئەمە لە دنیادا وەکـو مامۆستایەکی یاریدەدەر یارمەتی ئەو مامۆستایە دەدات کە وانە دەڵێتەوە، چونکە هەڵگری بڕوانامەی ماجستێر، ئەو ئەزموون‌و شارەزاییەیان نییە لە وانەوتنەوە وەکو مامۆستا، ئەمەش کاریگەریی زۆری دەبێت لەسەر ئاستی زانستیی زانکۆکانی هەرێم».

سـەرۆکـی زانـکـۆی کۆیە هۆکاری زەقبـوونـەوەی ئـەو گرفتە بۆ پێوەری وەرگرتنی خوێندکار لە زانکۆکانی عێراق‌و هەرێم دەگێڕێتەوەو دەڵێت: «لە عێراق‌و هەرێم بەپێچەوانەی وڵاتانی دنیاوە، کە رێـژەی وەرگرتنی خوێندکار لە زانکۆو پەیمانگاکان (١٠٠٪)یە، لەکاتێکدا لە تورکیا (٢٥٪)ە، لە ئێران (١٧-٢٠٪)ە، لە سووریا (٢٠٪)ە، لە سعودیە (١٦٪)یە، واتە مامۆستا کەمە بەو پێوەرەی (١٠٠٪)ی خوێندکار وەردەگیرێت، بەمەش نەک هەر گرفتی کەمیی مامۆستا، بەڵکو نەبوونی توانای بیناو بودجەش دێتەگۆڕێ».

## لە (١٠٠٠) مامۆستا، (٤٠) پرۆفیسۆرو یاریدەدەر

زانـکـۆی سلێمانی لەساڵی (١٩٦٨) دامەزراوەو ئێستا (٢٥) کۆلێژی هەیە، کە تێیدا (٢٧) هەزار خوێندکار وانە وەردەگرن، ئەو ژمارە خوێندکارە (١٠٠٠) مامۆستای هەیە، کە بەشێکی کەمی مامۆستای پسپۆڕو یاریدەدەری پسپۆڕەو زۆربەی هەڵگری بڕوانامەی ماجستێرن‌و ئەزموونێکی کەمی دیراسییان هەیە.

د.فاروق عەبدوڵڵا کەریم، یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆی سلێمانی بۆ کاروباری کارگێڕیی، ئاماژەی بـەوەکـرد؛ بەهۆی کەمیی مامۆستای پسپۆڕەوە، زانکۆکەیان بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکانیان پەنا بۆ زانکۆکانی دیکەو هەندێکجار دەوڵەتی دیکەش دەبـەن، بۆئەوەی مامۆستا وەک وانەبێژ وانەکانیان بۆ بڵێتەوە، کەمیی مامۆستای پسپۆڕیش لە کۆلێژێک بۆ کۆلێژێک جیاوازیی هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی لە کۆلێژە زانستییەکاندا کێشەی کەمیی مامۆستای پسپۆڕمان هەیەو وتی: «لەکۆی ئەو (١٠٠٠) مامۆستایەی هەمانە، تەنیا (٤٠-٥٠) پرۆفیسۆرو یاریدەدەری پرۆفیسۆرمان هەیە، کە بێگومان ژمارەیەکی زۆر کەمەو ئەوی دیکە هەمووی مامۆستاو مامۆستای یاریدەدەرە».

پەیوەند بە باسەکە، یـاریـدەدەری کارگێڕیی سەرۆکی زانکۆی سلێمانی لەبارەی ئەو ژمارە پسپۆڕو مامۆستایەی هێزە سیاسییەکان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان‌و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە زانکۆکەیان هەڵیانبژاردوون‌و کاندیدیان کردوون، وتی: «ئەوانەی کاندیدکراون زیاتر لە بواری یاساو رامیاریدایە، لە کاندیدکردنی ئەو مامۆستایانەش پرس بە ئیدارەی زانکۆو یان کۆلێژەکان نەکراوە، کە ئایا ئەو کەسەی دەڕوات پێویستە لەو بەشە یان نا؟ بەدیلی هەیە یان نا؟ هەرچەندە زانکۆ پەکی ناکەوێت، بەڵام ئەوەیش کەلێن دروستدەکان».

## لە بادینان گرفتەکە زەقتربووەتەوە!

زانکۆی دهۆک، کە تەمەنی (١٨)ساڵەو لە (١٢) کۆلێژو چەند بەشێک پێکهاتووە، بە چەندێتی (٨٠٠) مامۆستای هەیە، بەڵام بە چۆنێتی لەکۆی ئەو ژمارەیە تەنیا (١٠)یان پرۆفیسۆرن‌و ژمارەیەکی زیاتر بڕوانامەی دکتۆراو ئەوی دیکە هەمووی هەڵگری بڕوانامەی ماجستێرن، مامۆستایەکی زانکۆکەش ئەوەی نیشاندا، گرفتی کەمیی مامۆستای پسپۆڕو کادیری زانستیی لە بادینان زۆر زیاترە وەک لە هەولێرو سلێمانی، ئەو خوێندکارانەشی لە خوێندنی باڵاو ماجستێر وەرگیراون، زیاتر لەسەر بنەمای حیزبیی بووە نەک زانستیی، کە دواجار دەبنە بار بەسەر زانکۆوە.

د.فرسەت مەرعی، مامۆستای کۆلێژی پەروەردە لە زانکۆی دهۆک، بە رۆژنامەی راگـەیـانـد: «گرفتی کەمیی مامۆستای پسپۆڕو تایبەتمەند بەرچاوە، ئەمەش تەنیا لە کۆلێژە زانستییەکان نییە، بگرە لە کۆلێژە مرۆڤایەتییەکانیش دووچاری ئەو گرفتە بووین، تەنانەت لە بەشی مێژووی کۆلێژی پەروەردە پرۆفسۆرێکمان هەیە ئەویش عەرەبە، راستە لە ئەورووپاو دەرەوە مامۆستای بەتواناو پسپۆڕمان هەیە، بەڵام بەهۆی ئەوەی جێگەو پێگەی زانستییان پێنادەن، ناگەڕێنەوە بۆ هەرێم. بەهۆی هەژموونی دەسەڵاتی حیزبەوە، (١٨) ساڵە سەرۆکی زانکۆی دهۆک نەگۆڕاوەو جێگرەکەشی بەهەمانشێوە، سـەرۆک بەش هەیە (١٠) ساڵە لە شوێنی خۆیەتی، بێئەوەی رێگە بۆ تواناو پسپۆڕیی باشتر خۆشبکەن، بەمەش ئەو گرفتە لە ناوچەی بادینان زەقتربووەتەوە».

مامۆستاکەی زانکۆی دهۆک ئەوەشی راگەیاند: «وەرگرتنی خوێندکار بۆ خوێندنی باڵاو ماجستێر لەسەر بنەمای زانستیی نییە، بەڵکو حیزبییە، کوڕی بەرپرسێک نمرەکەی (٥٠)یە، لەکاتێکدا بەپێی پێوەری خوێندنی باڵا دەبێت لە سەرووی (٦٥)وە بێت، کەچی وەردەگیرێت‌و دواتر پلە بە پلە سەردەکەوێت‌و پلەی زانستیی دیکە وەردەگرێت، بەڵام لەبەرئەوەی لە رووی زانستییەوە بەهێز نییە، دواجار دەبێتە بار بەسەر زانکۆکەوە، واتە بە شکڵ دەبێت نەک بە ناوەڕۆک».

رۆژنامە پەیوەندیکرد بە بەشی راگەیاندنی زانکۆی سەڵاحەدین بۆ وەرگرتنی هەندێک داتاو زانیاریی هاوپەیوەند بەم راپۆرتە رۆژنامەوانییە، بەڵام داواکـاری بەشەکە بە ناردنی نووسراوی رەسمیی رۆژنامە، دواتر دیاریکردنی کاتێک بۆ پەیوەندیکردن‌و چوون بۆ لای یاریدەدەری پەیوەندیداری ئەو زانکۆیەو چەندین رێوشوێنی رۆتینی دیکە کارەکەمان وەستاند. ئەوەی گرنگە مامۆستایەکی ئەو زانکۆیەش هەمان حاڵەتی زانکۆکانی دیکەی دووپاتکردەوە، بەڵام بەشێوەیەکی سەیرتر! وەک وتی: «گرفتی زۆریی ژمارەی ئەو خەڵکانەمان هەیە کە حیزب بەناو و بەرگی مامۆستای زانکۆ لە زانکۆکاندا جێگیریکردوون».

## حیزب بەرگی مامۆستای زانکۆی لەبەرکردوون

د.کامەران مەنتک، مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سەڵاحەدین، جەختی لەوە کردەوە، گرفتی زۆریی ژمارەی دکتۆرو ماجستێرو کەمیی مامۆستای پرۆفیسۆرو یـاریـدەدەری پرۆفیسۆر لـە زانکۆی سەڵاحەدینیش بەرچاوە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە، کە کۆمەڵێک خەڵک ئێستا بەشێوەیەکی ناشەرعیی‌و لەڕێی حیزبەکانەوە ئیستیغلالی پلەکانی خۆیان کـردووەو پلەکانیان بەرزکردووەتەوە، ئەوانە کۆسپن لەبەردەم ئەو مامۆستایانەی کاری باش دەکـەن‌و لێکۆڵینەوەی گرنگ بەرهەمدەهێنن.

مامۆستاکەی زانکۆی سەڵاحەدین زیاتر لەسەر رۆڵی خراپیی حیزبەکان لەسەر دۆخی زانکۆکەی هەڵوەستەی کردو وتی: «لە زانکۆکانی هەرێمدا، مامۆستا لەسەر بنەمای لێهاتوویی‌و زانستی‌و شارەزایی دروستناکرێت، نە لێهاتووە، نە عیشقی بۆ خوێندن هەیە! نە رۆشنبیر بـووە! نە لە رووی زانستییەوە دەسـتـدەدات!، بەڵکو حیزب بەرگی مامۆستای زانکۆی لەبەرکردووەو بۆ بەرژەوەندیی خۆی لە زانکۆکان دایناوە، بەوشێوەیە ئێستا کێشەی زانکۆکان زۆربوونی ئەو مامۆستایانەیە کە سیفەتی مامۆستایان تێدا نییە، ئەوەی لە دنیادا بە مامۆستای زانکۆ حسابدەکرێن، لە زانکۆکانی هەرێم ئێجگار کەمن!».

لەبارەی رێگەچارەی دەستەبەرکردنی ئەو پسپۆڕییانە، د.خدر مەعسوم، سەرۆکی زانکۆی کۆیە، پێیوایە؛ دروستکردنی ئەو پسپۆڕییانە شتێک نییە بتوانرێت بە ساڵێک یان دووساڵ دروستبکرێت، بەڵکو پێویستی بە بەرنامەی (١٠) ساڵی‌و (١٥) ساڵی دەبێت.

بەڵام د.کامەران مەنتک رایدەگەیەنێت: «ئێمە کێشەی کارگە (زانکۆ)مان نییە، کێشەمان خراپیی کارگەکانە، کە بەرهەمیان خراپە، واتە وەک ژمارە هەیە، بەڵام وەکو جۆر ئێجگار کەمە».

هاوکات د.فرسەت مەرعی، مامۆستای زانکۆی دهۆک، هۆکاری بەشێکی زۆری گرفتەکە بۆ حکومەتی هەرێم دەگێڕێتەوەو دەڵـێـت: «بـۆ بەهێزکردنی زانکۆکان حکومەت گرنگی بـەم بابەتە نـەداوە، پسپۆڕەکان نەنێردراونەتە دەرەوەو خولی راهێنان‌و پێشکەوتن زۆر کەمە، ژمارەی خوێندکارانمان لە زانکۆکانی وڵاتانی پێشکەتوو کەمە، هەموو ئەمانە پێویستیان بە پلانێکی داڕێژراوی حکومەت هەیە».

## ماڵ لەخۆی نییە، میوان رووی تێدەکات

بەو حاڵەوە کە مامۆستایانی زانکۆکانی هەرێم ئاماژەی پێدەکەن‌و سەرەڕای گرفتی دیکەی وەکو بودجەو کەمیی بینا، ئێستا حکومەتی هەرێم سەرگەرمی کردنەوەی چوار زانکۆی دیکەیە لە قەزاکانی رانیە، هەڵەبجە، گەرمیان‌و زاخـۆ، کە بەردی بناغەی دوو زانکۆیان دانـراوە، ئەمەش بۆچوونی جیاوازی دروستکردووە.

د.خدر مەعسوم وتی: «کردنەوەی ئەو زانکۆیانە زەمینەسازیی بۆ نەکراوە، ئەو توانایەمان نییە، لەبەرئەوەی لە هەڵهێنجانی هەموو زانکۆکانی کوردستان، یەک زانکۆ یان دوو زانکۆی لێ بەرهەمدێت، نەک ئەوەی زانکۆی دیکە بکەینەوە بەو توانای مامۆستاو بینایەی هەمانە».

د.فاروق عەبدوڵڵا کەریم، یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆی سلێمانی، پێیوایە؛ بەهۆی ئەوەی ئەو زانکۆ نوێیانە زیاتر تەرکیزدەکەنە سەر زانستە مرۆڤایەتییەکان‌و کەمتر کۆلێژە زانستییەکانیان دەکەنەوە، گرفتی مامۆستایان کەمتر دەبێت، چونکە دەتوانرێت لە زانکۆیەک بۆ زانکۆیەکی دیکە مامۆستا وەک وانەبێژ دەرس بڵێتەوەو بگوازرێتەوە.

**مامۆستایەکی زانکۆی دهۆک: وەرگرتنی خوێندکار بۆ خوێندنی باڵاو ماجستێر لەسەر بنەمای زانستیی نییە، بەڵکو حیزبییە، کوڕی بەرپرسێک نمرەکەی (٥٠)یە، لەکاتێکدا بەپێی پێوەری خوێندنی باڵا دەبێت لەسەرووی (٦٥)وە بێت، کەچی وەردەگیرێت**

**سەرۆکی زانکۆی کۆیە: (٧٠٪)ی مامۆستای هەموو زانکۆکانی هەرێم خاوەنی بڕوانامەی ماجستێرن، کە ئەمە لە دنیادا وەکو مامۆستایەکی یاریدەدەر یارمەتی ئەو مامۆستایە دەدات کە وانە دەڵێتەوە**

**مامۆستایەکی زانکۆی سەڵاحەدین: مامۆستا لەسەر بنەمای لێهاتوویی‌و زانستی‌و شارەزایی دروستناکرێت، نە لێهاتووە، نە عیشقی بۆ خوێندن هەیە! نە رۆشنبیر بووە! نە لە رووی زانستییەوە دەستدەدات!، بەڵکو حیزب بەرگی مامۆستای لەبەرکردووەو بۆ بەرژەوەندیی خۆی لە زانکۆکان دایناون**

## جیاوازی لەنێوان هەولێرو سلێمانیدا دەکرێت

# سێ ساڵە ڕۆژنامەنووسان چاوەڕێی پارچەیەک زەوین

ڕاپۆرتی: سەنگەر کوردە

بەشێکی ڕۆژنامەنووسانی سلێمانی پێیانوایە؛ جیاوازی لەنێوان ماف‌و ئیمتیازاتیان دەکرێت، بەوپێیەی لەماوەی ڕابردوودا زەوی بەسەر ڕۆژنامەنووسانی هەولێر دابەشکرا، بەڵام تائێستا بڕیار لە پێدانی زەوی نەدراوە بەو (١٩٢) ڕۆژنامەنووسەی شاری سلێمانی، کە لەساڵی (٢٠٠٧)ەوە فۆڕمی تایبەتیان لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان پڕکردووەتەوەو چەندجارێکیش بەڵێنیان پێدراوە.

بەپێی ئامارێکی بانکی زانیاریی مافی مرۆڤ، لەساڵی (٢٠٠٩)دا (١٠٢) حاڵەتی توندوتیژیی‌و پێشێلکاریی بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستاندا تۆمارکراوە، لە سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵیشدا نزیکەی (٦٠) ڕۆژنامەنووس ڕووبەڕووی توندوتیژیی بوونەتەوە، کە (٤٥) حاڵەتیان تەنیا لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا بووەو زۆربەشیان لە سنووری پارێزگای سلێمانی بوون، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژنامەنووسان مافیان پێنادرێت‌و تەنیا ئەو ڕۆژنامەنووسانەی فۆڕمیان پڕکردووەتەوە (٣) ساڵە چاوەڕێی زەوییەکن، لە بەرامبەریشدا هاوپیشەکانیان لە شارەکانی دیکەی عێراق‌و بەغدا چەندین ماف‌و ئیمتیازاتیان هەیە.

لە ئێستادا سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان زیاتر لە (٤) هەزار ئەندامی هەیە، لەگەڵ ئەوەی زۆرترین کەناڵەکانی ڕاگەیاندن‌و توندوتیژیی‌و پێشێلکارییەکانی دژ بە ڕۆژنامەنووسان لە شاری سلێمانین، بەڵام ڕۆژنامەنووسانی شارەکە لەو بڕوایەدان، کە لەو ڕووەشەوە شارەکەیان پەراوێزخراوە، بەشێوەیەک کە لە کۆی زیاتر لە (١) هەزار پارچە زەوی دابەشکراودا، تەنیا (١٤٠)ی بەر ڕۆژنامەنووسانی سنووری پارێزگای سلێمانی کەوتووەو ئەوانی دیکەی دراوەتە ڕۆژنامەنووسانی نیشتەجێی سنووری شاری هەولێرو دهۆک، هەروەک لەماوەی ڕابردوودا (١٨٩) پارچە زەوی بە ڕۆژنامەنووسانی هەولێر درا، کە نزیکەی (٦٠) کەس لەو ڕێژەیە پێشتر سوودمەندبوون‌و زەوییان وەرگرتووە، بەڵام ئەو (١٩٢) ڕۆژنامەنووسەی شاری سلێمانی، کە لەساڵی (٢٠٠٧)ەوە فۆڕمیان پڕکردووەتەوە تائێستا زەوییەکانیان پێنەدراوەو لە چاوەڕوانیدان.



کێ داکۆکیی لە مافی ڕۆژنامەنووسان دەکات؟

فۆتۆ: ئەلەند مەحوی

جگە لەوەی ساڵانە جیاوازی دەکرێت لەنێوان ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لە ڕێی سەندیکاوە دەیانەوێت لە پەیمانگاو کۆلێژەکانی ڕاگەیاندن بخوێنن، بەشێوەیەک بۆ ئەمساڵی خوێندن زانکۆی هەولێر (٢٠) خوێندکاری وەرگرتووە، بەڵام زانکۆی سلێمانی، کە ڕۆژنامەنووسانی سلێمانی وەردەگرێت بڕیارە (٢) خوێندکار وەربگرێت.

ئۆراڵ ئەبوبەکر، یەکێکە لەو ڕۆژنامەنووسانەی سلێمانی، کەلەساڵی (٢٠٠٧)ەوە فۆڕمی داواکاری بۆ وەرگرتنی زەوی پڕکردووەتەوە لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، بەڵام تائێستا پێینەدراوەو وتی: «زیاتر لە سێ ساڵە ئێمە چاوەڕوانی ئەو زەوییانەین‌و هەموو ساڵێکیش بەڵێنمان پێدەدرێت، بەڵام ناچێتە بواری جێبەجێکردنەوە».

ئەو ڕەخنەی لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان‌و لایەنە پەیوەندیدارەکان گرت، کە وەک پێویست بەدەم جێبەجێکردنی مافی ڕۆژنامەنووسانەوە نایەن‌و پێیوایە؛ جیاوازی لەنێوان ڕۆژنامەنووسانی شارەکاندا دەکرێت، وتیشی: «سەندیکا نوێنەرایەتی ڕۆژنامەنووسان دەکات، بەڵام وەک پێویست بەدەم داواکارییەکانمانەوە نایەت، کە ئێمە چەند ساڵێکە لە ڕێی ئەوانەوە داوامان پێشکەشکردووەو فۆڕممان پڕکردووەتەوە، جگە لەوەش هەست بە نایەکسانییەک دەکرێت لە ڕووی پێدانی مافەوە بە ڕۆژنامەنووسانی کوردستان».

لەلایەکی دیکەوە ئەنوەر حسێن، ئەندامی ئەنجومەنی باڵای سەندیکاو سەرۆکی لیژنەی داکۆکیی لە مافی ڕۆژنامەنووسان، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە ڕوونیکردەوە، کە ئەو لیستەی کە ڕۆژنامەنووسانی هەولێر لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا زەوییان پێ وەرگرتووە، هی ساڵی (٢٠٠٥)ە، بەڵام ئەو لیستە (١٩٢) کەسییەی ڕۆژنامەنووسانی سنووری سلێمانی کە فۆڕمیان پڕکردووەتەوە هی ساڵی (٢٠٠٧)ە».

لەبارەی جێبەجێنەکردنی بەڵێن‌و نایەکسانیشەوە، وتی: «ئێمە لیستەکەمان بردە لای کاک عیماد ئەحمەد، جێگری سەرۆکی حکومەتی پێشوو، لەسەریشی نووسی، بەڵام بەداخەوە جێبەجێنەکرا، ئەو نایەکسانییەش تەنیا وای دەبینم کە پێویستبوو ئەو (١٨٩) پارچە زەوییەی هەولێر بۆ هەموو ڕۆژنامەنووسان بوایە لە سنووری هەموو کوردستان بە سلێمانی‌و گەرمیان‌و کەرکوکیشەوە، من ناهەقیەکە لەوەدا دەبینم، ئەگەر ئەوەش نییە، دەبێت ڕێگەچارە ئەوەبێت کە بە زووترین کات ئەوەی (١٩٢) ڕۆژنامەنووسەکەی سلێمانیش جێبەجێبکرێت‌و هەموو ئەو ڕۆژنامەنووسانەی فۆڕمیان پڕکردووەتەوە بیانگرێتەوە، چونکە من ئەوکات سەرۆکی لیژنەکە بووم پاڵاوتوومانن».

ئەنوەر دووپاتیکردەوە، کە پێویست نییە دوای سێ ساڵ چاوەڕوانی زەوی بدرێتە ڕۆژنامەنووسانی هەولێرو نەدرێتە ڕۆژنامەنووسانی سلێمانی‌و وتی: «لیستەکەمان داوەتە کابینەی شەش‌و پێویستە د.بەرهەم ڕەزامەندیی بدات لەسەر پێدانی زەوی بە هەموو ڕۆژنامەنووسانی سنوورەکان، کە تاکە مەرجەعیان سەندیکایەو فۆڕمیان لە سەندیکاوە پڕکردووەتەوەو هەموو شتەکانیان یاساییەو دواخستنی ئەو بەڵێنانەش نایەکسانییە».

بەڵام مستەفا ساڵح کەریم، جێگری نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، پێیوایە، جیاوازی نەکراوە لەنێوان ڕۆژنامەنووسانی سلێمانی‌و هەولێرو ساڵانی ڕابردوو، هەریەکە لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی هەولێرو سلێمانی بەجیا داواکارییان پێشکەشکردووە بۆ پێدانی زەوی بە ڕۆژنامەنووسان‌و وتیشی: «دوای یەکگرتنەوەی سەندیکا، ساڵی ٢٠٠٧ سەردانی سەرۆکی حکومەتمان کرد ڕەزامەندیی لەسەر پێدانی ئەو ژمارە زەوییە بۆ هەولێر درا، کە دووساڵ لەوەوبەر فۆڕمیان پڕکردبووەوە، بەڵام بۆ ڕۆژنامەنووسەکانی سلێمانی بڕیاری لەسەر نەدراو کارەکە وەستا، چونکە لەو کاتەدا شارەوانی سلێمانی ڕایگەیاند کە زەوی لەشاردا نییە بۆ ئیفراز».

هەروەک پێدانی زەوییەکانی هەولێری بەو ڕۆژنامەنووسانەش بەکارێکی باش زانی‌و وتی: «ئەو ڕۆژنامەنووسانە ٥ ساڵە فۆڕمیان پڕکردووەتەوە، بۆیە هەقی خۆیان بووە زەوییان پێبدرێت، بەڵام ئێستا کێشەی ئەوە هەیە کە هەندێکیان لە ماوەی ئەو ٥ ساڵەدا سوودمەندبوون‌و دەبێت زەوییەکانیان بدرێت بە کەسانی مستەحەقتر».

ئەوەشی خستەڕوو کە کێشەی زەوی ئەو ١٩٢ ڕۆژنامەنووسەی سلێمانییان بە د. بەرهەم ساڵح سەرۆکی کابینەی شەشی حکومەت گەیاندووەو ئەویش بەڵێنی ئەوەی داوە زەوی بۆ ڕۆژنامەنووسان دابینبکرێت، بەڵام «بەو مەرجەی بەڵێننامەیان لێوەربگیرێت کە بیکەن بە خانوو»، وتیشی: «بەنیازی ئەوەین ئەو پێشنیارەی سەرۆکی حکومەت لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان باسبکەین‌و بەپێی توانا کاری بۆ بکرێت».

نەدانی زەوی بەو (١٩٢) ڕۆژنامەنووسەی سنووری سلێمانی لەکاتێکدایە، کە لەماوەی ڕابردوودا فۆڕمی نوێ بۆ پێدانی زەوی بە ڕۆژنامەنووسان پڕکراونەتەوە، لەوبارەیەشەوە ئەنوەر حسێن وتی: «هیوادارین حکومەت وەڵاممان بداتەوە بۆ ئەو داواکارییانە، ئەو (١٩٢) کەسەش لە ئەولەویەتی لیستەکانی ئێمەن، چونکە بەشێکیان لە سەردەمی دوو ئیدارەییدا فۆڕمیان پڕکردووەتەوە، جگە لەوەش پێموانییە ئەو ڕێژەیە هیچ ئەرکێک بخاتە سەر حکومەت‌و جێبەجێنەکردنیشی خۆدزینەوەیە لەو مافەی ڕۆژنامەنووسان».

لە لێدوانێکی پێشتریشیدا محەمەد نوری تۆفیق، لێپرسراوی لقی سلێمانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، وتی: «ئێمە زۆر هەوڵمانداوەو سەردانی جێگری پێشووترو پێشووی سەرۆکی حکومەت‌و کۆسرەت ڕەسوڵمان کردووە، بۆ ئەوەی هیچ نەبێت زەوی بدرێتە ئەو ژمارە ڕۆژنامەنووسەی کە ناوەکانیان لای ئێمە هەیە، بەڵام هەر بەڵێنمان پێدراو هیچی وامان بۆنەکراوە».

دووپاتیشیکردەوە، کە ئەو (١٩٢) کەسەی بەپێی خاڵەکانیان ڕیزبەندکراون شایەنی ئەوەن زەوییان بدرێتێ، وتی: «ئێمە هەوڵدەدەین ئەو مافە بپارێزین‌و پێداگریی لەوە دەکەین، بەڵام تائێستا هیچ پارچە زەوییەکمان نەدراوەتێ».

## کێ پارێزەری گیانی ڕۆژنامەوانانە؟

# یاسای ڕۆژنامەگەریی لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ ناکرێت

ڕاپۆرتی: ڕۆژنامە

هەرچەندە بە یاسا، پێشێلکاریی‌و توندوتیژیی دژی ڕۆژنامەنووسان قەدەغەکراوە، بەڵام تەنیا لەم (٣)مانگەدا، (٦٠) پێشێلکاریی بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان ئەنجامدراون‌و ڕۆژنامەنووسانیش پێیانوایە، نازانرێت کێ، پارێزەری گیان‌و مافی ڕۆژنامەنووسانە، هەربۆیە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، بە ڕەسمیی داوا لە سەرۆکی هەرێم دەکات، سنوورێک بۆ ئەم پێشێلکارییانە دابنێت.

پەرلەمانی کوردستان، ڕۆژی (٢٠٠٨/٩/٢٢) یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی(٢٠٠٧) یاسای ڕۆژنامەگەریی لە کوردستان دەرکرد، کە لە چەند بڕگەیەکیدا قەدەغەی کردووە کە هەندێک کار بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووس بکرێت، یاخود هەندێک مافی بۆ دەقنوسکردوون کە کارکردن پێچەوانەی ئەوانە، پێشێلکارییە بەرامبەر بە یاسایەک کە پەرلەمانی کوردستان دەریکردووەو سەرۆکی هەرێم ئیمزای لەسەر کردووە، بەڵام یاساکە سزای بۆ کەسی پێشێلکار دانەناوە، هەر بۆیە کاتێک ڕۆژنامەنووس پێشێلکاریی بەرامبەر دەکرێت، ڕەنگە بپرسێت کە ئەگەر سکاڵا تۆمار بکات، تا چەند وەڵامی دەدرێتەوە؟ ڕێوشوێنی یاسایی لە لایەن دادگاوە دژی تۆمەتبار دەگیرێتەبەر؟ بەپێی کام یاسا پەڕاوی لێکۆڵینەوەکەی بۆ دەکرێتەوە؟

لەبەر ئەوەی زۆر کات دەبینرێت، ئەنجامدانی پێشێلکاریی‌و توندوتیژیی بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان بەتەواوی سنووری یاساکانی بەزاندووە، کە تەنیا لە (٣)مانگی یەکەمی ئەمساڵدا، نزیکەی (٦٠)پێشێلکاریی بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان کراون.

لەمبارەیەوە ئەنوەر حسێن، سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لە ماف‌و ئازادیی ڕۆژنامەنووسان لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، بۆ ڕۆژنامە جەختی لەسەر زیادبوونی پێشێلکارییەکان بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان کردەوەو ئاماژەی بەوەدا، کە تەنیا لە (٢٥)ڕۆژی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا، (٤٠)پێشێلکاریی جۆراوجۆر بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان کراون‌و لە دوای هەڵبژاردنیش، نزیکەی (٢٠)پێشێلکاریی دیکە تۆمارکراون، ئەمە لە کاتێکدا کە سەندیکا چەندین پێشێلکاریی‌و سکاڵای دیکەیان لابووە، بەڵام لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژەیان پێ نەکردوون، لەبەرئەوەی هێشتا کەیسەکانیان لە دادگا بڕیاری یەکلاییکەرەوەیان لەبارەوە نەدراوە.

لە بەشی چوارەمی یاساکەدا کە تەرخانکراوە بۆ ماف‌و ئیمتیازاتەکانی ڕۆژنامەنووس‌و لە مادەی حەوتەمدا بە (١٠) بڕگە باس لە مافەکانی ڕۆژنامەنووس کراوە، لە بڕگەی دووەمی مادەی دووەمیشدا هاتووە: «ڕۆژنامەنووس بۆی هەیە لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە، هەر زانیارییەک کە بایەخی بۆ هاوڵاتییان هەبێت‌و پەیوەندیی بە بەرژەوەندیی گشتییەوە هەبێت، وەدەستبهێنێت، بەپێی یاسا».

کە ئەمجۆرە زانیارییانە تەنیا لە دەزگا حکومییەکانەوەو لە پەرلەمان‌و حکومەت‌و دادگاکانەوە دەستدەکەون، واتە دەبێت ئەو دەزگایانە هاوکاریی ڕۆژنامەنووس بکەن بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی ڕاست‌و دروست، بەڵام نابینرێت هیچ لایەک لەو سێ دەسەڵاتە، پابەند بن بەم یاسایەوە کە یاساکە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەوانی پابەند کردووە، نەک بەتەواویی پابەندیان بکات.

بەڵام، ڕۆژنامەنووسان پێیانوایە، ئەم بڕگەیە لە گشت بڕگەکان زیاتر پێشێلدەکرێت، وەک کەمال ڕەئوف، سەرنووسەری ڕۆژنامەی هاوڵاتی دەڵێت: «دەسەڵات‌و بەرپرسانی حکومەت، بە هەموو شێوەیەک زانیاری لە ڕۆژنامەنووسان دەشارنەوە، کاتێکیش وەڵامی ڕۆژنامەنووسەکە دەدەنەوە، ئەوەندە زانیاریی پێنادەن کە سوودی لێوەربگرێت، چونکە پشتئەستوورن بەوەی کە هیچ یاسایەک نییە مافی ڕۆژنامەنووس بە تایبەت لە بەدەستهێنانی زانیاریدا بپارێزێت‌و لایەنی بەرامبەر سزابدرێت کاتێک زانیاریی لە ڕۆژنامەنووسان دەشارنەوە».

لەلایەکی دیکەوە، لە بڕگەی پێنجەمی مادەی حەوتەمیشدا هاتووە، هەرکەسێک بەهۆی کارەکەیەوە سوکایەتی بە ڕۆژنامەنووس بکات، یاخود دەستدرێژیی بکاتە سەری، ئەوا هەمان ئەو سزایە دەیگرێتەوە کە بۆ دەستدرێژییکردنە سەر فەرمانبەران لە کاتی دەوامدا، یان بەهۆی ئەرکەکانییەوە دانراوە.

هەرچەندە یاساکە ڕۆژنامەنووسی وەک فەرمانبەری حکومیی لە قەڵەم داوە، بەڵام هیچ سزایەکی بۆ کەسانی سەرپێچیکار دانەناوە، هەربۆیە لەم کاتەدا دادگا دەگەڕێتەوە بۆ یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو، کە مادەکانی (٢٢٩-٢٣٢)ی تەرخانکردووە بۆ ئەو دەستدرێژییانەی دەکرێنە سەر فەرمانبەر، یاخود هەرکەسێکی دیکە کە ئەرکێکی گشتیی پێسپێردراوە.

لە بەرامبەریشدا سەرنووسەری ڕۆژنامەی هاوڵاتی، پێیوابوو، کە ئەو یاسایە بەهیچ جۆرێک جێبەجێ ناکرێت‌و هیچ کاتێک ڕۆژنامەنووس لە دادگاکان‌و لەلایەن دەسەڵاتەوە وەک فەرمانبەر مامەڵەی لەگەڵ نەکراوە، کاتێک دەستدرێژییەکی دەکرێتەسەر، بەڵکو ئەو ڕۆژنامەنووسانەی سەر بە میدیاکانی دەسەڵات نین، مامەڵەی جاسوسییان لەگەڵ دەکرێت کاتێک کارەکەیان جێبەجێدەکەن، یان بەدوای زانیاریدا دەگەڕێن.

جێبەجێنەکردنی دەقەکانی یاسای ڕۆژنامەگەریی، تەنیا لە لاپەن بەرپرسانی حیزبیی‌و حکومییەوە نییە، بەڵکو وەک فەرهاد عەونی، نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان ئاماژەی پێکرد، تا ئێستا لە زۆرێک لە دادگاکاندا ئەم یاسایە پەیڕەوناکرێت بە پاساوی ئەوەی کە یاساکەیان پێنەگەیشتووە، یان ئاگاداری نین.

کارنەکردن بە یاسای ڕۆژنامەگەریی لە کوردستان هاوکاتە لەگەڵ وەڵامنەدانەوەو بەهەندوەرنەگرتنی ئەو چوار ڕاپۆرتەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان لەسەر ڕەوشی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان بڵاویکردوونەتەوە، کە تا ئێستا لایەنە فەرمییەکان هیچ ڕوونکردنەوەیەکیان نەداوە.

لەمبارەیەوە، ئەنوەر حسێن ئاشکرایکرد، کە تا ئێستا نە وەزارەتی ناوخۆو نە دەسەڵات، وەڵامی ڕاپۆرتەکانی سەندیکایان نەداوەتەوە، هەربۆیە لە دوای هەڵبژاردنی (٣/٧)وە داوایەکیان ئاڕاستەی سەرۆکی هەرێم کردووە، تا بەدواداچوون‌و وەڵامیان هەبێت بەرامبەر بەو پێشێلکارییانەی بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان دەکرێن، بە تایبەت جێبەجێنەکردنی یاسای کاری ڕۆژنامەگەریی کە خۆی وەک سەرۆکی هەرێم ئیمزای لەسەر کردووە.

سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لە ماف‌و ئازادیی ڕۆژنامەنووسان لە سەندیکا، جەختیشی لەسەر ئەوە کردەوە، کە ئەوان چاوەڕوانی وەڵامی سەرۆکی هەرێمن، ئەگەر هەر وەڵامیان نەبێت، ئەوا سەندیکا ناچار دەبێت پەنا بۆ شێوازی دیکە بەرێت، وەک بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتەکان بۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان‌و هاوکاریکردنی ڕۆژنامەنووسان بۆ ئەنجامدانی مانگرتن‌و دانانی سنوورێک بۆ ئەو پێشێلکاریی‌و توندوتیژییانەی بەرامبەریان دەکرێت.

# دادگا بکوژەکانی لەبیر نەکردووە

## سەرۆکی رێکخراوێک:
## دادگای موسڵ لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان بوێرترە

راپۆرتی: رۆژنامە

چوار کوڕی کوردی ئێزدی بڕیاری لە سێدارەدانیان بۆ دەرچوو، لە بەرامبەر بەشداریکردنیان لە کوشتنی کچێکی هاوئاییینیان.

رۆژی شەممە (٢٠١٠/٣/٢٧) دادگای بەرایی تاوانەکان لە موسڵ بڕیاری لە سێدارەدانی چوار کوڕی ئێزدی دەرکرد، لەبەرئەوەی تۆمەتی بەشداریکردن لە کوشتنی کچێکی ئێزدی بە ناوی (دوعا)یان بەسەردا ساغبووەتەوە، هاوکات، ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ بڕیارەکە بە سیاسیی دەزانێتو سەرۆکی رێکخراوێکیش بە سزایەکی «دادپەروەرانە» لە قەڵەمی دەدات.

لە گوندی بەحزانی لە ناحیەی بەعشیقەی سەر بە پارێزگای موسڵ رۆژی (٢٠٠٧/٤/٧) (دوعا) کچە ئێزدی تەمەن خوار هەژدە ساڵ لەلایەن ژمارەیەک لە گەنجانی گوندەکەوە، کە هاوئاییینی بوون، بەشێوەیەکی دڕندانە کوژرا.

ئەسوەد خەلیل، خێزانێکی (١٠) ئەندامی پێکهێنابوو، بەکوشتنی دوعا ئێستا بوونەتە (٩) ئەندام، کە جگە لە دایکو باوکیان، (٤) کوڕ (٣) کچ ماونەتەوە.

بە وتەی خەلیل ئەسوەد، باوکی دوعا، سەرەتای کێشەکە لەوەوە دەستیپێکرد، کە رۆژێک دوعا چووە دەرەوەی ماڵ، ئەوانیش بەشتێکی ئاسایی وەریانگرتو وتیان لەوانەیە چووبێتە ماڵی پورەکانی، بۆ دووەم رۆژ دیار نەبوو، دواتر کەوتنە گەڕانو سۆراغکردنیو بۆیان دەرکەوت، کە لەگەڵ کوڕێکی موسڵماندا لەناو زەیتونەکانی نزیک مزگەوتەوە (لە ناوچەکەی خۆیان)، بینراوە.

باوکی دوعا لەبارەی کچە کوژراوەکەیەوە دەڵێت: (هیچ پەیوەندیی بەئیسلامەوە نەبووەو هیچی لەئیسلام نەدەزانی، دوعا (قاسر) بوو، تەمەنی (روشدی) تەواو نەکردبوو، تا سێیەمی سەرەتایی خوێندبوو، تەنیا دەیزانی ناوی خۆی بنووسێت.

دوای ئەوەی لەگەڵ کوڕە مسوڵمانەکەدا بینراوە، دوعا لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراو دوای رێکەوتن لەگەڵ یەکە ئیدارییەکانی ناوچەکەو ناوچەی بەعشیقەی پارتی، کچەکەیان دایەوە بەماڵی سەرۆکی قەوالینی ئێزدی، بەو مەبەستەی بۆ ماوەیەک بارودۆخەکە هێمن بێتەوەو دواتر تەسلیمی باوکی بکەنەوە.

لە عورفی ئێزدیدا چوونە دەرەوەی کچو دیارنەمانی بۆ چەند رۆژێک، بەلادان لە نەریتە کۆمەڵایەتییەکان دادەنرێتو ئەو کچە بە(گوناهبار) دەزانرێت، بەڵام باوکی کچەکەو سەرۆکەکەشیان بڕوایان وایە، کە؛ «گوناهباریی» کچەکە نەگەشتبووە ئەو رادەیەی بکوژرێت.


دوعا خەلیل

دانیشتووانی ناحیەی بەعشیقە، نزیکەی (٣٥) هەزار کەس دەبن، (٧٠٪) ئێزدیو (٢٠٪) مەسیحو (١٠٪) موسوڵمان پێکدەهێنن، لەناو بەعشیقەدا دوو مزگەوتی گەورەو چەند کڵێسەیەکو مەزارێکی ئێزدیییانی لێیە.

لە ترسی ئەوەی هێرش دەکرێتە سەری لەلایەن ناوچەی بەعشیقەی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، دوعا تەسلیم بە قەواڵ سلێمان (پیاوی ئاییینی ئێزدی) کرا، بەهیوای ئەوەی دەتوانرێت لەوماڵەدا بپارێزرێت، بەڵام قەواڵ نەیتوانی کچەکە لەماڵەکەیدا بپارێزێت، بۆیە لەلایەن کەسە نزیکەکانی کچەکەوە لەماڵ دەرهێنراو دواتر بەشێوەیەکی دڕندانە لەبەرچاوی خەڵک بەردباران کرا.

شێخ سلێمان سقۆ (قەواڵی ئێزدییەکان)، وتی: «رازی نەبووە کچەکە ببرێتە دەرەوە، بۆ چارەسەری کێشەکەش پێشنیازی ئەوەیان کردووە بدرێتە کوڕە خاڵێکیو لەناوچەکە دووری بخاتەوە، «بەڵام هەندێک لەخزمەکانی بەمە رازی نەبوون»».

شێخ سلێمان وتی: «ئەو رۆژە، کە هاتن من نەمدانەوەو داوای باوکیم کرد، بەڵام باوکی نەهاتو مامی هات، منیش عەقدێکم پێ ئیمزا کردو کچەکەم دایەوە، دواتر هەندێک کەس بەو شێوە ناشرینە کوشتیان».

بەپێی گێڕانەوەکانی ئێزدییەکان، لە دینی ئەواندا کوشتنی کچ حەرامە، بۆیە شێخ سلێمان، دەڵێت: «راستە دوعا هەڵەی کردووە، بەڵام نەدەبوو بکوژرێت».

دەرمان خەتاری، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ لەو بڕوایەدایە بڕیاری لەسێدارەدانی ئەو چوار کوردە «کێشەکە گەورەتر دەکات».

ئەو، کە کوردێکی ئێزدییەو لەسەر لیستی برایەتی نەینەوا ئەندامی ئەنجومەنی موسڵە، هۆشداریی ئەوەیدا، کە ئەگەری ئەوە دەکرێت کوردی ئێزدیش سەبارەت بەو بڕیارەی دادگای موسڵ خۆپیشاندانی گەورە بکەنو دەنگی خۆیان بگەیەننە لایەنە پەیوەندیدارەکان.

دەرمان خەتاری، بە رۆژنامەی راگەیاند: راستە دوعا کچێک بوو دوور لە بەها مرۆییەکان کوژراو زوڵمێکی گەورەی لێکرا، بەڵام بۆچی چوار کەس لەیەک کات لەسەر یەک کچ لەسێدارە بدرێن، لەکاتێکدا ئەوان رۆژانە دەبینن ئەوانەی تەقینەوە دەکەنو خەڵکی سیڤیلو بێ تاوان دەکوژن، تەنیا بەند دەکرێنو لەسێدارەش نادرێن.

بەپێچەوانەی بۆچوونەکەی خەتارییەوە، خانم رەحیم، بەرپرسی رێکخراوی ئاسوودە بۆ بەرگری لە توندوتیژیی دژی ژنان، لەو بڕوایەدایە، کە ئەوانە بە سزای «دادگەرانە»ی خۆیان گەیشتوون.

خانم رەحیم، بەسزا گەیاندنی تاوانبارەکان بە «هەواڵێکی دڵخۆشکەر» دەزانێت، ئەگەرچی دەڵێت: «بەشەخسی خۆم لەگەڵ سزای لەسێدارەداندا نیم بۆ هیچ کەسێک».

خانم رەحیم، هیواخوازە ئەم سزایانە وانەیەک بێت بۆ ئەوانەی، توندوتیژیی بەرامبەر ژنان دەکەن، وەک هیوا دەخوازێت لە کوردستانیش هەمان لێپێچینەوە هەبێت، چونکە بڕوای وایە بەشێک لە تاوانباران لە کوردستان بەهۆکاری جیاجیا بەسزای خۆیان ناگەن.

بەرپرسی رێکخراوی ئاسوودە دەڵێت: «دادگای موسڵ بوێرترە لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان، چونکە لەو فەزا جەنجاڵەدا سزای بۆ ئەو تۆمەتبارانە دەرکردووە، لەکاتێکدا خەڵکانێک هەبوون وایاندەزانی ئەو رووداوە لەبیرچووەتەوە».

---

## لە دەنگدانیشدا، ژنان پاشکۆی پیاوان بوون

# هیچ ژنە کاندیدێک، دەنگی پێویستی بۆ کورسییەکی پەرلەمانی نەهێناوە

راپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان

لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراقدا، هیچکام لە کاندیدە ژنەکان، دەنگی پێویستیان بۆ بەدەستهێنانی کورسی پەرلەمانی لە کوردستاندا بەدەست نەهێنا، بەڵکو زۆربەیان یان بەپێی ئەو پلەبەندییەی کە لەدەنگدا بەدەستیانهێناوە، یان بەسیستمی کۆتای ژنان دەچنە پەرلەمانەوە، ئەمە لەکاتێکدا رەگەزی ژن بەشدارییەکی کارای لەهەڵبژاردندا هەبوو.



### ئاستی هۆشیاریو حیزبیبوون، رۆڵیان بینی

رۆژی (٢٠١٠/٣/٧) هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەرتاسەری عێراقدا ئەنجامدراو دوای تێپەڕبوونی (١٩)رۆژ بەسەریدا ئەنجامە بەرایییەکان راگەیەندران، کە بەپێی ئەنجامەکانو دەرکەوت زۆرینەی ژنان کەمترین دەنگی هەڵبژاردنەکەیان بەدەستهێناوەو لە هەر سێ پارێزگاکەی هەرێمدا، تەنیا (٨)ژن دەچنە پەرلەمانی عێراقەوە، کە جگە لە تەنیا ژنێکیان کە بەمافی خۆی کورسییەکی بەدەستهێناوە، (٧)ژنەکەی دیکە بەسیستمی کۆتا بەشداریی پەرلەمان دەکەن، ئەمەش لەکاتێکدا کە بەپێی زانیارییەکان، ژنان ئەو توێژە بوون کە زۆرترین بەشدارییان لەهەڵبژاردندا هەبوو، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زۆرینەی ژنان دەنگیان بە کاندیدە ژنەکان نەداوەو نوێنەری ژنیان لە پەرلەمانی عێراقدا بۆ خۆیان دیاریی نەکردووە.

پەروا عەلی، کاندیدی لیستی گۆڕان لە پارێزگای سلێمانی پێیوایە، چەند هۆکارێک هەبوون بۆ کەمیی دەنگهێنانی ژنان لەهەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراقداو وتی «کۆمەڵگای کوردی، کۆمەڵگایەکی پیاوسالارییەو ئەو کلتوورەی لەکۆمەڵگادا هەیە، وایکردووە کە پیاوان باڵادەستترو خاوەن بڕیاربن، ئەمە جگەلەوەی هۆشیاریی تاکی کورد نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی، متمانە بە ژنێک بکرێت بۆ نوێنەرایەتیکردن لە پرۆسەیەکی وەک هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەراندا».

زۆربەی حیزبەکان بۆ دەنگدان بە کاندیدەکانیان، لایەنگرانی خۆیان کردبوو بە چەند بەشێکەوەو کردبوویانە ئەرک بەسەریانەوە کە دەبێت دەنگ بدەن بە کاندیدێک کە خۆیان بۆیان دیاریکردوون، هەربۆیە بە بڕوای پەروا «دیاریکردنی کاندیدی حیزبەکان بۆ لایەنگرانیان، لەلایەن پیاوانەوە کراوە کە لەو حاڵەتەشدا، هەم رەگەزەکەو هەم حیزبایەتییەکەش رۆڵیان بینیوە».

دەنگنەدانی ژنان بە کاندیدە ژنەکانو دەنگدانیان بەو کاندیدانەی پیاوان لە خێزانەکانیان دەنگی پێدەدەن، بە بڕوای پەروا، پاشکۆیەتی ژن دەردەخات لە بڕیارداندا.

هاوکات بەپێی ئەنجامەکان بینرا کە ژنانی کاندید لە ناوەندی پارێزگاو قەزاکاندا دەنگی زیاتریان لە ناحیەو گوندەکان بەدەستهێناوە، کە ئەمەش چەندین هۆکاری لەپشتەوەیە.

نەسرین ئەنوەر رەشید، کاندیدی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لە پارێزگای هەولێر، بە رۆژنامەی راگەیاند: متمانە نەبوون بە ژنان بۆ نوێنەرایەتیکردن، دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی هۆشیاریی خەڵک کە وا بیردەکەنەوە پیاوان باشتربن لە ژنان، بەتایبەت لەدەرەوەی شارەکان، کە ژنان زۆرتر گوێڕایەڵی مێردەکانیانو ئەوان دەنگ بەوان دەدەن، ژنانیش هەر دەنگ بەو دەدەن، بەڵام لەسەنتەری شارەکاندا باشترە، جگە لە ژنان پیاوانیش دەنگیان بە کاندیدە ژنەکان داوە».

لە کۆمەڵگای پیاوسالاریدا، هەروەک نەسرین باسی لێوەکرد، دەبێت ژنەکان بۆ دەنگدانیش، لەژێر بڕیارەکانی پیاواندابن، «بەتایبەتیش نەخوێندەوارەکانیان».

### کاندیدە ژنەکانیش، بەرپرسیارن

وەک لە وتەکانی ئەو دوو ژنە کاندیدەوە هەستیپێدەکرێت کە ژنانی کاندید، زۆرینەی هۆکارەکانی کەمدەنگهێنانی ژنان دەخەنە ئەستۆی کۆمەڵگا بەگشتییو ژنان بەتایبەتی، کە نوێنەری ژن بۆخۆیان هەڵنەبژێرن، بەڵام هەڵسوڕاوێکی بواری مافەکانی ژنان پێیوایە؛ گرفت لە ژنە کاندیدەکانیشەوە هەبووەو نەناسراویی ئەوان بەرپرسیارێتییەکە دەخاتە ئەستۆیان لە بەدەستهێنانی دەنگی کەمدا.

تامان شاکر، هەڵسوڕاوی بواری مافەکانی ژنان بە رۆژنامەی راگەیاند «ئەو ژنانەی کاندیدکرابوون کەمتر لە پیاوەکان ناسرابوونو لەپێشتردا لەشوێنێکی وادا کاریان نەکردووە کە زیاتر دەرکەونو لەخەڵکەوە نزیک نەبوون، بەتایبەتیش لە گەنجانو ژنان، بەڵکو ئەوان زیاتر حیزبو لایەنەکان فەرزیان کردبوون نەک پێشینەی کارەکانی خۆیان، کە بە بڕوای من ئەمە هۆکارێکی هەرە گرنگ بوو بۆ کەم بەدەستهێنانی دەنگ».

بەپێی ژمارەی ئەو دەنگانەی کە بۆ بەدەستهێنانی کورسییەک دیاریکرابوو، پارێزگای میسان کەمترین دەنگی دەویست کە (٣٥)هەزار دەنگ بوو، هاوکات بەپێی راگەیاندنی ئەنجامە بەرایییەکانی هەڵبژاردن، بەرزترین رێژەی دەنگهێنانی ژنان، مەها دوری، پاڵێوراوی لیستی ئەحراری عێراق بوو، کە (٢٩)هەزارو (٤٨٢)دەنگی بەدەستهێنابوو، لە پلەی یەکەمدابوو.

هەربۆیە بە بڕوای تامان؛ پێویستبوو حیزبو لایەنەکان خەڵکانێکی دیارو ناسراو بکەنە کاندید کە خاوەنی توانایەکی فیکرییو رۆشنبیریی بن، کە لە زۆربەی کاندیدە ژنەکاندا ئەو لایەنە بەدی نەدەکرا، وتیشی «لەکاتی بەڕێوەچوونی هەڵمەتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکاندا، بینرا کە ژمارەیەک لە کاندیدە ژنەکان ئەدایان لاوازبوو، نەیاندەزانی چۆن خۆیان بناسێننو راوێژکاریان نەبوو بۆ ئاراستەکردنیان، کە ئەمانە دەنگەکانیانی کەمکردەوە، بۆیە زۆربەیان ئەگەر حیزبەکانیان نەبوونایە، ئەو ژمارە دەنگەشیان نەدەهێنا».

### پیاوان هەلی باشتریان بۆ رەخسا

لەکاتی بەڕێوەچوونی هەڵمەتی هەڵبژاردندا، پیاوان زۆرتر لە ژنان بانگەشەیان بۆخۆیان دەکردو زیاتر دەچوونە کوچەو کۆڵانو بازارەکان کە بە بڕوای کاندیدە ژنەکان، ئەمەش رۆڵی بینیوە لە زیاتر بەدەستهێنانی دەنگ لەلایەن پیاوانەوە.

پەروا عەلی، وتی: «بە حوکمی ئەوەی لە کوردستاندا زۆرێک لە شوێنەکان پیاوانەن، وەک بازارو چاخانەو زۆر شوێنی دیکەش، بەو هۆیەوە هەلی زیاتر بۆ پیاوان رەخسا کە بچنە ئەو شوێنانەو بانگەشە بکەنو ژنان ناتوانن تا درەنگانێک لە دەرەوە بمێننەوەو بانگەشە بکەن، کە ئەمە جیا لەمەسەلەی هەڵبژاردنیش، غەدرێکی گەورەیە کە لە ژنان دەکرێت».

بەڵام بە وتەی پەروا، وێڕای ئەو لەمپەرانەش، ژنانی کاندید توانییان بچنە زۆر شوێن کە یەکەمجار بوو ژنان بۆی بچن، هاوکات لەم کۆمەڵگا داخراوەدا توانییان وێنەیان بەزۆر شوێندا هەڵبواسرێت، کە ئەمانە جێی شانازین بۆ ئەو ژنانە.

# کـورد لــە هـەڵـبـژاردنــی (٣/٧)دا



محەمەد ڕەئوف

**- ئۆپۆزسیۆن (٤٠٪)ی دەنگەکانی هەرێمی کوردستانی بەدەستهێناوە**

**- ئۆپۆزسیۆن ٥٢,٩٪ی کورسییەکانی سلێمانیو ٣١,٥٪ی دەنگەکانی پارێزگای هەولێری بەدەستهێناوە**

بەپێی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کورد (٥٧) کورسی بەدەستهێناوە، بەوپێیەش ڕێژەی کورسییەکانی کورد بە ٣,٥٪ی دەنگەکانی لە ئەنجومەنی نوێنەران کەمدەکات، لەسەر ئاستی پارێزگای کەرکوکیش ڕێـژەی دەنگەکانی کورد (١٤,٦٪)ی دەنگەکانی کەمیکردووەو لە پلەی دووەمدایە، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش ڕێژەی دەنگی ئۆپۆزسیۆن (٤٠٪)ە.

### لیستی گۆڕان دەبێتە هێزی دووەم لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان

لـەسـەر ئـاسـتـی عـێـراق لیستی هاوپەیمانیی کوردستان (٤٣) کورسی بەدەستهێناوەو لە پلەی چوارەمدایەو لیستی گـۆڕان (٨) کورسیو لە پلەی پێنجەمدایەو یەکگرتوو (٤) کورسیو کۆمەڵی ئیسلامیی (٢) کورسییان بەدەستهێناوە، کـۆی گشتیی لیستە کوردییەکان (٥٧) کورسی دەکـات لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، کە (٣٢٥) کورسییە، بەوپێیەش ڕێـژەی کورسییەکانی کورد دەکاتە ١٧,٥٪ی کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لەکاتێکدا لە هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٠٥)و لە خولی ڕابردووی ئەنجومەنی نوێنەراندا، کورد بە لیستی هاوپەیمانییو یەکگرتووەوە (٥٨) کورسی هەبووە، لەکاتێکدا ئەنجومەنی نوێنەران (٢٧٥) کورسی بـووە، بەو ڕێژەیەش کورد (٢١٪)ی کورسییەکانی هـەبـووە، کە لەئێستادا ڕێـژەی کـورد بە (٣,٥٪)ی کورسییەکانی دابـەزیـوە، زۆرێـک لە چاودێرانی سیاسیش هۆکاری دابەزینی ڕێژەی کورسییەکانی کورد دەگەڕێننەوە بۆ ڕازیبوونی بەرپرسانی کـورد بە پەسەندکردنی یاسای هەڵبژاردنەکانو دابەشکردنی کورسییەکانی پارێزگاکانو زیـادبـوونـی کـورسـی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، چونکە لە دابەشکردنی کورسییەکاندا ناعەدالەتی بەرامبەر بە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کراو بەرپرسانی کوردیش پەسەندکردنی یاسای هەڵبژاردنەکانیان بە دەستکەوت ناودەبرد.

سـەبـارەت بـە سـێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستانیش، لە پارێزگای هەولێر هاوپەیمانیی کوردستان بە پارتی دیموکراتو یەکێتیی نیشتیمانیو (١١) حیزبی دیکەوە (١٠) کورسییان بەدەستهێناوە، بەوپێیەش پارتی دیموکراتی کوردستان (٩) کورسی، کە دەکاتە (٦٤,٣٪)و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (١) کورسی، کە دەکاتە (٧,١٪)و لیستی گۆڕان (٢) کورسی، کە دەکاتە (١٤,٣٪)و یەکگرتوو (١) کورسی، کە دەکاتە (٧,١٪)و کۆمەڵی ئیسلامیی (١) کـورسـی، کـە دەکـاتـە (٧,١ ٪)، بەوەش ئۆپۆزسیۆن بە لیستی گۆڕانو یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامییەوە (٢٨,٥٪)ی کورسییەکانی ئەو پارێزگایەی بەدەستهێناوە، هاوکات پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر (٣٠٦٧٧٥) دەنگی بەدەستهێناوە، کە دەکاتە (٤٤,٧٪)ی دەنگەکانی ئەو پارێزگایەو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (١٢٤٩٥٩) دەنگی بەدەستهێناوە، کە دەکاتە (١٨,٢٪)ی دەنگەکانو گـۆڕان (١٠٣٣٩٧) دەنگی بەدەستهێناوە، کـە دەکـاتـە (١٥٪)ی دەنگەکانو یەکگرتوو (٥١٠٦٥) دەنگی بەدەستهێناوە، کـە دەکاتە ٧,٤٪ی دەنگەکانو کۆمەڵی ئیسلامیی (٦٢٧٠٦) دەنـگ، کە دەکاتە (٩,١٪)ی دەنگەکان، بەوپێیەش ئۆپۆزسیۆن لە پارێزگای هەولێر (٣١,٥٪)ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە.

لە پـارێـزگـای سلێمانیش لیستی گۆڕان (٦) کورسی، کە دەکاتە ٣٥,٢٪ی کورسییەکان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (٥) کورسی، کە دەکاتە (٢٩,٤٪)و پارتی دیموکراتی کوردستان (٣) کورسی، کە دەکاتە ١٧,٦٪و یەکگرتوو (٢) کـورسـی، کـە دەکـاتـە (١١,٧٪) دەنـگـەکـانو کۆمەڵی ئیسلامیی (١) کورسی، کە دەکاتە ٥,٨٪ی کورسییەکانی پـارێـزگـای سلێمانی، بەوپێیەش ئۆپۆزسیۆن ٥٢,٩٪ی کورسییەکانی پارێزگای سلێمانی بەدەستهێناوە.

هاوکات لیستی گۆڕان لە پارێزگای سلێمانی (٢٩٨٦٢١)ی دەنگەکان، کە دەکاتە (٣٥,٨٪)ی دەنگەکانی بەدەستهێناوەو دەبێتە هێزی یەکەمی سنووری پارێزگای سلێمانیو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ٢١٣٩٨٤ی دەنگەکان، کە دەکاتە ٢٥,٦٪ی دەنـگـەکـانو یەکگرتووی ئیسلامیی (١٠٣١٨٨)ی دەنگەکان، کە دەکاتە (١٢,٣٪)و پارتی دیموکراتی کوردستان (٨٢١٢١)ی دەنگەکان، کە دەکاتە (٩,٨٪)و کۆمەڵی ئیسلامیی (٧٩١٤٩)ی دەنگەکان، کە دەکاتە (٩,٤٪)ی دەنگەکانی ئەو پارێزگایەی بەدەستهێناوە، بەوپێیەش ئۆپۆزسیۆن (٥٧,٥٪)ی دەنگەکانی پارێزگای سلێمانی بەدەستهێناوە.

لـە پـارێـزگـای دهـۆکـیش پارتی دیموکراتی کورستان (٩) کورسیو (٩٠٪)ی کورسییەکانی ئەو پارێزگایەو یـەکـگـرتـوو (١) کـورسـیو (١٠٪)ی کورسییەکانی ئـەو پارێزگایەی بەدەستهێناوە، بەوپێیەش پارتی دیموکراتی کوردستان (٢٨٣٠٦٩) دەنگ، کە دەکاتە (٦٤,٧٪)ی دەنگەکانی ئەو پارێزگایەو یەکگرتووی ئیسلامیی (٥٩٩٦٩) دەنـگ، کە دەکاتە ١٣,٧٪ی دەنگەکانی ئەو پارێزگایەو یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان (٣٥٥٩١) دەنگ، کە دەکاتە (٨,١٪)ی دەنگەکانی ئەو پارێزگایەو لیستی گـۆڕان (٢٣٧٧٥) دەنگ، کە دەکاتە (٥,٤٪)ی دەنگەکانو کۆمەڵی ئیسلامیی (٣١٤١) دەنـگ، کە (٠,٧٪)ی دەنگەکانی ئەو پارێزگایەی بەدەستهێناوە، بەوپێیەش ئۆپۆزسیۆن (١٩,٨٪)ی دەنگەکانی ئەو پارێزگایەی بەدەستهێناوە.

سەبارەت بە پارێزگای کەرکوکیش هاوپەیمانیی کوردستان (٦) کورسیو عێراقییە (٦) کورسی بەدەستهێناوە، بەوپێیەش ڕێژەی کورسی کورد لەو پارێزگایە (٥٠٪)یە، سەبارەت بە ڕێژەی دەنگەکانیش، لە کۆی (٥٦٠٩٠٤) دەنگدەر، کـورد بە لیستەکانی هاوپەیمانییو گۆڕانو یەکگرتوو و کۆمەڵو لیستی قەڵاوە (٢٧٤٩٨٠) دەنگی بەدەستهێناوە، کە دەکاتە (٤٩٪)ی دەنگەکانی پارێزگای کەرکوک، سەرجەم لیستە عـەرەبو تورکمانەکانیش (٢٨٥٩٢٤) دەنگیان بەدەستهێناوە، کە دەکاتە (٥١٪)ی دەنگەکانی ئەو پارێزگایە، بەوپێیەش ڕێژەی دەنگەکانی کورد زۆر دابەزیوە، ئـەگـەر بـە ڕێـــژەی کورسییەکانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک ئەژماری بکەین، لە کۆی (٤١) کورسی کورد (٢٦) کورسی بەدەستهێناوەو دەکاتە (٦٣,٤٪)ی دەنگەکانی ئەو پارێزگایە، لایەنە عەرەبو تورکمانییەکانی دیکەش (١٥) کورسییان هەیە، کە دەکاتە (٣٦,٦٪)ی دەنگەکان، بەوپێیەش دەنگەکانی کورد (١٤,٦٪) دابەزیوەو لایەنەکانی دیکەش (١٤,٤٪) سەرکەوتووە، ئەمەش بە پلەی یەکەم بۆ ئەو توندوتیژییو فـشـارانـە دەگـەڕێـتـەوە، کـە لیستە کوردییە باڵادەستەکان بەرامبەر بە لیستە ئۆپۆزسیۆنەکان بەکاریانهێناوەو بەشێکی زۆری هاوڵاتییان نەچوون بۆ دەنگدانو لەبەرامبەریشدا فشارو چاودێریان لە ناوچە عەرەبییەکاندا کەمکردەوە، ئەمە سـەرەڕای خراپیی ئەدای حیزبەکان لە کەرکوکو خراپیی مامەڵەیان لەگەڵ لایەنەکاندا.

لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش پارتی دیموکراتی کوردستان لە پلەی یەکەمدایە بە (٦٧١٩٦٥)ی دەنگەکان، کە دەکاتە (٣٤,٣٪)، لیستی گۆڕان لە پلەی دووەمدایە بە بەدەسهێنانی (٤٢٥٧٩٣)ی دەنگەکان، کە دەکاتە (٢١,٧٪) دەنگەکان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە پلەی سێیەمدایە بە (٣٧٤٥٣٤) دەنـگ، کە دەکاتە (١٩,١٪)و یەکگرتوو لە پلەی چوارەمدایە بە (٢١٤٢٢٢) دەنـگ، کە دەکاتە ١٠,٩٪و کۆمەڵی ئیسلامیی لە پلەی پێنجەمدایە بە (١٤٤٩٩٦) دەنگ، کە دەکاتە ٧,٤٪ی دەنگەکان، بەوپێیەش ئۆپۆزسیۆن ٤٠٪ی دەنگەکانو (٣٢,٥٪)ی کورسییەکانی هەرێمی کوردستانی بەدەستهێناوە.

# بـەفـیـڕۆدانــی دەنـگـەکـانـی کـورد

چاودێرێک

**بەگشتیی هێزو لایەنەکان هەریەکەیان بەرپرسیارێتی بەپێی قەبارەو دەسەڵاتی خۆی بەردەکەوێت، بەو ئومێدەی لە چوارساڵی ئایندەدا بەرژەوەندیی نەتەوەو دەستکەوتە ستراتیژییەکان لەبەرچاو بگرن**

لە پێنج پارێزگای دەرەوەی هەرێمی کوردستان زیاتر لە (١٥٢) هـەزار دەنگی هاوڵاتییانی کورد فەوتاون، فەوتان بەو مانایەی، کە دەنگدانی هاوڵاتییان بەهۆی کەمیی ژمارەی دەنگەکانەوە، نەبووەتە هۆی بەدەستهێنانی هیچ کورسییەک.

ئەگەر ئەو دەنگانە بە فەوتاو حساب بکرێن، کێ لێی بەرپرسیارە؟ (چونکە لەوانەیە هەندێک لایەنی سیاسییو کـەسـایـەتـی دان بە فەوتاندنی ئەو دەنگانەدا نەنێن).

با بە نزیکەیی لەو دەنگانەی لە پێنج پارێزگای دەرەوەی هەرێمی کوردستان هاتوون وردبینەوە، ئەم ڕێژانە بەپێی جیاکردنەوەی دەنگەکانە، کە لەلایەن کۆمسیۆنەوە ڕاگەیەنراون:

لە دیالە، (هاوپەیمانیی کوردستانی ٤٧٧٤٩، گۆڕان ٨٩٩٤، یەکگرتوو ٢٣١٠، بەرژەوەندی نەتەوەکان ٦٩٦) دەنگیان بەدەستهێناوە، کەواتە زیاتر لە (١٢٠٠٠) دەنگ فەوتاون، لەمانە تەنیا بە دەنگەکانی هاوپەیمانیی یەک کورسی بەدەستهاتووە.

لە سەڵاحەدین، (هاوپەیمانیی کوردستانی ٢٢٦٧٦، گۆڕان ٢٦٥٤، بـەرژەوەنـدی نەتەوەکان ١٨٣٤) دەنگیان بەدەستهێناوە، بەڵام هیچ کورسییەک بەدەستنەهاتووە، کەواتە زیاتر لە (٢٧١٦٤) دەنگ فەوتاون.

لە بەغدا، (هاوپەیمانیی کوردستانی ٢٣٢٦٣، گۆڕان ٢٤٧١، یەکگرتوو ١١١٣، بـەرژەوەنـدی نەتەوەکان ٣٦٩) دەنگیان بەدەستهێناوە، بەڵام هیچ کورسییەک بەدەست نەهاتووە، کەواتە زیاتر لە (٢٧٢١٦) دەنگ فەوتاون.

لـە مـوسـڵ، (هـاوپـەیـمـانـیـی کوردستانی ٢٣٩١٠٩، گۆڕان ١٠٧١٥، یەکگرتوو ٥٤٧٤، کۆمەڵ ١٤٦٩) دەنگیان بەدەستهێناوە، لەکۆی ئەم دەنگانە تەنیا هاوپەیمانیی (٨) کورسی بەدەستهێناوە، کەواتە زیاتر لە (١٧٦٥٨) دەنگ فەوتاون، جگە لە زیادەکانی هاوپەیمانیی.

لـە کـەرکـوک، (هاوپەیمانیی کـوردسـتـانـی ٢٠٦٥٤٢، یەکگرتوو٢٤٢٧٤، گۆڕان ٣٦٥٥٤، کـۆمـەڵ ٧١٧٥، بـەرژەوەنـدی نـەتـەوەکـان ٦٥١) دەنـگـیـان بەدەستهێناوە، لەم دەنگانە تەنیا هاوپەیمانیی کوردستانی (٦) کورسی بەدەستهێناوە، کەواتە زیاتر لە (٦٨٦٥٤) دەنگ فەوتاون، جگە لە زیادەکانی هاوپەیمانیی.

لەکۆی ئەو پێنج پارێزگایەی دەرەوەی هەرێم زیاتر لە (١٥٢٦٩٢) دەنگی کـورد فـەوتـاون، کـێ لە فەوتاندنی ئەم دەنگانە بەرپرسیارە؟

بە لەبەرچاوگرتنی سیستمی هەڵبژاردنەکە، کە نیمچە کراوەی فرەبازنەیی بوو، دەکرا لەو پێنج پـارێـزگـایـە کەسایەتیو لایەنە سیاسییەکان سیاسەتێکی دیکەیان بگرتایەبەر بۆ ئەوەی ڕێژەی کورد لە بەغدا کەمێک زیاتر بوایە.

ئێستا لـەوانـەیـە هـەنـدێـک بیرکردنەوە هەبن بڵێن؛ سەنگو قورسایی کورد پەیوەست نییە بە ڕێژەی کورسییەکان، بەڵکو عێراق تائێستاش لەسەر بنەمای تەوافوقەو ناکرێت کورد لەم چوارساڵەشدا لەهیچ وێستگەیەکی سیاسیی عێراقدا لەبیر بکرێت، بەڵام ئایا تەنیا وێستگە سیاسییەکان گرنگن؟

بە گەڕانەوە بۆ ئەزموونی چوار ساڵی ڕابـردووی سەرکردایەتی سیاسیی کورد لە بەغدا، بە ئەستەم ئەوە بەدیدەکرێت، کە سەرکردایەتی سیاسیی کورد لەم چوار ساڵەدا مەسەلە نەتەوایەتیو ستراتیژییو هەنووکەییەکانیان لە هاوپەیمانییو هەڵوێستەکانیاندا جیاکردبێتەوە، بەشێکی زۆری ڕەخنەگرەکان، سەرکردایەتی سیاسیی کورد بەوە تۆمەتبار دەکەن، کە ئەوەندەی بۆ بەرژەوەندییە شەخسییەکانیان کـاریـانـکـردووە، ئـەوەنـدە بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەییو ستراتیژیی کاریان نەکردووە.

لەم هەڵبژاردنەشدا مەسەلەی هێنانی دەنگو ململانێی ناوخۆیی بەرچاویی سەرکردایەتی سیاسیی، هێزو لایەنەکانی ڕەشکردو ئەوەندەی بیریان لەوە کردەوە قەبارەو دەنگی خۆیان بزانو خۆیان بناسن لەو نـاوچـانـەدا، ئـەوەنـدە بیریان لە بەرژەوەندیی نەتەوەییو ستراتیژیی نەکردەوە.

ڕەنگە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان چەندین پاساوی ناوخۆیی بێننەوە بۆ ئەو کارەیان، دیارترینیان گۆڕانە، کە بـەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەکـرایـەوە، کە ناکرێت لەناوخۆ لایەنگرانمان ئیهانە بکرێنو لێمان بدرێت، بەڵام لە بەغدا دۆست بین.

هەروەک کۆمەڵو یەکگرتووش لەژێر کاریگەریی ناوی ئۆپۆزسیۆندا بەجیا لە هەموو عێراقدا بەشدارییان کرد.

کە لە ڕاستیدا دەبوو دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان بۆ بەرژەوەندیی ستراتیژیی نەتەوەیی ئەو گرفتانەی چارەسەربکردایە.

ڕەنگە پاساوی دەسەڵاتیش بۆ ئەو مەبەستە، ئەوەبێت؛ کە ئەوان وتوویانە دەرگـایـان کـراوەیـە بۆ هەموو هێزو لایەنەکانو ئۆپۆزسیۆن بـەچـاوی مـوئـامـەرەوە ئـەوەی وەرگـرتـووە، ئەوە بەشێکی وایە، کە ئۆپۆزسیۆن نەیدەویست بچێتە ناو ئەو جۆرە لە هاوپەیمانییەوە، بەڵام دەسەڵات نەیوت (هەموومان هاوپەیمانیی پێکدێنین)، نەک (داوای هاتنە ناو هاپەیمانیی بکات)، چونکە ئەوە دوو چەمکی مانا جیاوازن.

کەواتە بەگشتیی هێزو لایەنەکان هـەریـەکـەیـان بەرپرسیارێتی بەپێی قەبارەو دەسەڵاتی خۆی بـەردەکـەوێـت، بـەو ئومێدەی لە چوارساڵی ئایندەدا بەرژەوەندیی نەتەوەو دەستکەوتە ستراتیژییەکان لەبەرچاو بگرن.

# پـەرلـەمـان دەیـەوێـت بـبـێـتـە مـەرجـەع

**راپۆرتی، ئارام شێخ وەسانی**
**ئاوارە حەمید**


کوێستان محەمەد


ئارام قادر


دڵشاد شەهاب


عومەر عەبدولعەزیز

سەرۆکی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان بەپێویستی دەزانن، کە پەرلەمان بکرێتە مەرجەعیەتی بڕیاردان لەسەر پرسە هەستیارەکانی تایبەت بە کوردو بوونی بڕیاری ژمـارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی پەرلەمانی کوردستان بە پاڵپشتیی سیاسی ئەو هەنگاوە دەهێننەوە.

لـەمـاوەی رابـــردوودا هـــەردوو پارتی دەسـەڵاتـدار بە کەمیی بڕیارە چارەنووسسازەکانیان بردووەتە پەرلەمانی کوردستان، لەکاتێکدا پەرلەمان نوێنەرایەتی خەڵک دەکاتو لە مادەی یەکەمی بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی پەرلەمانی کوردستاندا هاتووە؛ «ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان-عێراق تاکە مەرجەعی سیاسیو دەستوورییە بۆ بڕیاردان لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی گەلی کوردستانو دیاریکردنی پەیوەندیی دەستووریی لەگەڵ دەسەڵاتەکانی کۆماری عێراقی فیدراڵداو دەبێت نوێنەرانی گەلی کوردستان لە کۆمەڵەی نیشتمانی عێراقدا لەکاتی خستنەڕووی هەر حوکمو مادەیەک، کە پەیوەندیی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی بە بەرژەوەندیی گەلی کوردستانەوە هەبێت، لەکاتی دارشتنی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا بگەڕێنەوە سـەر پـرسو رای پەرلەمانی کوردستان».

بەپێی ئەم بڕیارە کە خودی پەرلەمانی کوردستانو دواتـر سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەسەندیکردووە، هەموو ئەو پرسانەی کە پەیوەندییان بە چارەنووسی گەلی کـوردەوە هەیە لە پەرلەمانەوە دوا بڕیاری لـەسـەردەدرێـت، بەتایبەت لە ئێستادا کە بابەتی هاوپەیمانیبەستن لەگەڵ لیستە سەرکەوتووەکانی عێراق بۆ پێکهێنانی حکومەت پرسێکی گرنگو چارەنووسسازە.

کوێستان محەمەد، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، ئاماژەی بەوەدا؛ لەدوای راپەڕینەوە کە پەرلەمان دروسـتـبـووە، هـەوڵ هـەیـە بـۆئـەوەی دەسەڵاتی پەرلەمان کەمبکرێتەوە، بۆ ئـەوەی حیزب ببێتە سەرچاوەی بڕیارە سیاسییەکانو حیزب بڕیار لەسەر هەرسێ دەسەڵاتەکە بدات، حیزب بڕیار بۆ هەموو شتێک بدات، هەروەها ئەمە بەردەوام بووە، بۆیە تائێستاش بڕیارە چارەنووسسازەکان لە دەرەوەی پەرلەمان دەدرێـن، وتیشی: «لـە خولی پـێـشـوودا هیچ بڕیارێکی چارەنووسساز لە پەرلەمانەوە نەدراوە، لەکاتێکدا بەپێی یاسا پێویستە پەرلەمان شوێنی بڕیارە چارەنووسسازەکان بێت».

سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان وتی: «لە ئێستادا کە بارودۆخێکی گرنگ لە ئارادایە»، دوایئەوەیهەڵبژاردنوئەنجامیهەڵبژاردن راگەیاندراوە، بەهەمانشێوەی رابردوو دوو حیزبی دەسەڵاتدار دەیانەوێت لە دەرەوەی پەرلەمان هاوپەیمانێتیی ببەستنو رێکەوتن بکەن لەگەڵ لایەنە عەرەبییەکان لەسەر چەندین پرسی چارەنووسساز بەبێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمان، هەروەها ئەوان نەک ناگەڕێنەوە بۆ پەرلەمان، بەڵکو ناگەڕێنەوە بۆ لیستە سەرکەوتووەکانی دیکەش».

ئـارام قـادر، سـەرۆکـی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامیی، پێوایە؛ ئەو بابەتە قەیرانێکی گەورەیەو وتیشی: «پەرلەمان بەرزترین دەسەڵاتی سیاسیو یاسادانانی هەیە، بەڵام تائێستاش زۆرێک لە بڕیارە سیاسییە چارەنووسسازەکان ناگەڕێنەوە بۆ پەرلەمانو زۆربەی جار بەرژەوەندیی حیزبیی دەخرێتە پێش بەرژەوەندیی نەتەوەییەوە، یەکێک لەو شتە گرنگانەی کـە دەبـوایـە لـە پـەرلـەمـان گفتوگۆی لەبارەوە بکرایە، بابەتی بەشداریکردن بـوو لـە هـەڵـبـژاردنـەکـانو چۆنایەتی بەشداریکردنەکە.

سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامیی بە پێویستی دەزانێت، پاش گفتوگۆی کوتلە سەرکەوتووەکان، بڕیارەکان بۆ پەرلەمان جێبهێڵرێنو گفتوگۆی لەبارەوە بکاتو بڕیاری لەسەربدات، وتیشی: «ئەگەر بەبێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمان ئەو بڕیارانە بدرێن ، ئەوا مانای ئەوەیە ئەو رەوتـەی کە لە رابردوودا بەردەوام بووە، بڕیاری حیزبییو بەرژەوەندیی حیزبیی دەخرێتە پێش هەموو بەرژەوەندییەکان، ئەمەش کوردستان لە قەیراندا دەهێڵێتەوە».

هاوکات عومەر عەبدولعەزیز، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی کوردستان، ئـامـاژەی بە بوونی چەند مەرجەعێک کرد لە هەرێمی کوردستانداو روونیکردەوە، کە چەند مەرجەعێک یان سەرچاوەیەکی سەرەکیی سیاسی هەیە لە کوردستان، کە دەستووریو یاساییو بە بڕیارێکی خودی پەرلەمانی کوردستان لەساڵی (٢٠٠٥) بـۆ مەسەلە گرنگو هەستیارەکان مەرجەعی سیاسیی یاسایی یان پەرلەمانە یان سەرۆکی هەرێمە، کە ئەویش سەرچاوەیەکی دەستوورییە، ئەم دوو دەزگایە متمانە پێکراونو دەبێت بۆ هەر بڕیارێک جۆرە هەماهەنگییەک هەبێت لەنێوان ئەم دوو دەزگـایـەدا وەک دوو دەزگای دەستووریی.

سەرۆکی لیستی یەکگرتوو، وتیشی: «ئەوەی کە دەمێنێتەوە، مەرجەعیەتی هێزە سیاسییەکانە، کە ئێمە زۆرجار دەستەواژەی سەرکردایەتی سیاسیی بەکاردەهێنین، بەڕاستی ناکرێت قۆرغبکرێت لەلایەن هیچ کەسێک یان لای هیچ حیزبێک، بەڵکو دەبێت گفتوگۆو راوێژی بەردەوام لەنێوان هەموو هێزە سیاسییەکاندا هەبێت بە هەموو پێکهاتەکانیەوە».

ئەم هەڵوێستانە لەکاتێکدایە کە هەر سێ لیستی گـۆڕانو کۆمەڵو یەکگرتوو بە لیستی جیاواز بەشداریی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقیان کردو (١٤) کورسییان بەدەستهێناوە.

دڵـشـاد شـەهـاب، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی کـوردسـتـانـیـش جەخت لـەسـەر هاوهەڵوێستی نەتەوایەتی لایەنە کوردییەکان دەکـاتـەوەو دەڵێت: «زەرورەتی هاوهەڵویستیی لەسەر پرسە نەتەوایەتییەکان یەکێکە لە زەرورەتێکی گرنگ لەسەر لیستە براوەکانی هەڵبژاردن یان بەشدار لە پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق، یەکێکیشە لە شتە نەگۆڕەکان، من باوەڕناکەم هیچ لایەنێک تەنیا بیریشی لێکردبێتەوە بەپێچەوانەی ئەمە هیچ هەنگاوێک بنێت، کە ئەم زەرورەتە هەبێت، دەبێت خاڵیکی یەکگرتنەوەش هەبێت لەکاتی پەسەندکردنی یاسای هەڵبژاردنەکان».

بە وتەی جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانی، کە وەفدێکی پەرلەمانی کـوردسـتـان بـە ئۆپۆزسیۆنو لیستی دەسەڵاتەوە چوون بۆ بەغدا، دوو هەنگاوی زۆر گرنگ نـران، کە پرسکردن بوو بە پەرلەمانی کوردستان، کۆبوونەوەکەی سەرۆکی هەرێم بوو لەگەڵ گشت لایەنەکان، کە رێکەوتننامەیەکی شـەرەف واژۆی لەسەر کرا، کە بەرژەوەندیی گەل بپارێزنو یەکهەڵوێست بن.

راشیگەیاند: گونجاوترین شوێنیش بۆ هاوهەڵوێستیی لە بەغدا پەرلەمانی کوردستانەو پشتگیریی ئەم مادەیە دەکەمو کاریشی بۆ دەکەینو ئەرکی هەموومانە».

# دوای سەرکەوتن، عەلاوی دەتوانێت حوکمی عێراق بکات؟



ئەیاد عەلاوی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا دوای راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان

**بۆبی غۆش – تایم**

**ئەیاد عەللاوی، کە رۆژانێک وەک بووکەڵەی ئەمریکا دەبینرا، وەک تازەپێکەوتوویەکی سیاسەتی عێراقی گەڕاوەتەوە، ئەنجامی هەڵبژاردنە گشتییەکانی عێراق، کە رۆژی هەینی (٢٠١٠/٣/٢٦) راگەیەندرا، پیشانیدا بلۆکە عەلمانییەکەی ئەیاد عەللاوی، (٩١) کورسی لە کۆی (٣٢٥) کورسی پەرلەمان بردووەتەوە، کە بە زۆرینەیەکی کەم دادەنرێتو لە ڕکابەرەکەی، کە لیستی دەوڵەتی یاسای نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانە، زیاترە.**

ئەوەی هێشتا دوورە لە دڵنیاییەوە ئەوەیە؛ کە عەللاوی کارەکەی مالیکی وەربگرێت، دەوڵەتی یاساو بلۆکەکانی دیکەش نیشانیانداوە، کە تانە لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەدەنو ئەگەر ئەنجامەکانیش قبووڵبکرێت، مالیکی چانسی ئەوەی هەیە، کە لە رێی پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکەوە حکومەت پێکبێنێتو ببێتەوە بە سـەرۆک وەزیـران، لە هەمانکاتدا، بلۆکی سەرەکی شیعە، کە لیستی ئیئتیلافی عێراقە، (٧٠) کورسی بەدەستهێناوە. بلۆکی سەرەکی هاوپەیمانی کوردەکان (٤٣) کورسی بەدەستهێناوە، زۆرینەیەکی سادە (١٦٣) کورسی پێویستە بۆ پێکهێنانی حکومەت.

پاش چەندین هەفتە لە ململانێی سیاسیی، گـومـان لـەوەدا نییە عەللاوی، کە پزیشکێکی تەمەن (٦٥) ساڵە، هێزێکی لە پشتەوە هەیە، ئەم گەڕانەوەیە سێ ساڵ لەمەوپێش بەهیچ جۆرێک چاوەڕێ نـەدەکـرا، کـاتـێـک عـەلـلاوی لە رووی سیاسییەوە وەک رابردوو سەیری دەکرا، عەللاوی نموونەی حکومەتێکی ناچالاکو گەندەڵیی پێشکەش بە دیموکراتییە تازەکەی عێراق کرد، کاتێک سەرۆکایەتی یەکەمین حکومەتی دوای سەدامی لەعێراقدا کرد، وەک بژارەیەکی ئەمریکا، شەقام لەگەڵی نەبوو، وەک پیاوی بەهێزی دیموکراسیی خۆی دەرخستو پێچەوانەکەی دەرکەوت، کە ژمارەیەکی کەم لە هاوڵاتییانی رازیکرد. هەرچەندە شیعەیە، بەڵام زۆرینەی لەخۆی تـۆرانـدووە بە تەبەنیکردنی دیدگایەکی عەلمانی بۆ عێراق، زۆرێک لە عێراقییەکان گومانیان لەبوونی پەیوەندیی عەللاوی هەیە بە حیزبی بەعسی سـەدام حسێنەوە، هەرچەندە عەللاوی، لە ساڵی (١٩٧٥)دا ئەو حیزبەی جێهێشتو لە هەوڵێکی تیرۆرکردن، کە لەلایەن دیکتاتۆرەوە داڕێژرابوو، رزگاری بوو.

کاتێک لە کۆتایی ساڵی (٢٠٠٥)دا هەڵبژاردن بۆ حکومەتی گواستنەوە دەکـرا، عەللاوی لەلایەن حیزبە دینییە شیعەکانەوە بە ئاسانی تووشی دۆڕان بوو، عەلاوی بەمە دڕدۆنگ بوو، هەرچەندە ئەندامێکی هـەڵـبـژێـردراوی پەرلەمان بوو، بەڵام ئارەزووی لە بینینی رۆڵێکی پۆزەتیڤی لە ئۆپۆزسیۆندا نەبوو، راستییەکەی زۆر کەم لە بەغدا دەمـایـەوە، زۆربـەی کاتەکانی لە ئەردەنو وڵاتە عەرەبییەکانی دیکە بەسەر دەبرد. کاتێک لەمبارەیەوەو لە ساڵی (٢٠٠٧)دا پرسیارم لێکرد، باسی نیگەرانیی خۆی لە ئەمنییەت بۆ کردم، لەکاتێکدا شایانی باسە، کە چەندین سەرکردەی عێراقیی دی، جیا لە هاوڵاتییانی ئاسایی رووبـەڕووی هـەڕەشـەی مەرگ دەبوونەوە.

بـەڵام کاتێک حیزبە دینییە شیعەکان پەرتبوون،ئاسۆی سیاسیی عەللاوی، دووبارە هەڵات، ئەوەی کە جێگرەوەکانی لە جەعفەرییو مالیکی نەیانتوانی حکومەتێکی چوست پێکبهێنن یارمەتی عەللاوی دا. ساڵی پار حیزبەکەی عەللاوی لە هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا نمایشێکی گـــەورەی کـــردو بـــەم هـــۆیـــەوە توانی هاوپەیمانێتییەکی بەهێز لە عەلمانیو سوننەکان لەژێر گوتاری عێراقیبووندا کۆبکاتەوە.

تـەحـەدای عـەلـلاوی ئێستا ئەوەیە، کە دەبێت کوردو شیعەکان رازیـبـکـات بـــەوەی خـزمـەتـی بەرژەوەندییەکانیان دەکات، باشتر لە مالیکی، ئەگەر مێژوو حوکم بدات، ئەوا لەگەڵ کوردەکاندا مامەڵەیەکی ئاسانتری رووبەڕوودەبێتەوە، کە مەیلی عەلمانییەت دەکەن زیاتر لە شیعەگەریی.

# بۆچی د. بەرهەم چاوپێکەوتنەکەی رۆژنامەی نەکرد؟



هیوا جەمال

**ئەوەی لەو ماوەیەدا بەدیدەکرێت، سەرۆکی حکومەت لەگەڵ کەناڵە ناوخۆیی و بیانییەکان دیدارو چاوپێکەوتنی زۆری ئەنجامداوەو لەو بڕوایەدام ئەو کەناڵانە بە چارەکی هەوڵدانی ئێمەش هەوڵیاننەداوەو بە پەرۆش نەبوون، بەڵام سەرۆکی حکومەت چاوپێکەوتنی لەگەڵدا ئەنجامداون**

رۆژی (٧)ی ئازار د.بەرهەم ئەحمەد سالح، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم، لە دواناوەندی شیرینی نموونەیی دەنگی دا، لەدوای دەنگدانەکەی لە دەرەوەی قوتابخانەکە دوای خۆپێناساندن، داواملێکرد چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ رێکبخەم بۆ رۆژنامەکەمان، ئەوکاتە بێ دوودڵیی وتی: «بەسەرچاو پێمخۆشە». منیش بەخۆشحاڵییەوە وەڵامەکەیم وەرگرت و پێموت؛ ئەگەر بتوانیت لەم هەفتەیەدا بێت بۆ ئێمە باشە، ئەویش لاریی نەبوو.

دواتر لەگەڵ توانا ئەحمەد، راوێژکاری راگەیاندنی بەڕێزیان گفتوگۆمکردو جەختم لەوەکردەوە، کە پێویستە چاوپێکەوتنەکە لەو هەفتەیەدا بێت، ئەویش بەڵێنیدا لە کاتێکی گونجاودا وەڵاممان بداتەوە، بەڵام وتی: «لە رێگەی ئیمەیلەوە بۆی بنووسم نەبا لە بیری بچێتەوە، هەر ئەو رۆژە ئیمەیلەکەشم بۆ نارد.

ئەوە بۆ ماوەی (٢٣) رۆژە بەڕێز سەرۆکی حکومەت چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ رۆژنامەدا ئەنجامنەداوە، لەو ماوەیەدا ئێمە کەمتەرخەمیمان نەنواندووە لە پەیوەندیکردن بە راوێژکاری راگەیاندنییەوەو نزیکەی (١٠) جار تەلەفۆنمان بۆ کردووەو زیاتر لە (١٠) کورتەنامەشمان بۆ ئەو مەبەستە بۆ ناردووە، بەڵام تەنیا «بەسەرچاو»ەکەی سەرۆکی حکومەت دووبارەبووەتەوەو هیچی لێ سەوز نەبووە.

هەر ئەو رۆژە، رووبەڕوو جارێکی دیکەش لە رێگەی تەلەفۆنەوە مەبەستی چاوپێکەوتنەکەم بۆ بەڕێز توانا ئەحمەد روونکردەوە، کە ئەمەبوو؛ ئێمە وەک رۆژنامەی رۆژنامە دەمانەوێت ئەو گرژییەی بەهۆی هەڵمەتی هەڵبژاردنەوە لەنێوان یەکێتیی نیشتمانی و گۆڕاندا دروستبووە ئێمە وەک راگەیاندن خاوی بکەینەوە، ئەوەش بەوە دەبێت، کە ئەو پرسیارانەی هەن راستەوخۆ لە بەرپرسەکانی یەکێتی بکەین، بۆئەو مەبەستەش د.بەرهەممان هەڵبژاردووە، چونکە هەم جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتییەو هەم سەرۆکی حکومەتەو حکومەتیش هی هەمووانە، بۆیە دەتوانین لەوەوە دەستپێبکەین و دواتر بەرپرسانی دیکەی یەکێتی لە رۆژنامەکەی ئێمە قسە بکەن و راگەیاندنی یەکێتیش هەوڵبدات لەو روانگەیەوە کاری خۆی بکات. لە گفتوگۆکانماندا هەردوولا لەسەر ئەو مەسەلەیە هاوڕابووین و بەلامانەوە باشبوو کە هەرکەس لای خۆیەوە هەوڵ بۆ خاوکردنەوەی بدات، راگەیاندن بە ئەرکی خۆی هەستێت و لایەنەکانی دیکەی هەردوولاش بە ئەرکی خۆیان هەستن، هەردوولامان کۆکبووین لەسەر ئەوەی راگەیاندن دەتوانێت پشکی شێری بەربکەوێت لەوبارەیەوە.

کەواتە چاوپێکەوتنەکەی ئێمە لەگەڵ سەرۆکی حکومەت بۆ ئەوە نەبووە وەک چاوپێکەوتنەکانی دیکەی بەرپرسان پرسیاری سەغلەتکەری لێبکەین و وەک هەندێک بەرپرسان دەڵێن؛ پرسیار بارانی بکەین، بەڵکو لەگەڵ هەندێک پرسیاری مەنتقیدا، دۆستایەتی بکەین، بەڵام بەداخەوە تائێستا لایەنی بەرامبەر ئەو هەلەی نەڕەخساندووە.

لە راستیدا ئێمە وەک رۆژنامەی رۆژنامە ئەزموونی دیکەشمان لەگەڵ بەڕێز د.بەرهەمدا هەیە، چونکە جاری دیکەش بەڵێنی چاوپێکەوتنی داوە، بەڵام ئەنجامی نەبووە.

ئەوەی لەو ماوەیەدا بەدیدەکرێت، سەرۆکی حکومەت لەگەڵ کەناڵە ناوخۆیی و بیانییەکان دیدارو چاوپێکەوتنی زۆری ئەنجامداوەو لەو بڕوایەدام ئەو کەناڵانە بە چارەکی هەوڵدانی ئێمەش هەوڵیاننەداوەو بە پەرۆش نەبوون، بەڵام سەرۆکی حکومەت چاوپێکەوتنی لەگەڵدا ئەنجامداون.

راستە ئێمە راگەیاندنێکین لە دوو هەڵبژاردنی رابردوودا لایەنگری لیستی گۆڕانمان کردووە، بەڵام دەبێت ئەو جیاوازییە بکرێت، کە لە رووی یاساییەوە کۆمپانیای وشە زمانحاڵی بزووتنەوەی گۆڕان نییە، لەو بڕوایەدام ئەوەش ئاساییە کە لە هەڵبژاردنەکاندا راگەیاندنەکان بە ئاشکرا لایەنگریی لیستێک یان قەوارەیەک بکەن، لە نموونەی دنیا هەڵبژاردنی ئەمریکایە، کە چەند گەورە رۆژنامەیەک پاڵپشتییان بۆ دیموکراتەکان دەربڕی و لە وڵاتی خۆشماندا لە هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستاندا چەند راگەیاندنێک لە بەیاننامەیەکدا پاڵپشتیی خۆیان بۆ لیستی کوردستانی دەربڕی.

لێرەدا بۆ بە ئەنجامنەگەیشتنی ئەو چاوپێکەوتنەی رۆژنامەی رۆژنامە لەگەڵ سەرۆکی حکومەتدا چەند بیانوویەک باسدەکەم، کە ئومێدەوارم بەهۆی بیانووە ئیجابی و قەناعەتپێکەرەکانەوە بەئەنجامنەگەیشتبێت و چاوپێکەوتنەکە بە زووترین کات بەئەنجام بگات:

* لەو ماوەیەدا پشووی زۆری تێدابووەو سەرۆکی حکومەتیش مافی خۆیەتی چێژ لە پشووەکان وەربگرێت و نەیوستووە چاوپێکەوتن بکات.

* لەو ماوەیەدا بارودۆخی سیاسی زۆر لەبار نەبووە بۆ سەرۆکی حکومەت و ویستوویەتی بارودۆحەکە جێگیر بێت.

* لەو ماوەیەدا کۆمەڵێک کێشەی حکومەتەکەی هەبووەو سەرگەرمی ئەو کێشانە بووەو کاتی زۆری بردووەو ماندووبووەو نەیویستووە وەڵامی سەرپێییانە بداتەوە.

* لەوماوەیەدا کە هێشتا ئەنجامەکان دەرنەچووبوون، نەیزانیوە بارودۆخەکە رووی لە کوێیەو نەیتوانیوە بڕیاربدات.

* پێی خۆش نەبووە ئەو لەو نێوەندەداو دوای ئەو هەموو گرژییە ئەو ببێتە مەڕی قوربانی و لە رووی حیزبییەوە لەسەری بکەوێت.

* داوای چاوپێکەوتنەکەی ئێمە لەکاتێکدایە، کە پرۆژەی بودجە لە پەرلەمان گیریخواردووەو ئۆپۆزسیۆن شەریکردووەو نەویستووە لەوبارەیەوە وەڵامی راگەیاندن بداتەوە.

دەکرێت چەندین بیانووی دیکە ریزبکەین بۆ ئەنجامنەدانی ئەو چاوپێکەوتنە، بەڵام بۆئەوەی بیانووەکان زۆر نەبن، دەکرێت سەرۆکی حکومەت بە فیعلیی بەڵێنی چاوپێکەوتنەکە جێبەجێبکات و پردی پەیوەندیی دروستبکاتەوە.



د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح، سەرۆکی حکومەتی هەرێم

خاوەنی ئیمتیاز:
کۆمپانیای وشە

سەرنووسەر:
ئازاد چالاک

بەڕێوەبەری نووسین
سیروان رەشید – هیوا جەمال
٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦
serwan_rm@yahoo.com hiwa.jamal@yahoo.com

کارگێڕی و ریکلام و ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com


دابەشکردن:
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ – ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی – زەرگەتە – گردی زەرگەتە – کۆمپانیای وشە

ئۆفیسی هەولێر:
شەقامی ئیسکان – تەنیشت ساردەمەنی من و تۆ
٠٧٥٠٤٥٦٦٢٧٦



# حیزبی سەرگەردان، هۆکارێک بۆ شکستی سیاسی



سۆران عەبدولقادر کۆستە

> **لە ڕووی میکانیزمی جێبەجێکردنەوە باشترین حیزب ئەوەیە، کە تەنانەت خراپترین بەرنامە بە باشترین شێوە جێبەجێدەکات، خراپترین حیزبیش ئەوەیە، کە تەنانەت باشترین بەرنامە جێبەجێ ناکات**

پابەندبوون بە حیزبی سەرگەردانەوە دەبێتە مایەی چەپاندنی ئامانجو وێنا لە پرۆسەی سیاسییدا، پرۆسەی سیاسییش بەبێ ئامانجو وێنایەک دەبێتە شکست. بە کورتی شکستی پرۆسەی سیاسیی دەکاتە شکستی دەوڵەت. کۆمەڵگە وەک ڕێکخراوێک لە قەوارەی دەوڵەتدا پەیکەرێکی ڕێکخستنی هـەیـە. سـتـراکـچـەری سیاسیی، ئەم ستراکچەرە بەتەنیا جەستەیەکی مردووە، بەڵام بە پرۆسێسەوە وزەیەکی زیندوو وەردەگرێت. شکستی دەوڵەت، هەرەسهێنانی بنەماو پێشمەرجەکانی سەروەریی دەوڵەت وەک پێکهاتەیەکی سیاسیی سەربەخۆ رادەگەیەنێت. ئەمرۆ ئەگەر بڕیارە کوردستان بە سیستمی دیموکراسی حوکمڕانی بکرێت، ئەوا هەموو شکستێکی دیموکراسی دەبێتە شکستی پرۆسێسو شکستی دەوڵەت، بۆ کوردستان، هەرێم بە وێناو مەجازی دەوڵەت دێت، هەرێم فەزای مومارەسەی دەوڵەتەو پارچەیەکیشە لە دەوڵەتێکی پڕشکست.

دیموکراسی لە دەوڵـەتـی شکستدا دەبێت بە شکستی دیموکراسی «Failed Democracy»، هەروەها بەپێچەوانەشەوە راستە، شکستی دیموکراسی هۆکاری زۆرە، هۆکارە سەرەکییەکەی لای ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ شکستی پێکهاتەی کارەکتەر، حیزب کارەکتەری سەرەکییە لە بەشداریی پرۆسەی سیاسیی‌و دیموکراسیدا! مێژووی سەرهەڵدانی حیزبی سیاسیی لە خۆرنشیندا دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەو لە وڵاتە ئابووریی دواکەوتووەکانیشدا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیست. ئەگەرچی شێوەی زۆرە، لە کوردستاندا لە دوو قالبی ئیفلیجدا بە دەوری دووکەرتبووندا گینگڵ دەخوات، دووکەرتبوون (ئینشیقاق) جێگای گرۆبەندی سیاسیی گرتووەتەوە.

قالبی یەکەم، حیزبی کۆپیکراو، وەک حیزبی شیوعی، حیزبی کۆمۆنیست، یەکگرتووی ئیسلامیی...تاد، لەم حیزبانەدا ئایدیۆلۆژیاو وێنای ئەودیو سنوورەکانی واقیع بەشێکن لە فەنتازیای سیاسەت‌و ڕێکخستنی سیاسیی، ئەم حیزبانە فەنتازیای داڕشتنی ژیانیان پێ نادۆزرێتەوە. قالبی دووەم، حیزبی سەرگەردان، رەنگدانەوەی شلۆقی‌و ناجێگیری ناوچەکەیە لە رووی ئابووریی‌و سیاسییەوە، بەشێوەیەکی بەشەکی دەسەڵاتێکی سیاسیی هەیە بە پشتیوانی هێزی سەربازیی‌و توانای دارایی، جێی ئاماژەیە کە توانای ئابووریی نییە، بەلکو توانای دارایـی هەیە تائێستاش. لە نموونەی پارتی دیموکراتی کوردستان‌و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەم حیزبانە دووانە تروکاوی خولگەو تەقسی شۆڕشی چەکدارییـن، هەمیشە خەمێکی هاوبەش هەبووە، بۆیە پێویستییەکی هاوبەشیش هەبووە، سیحری مانەوەیان وابەستەی کۆبوونەوەیە لە دەوری کولانەوەی خەمە هاوبەشەکە.

## لە بیروباوەڕەوە تا بەهای سیاسیی

حیزب دەزگایەکە، دامـەزراوەیـەکـە، ڕێکخستنێکە، کۆبەندێکە... تێیدا ژمارەیەک کۆدەبنەوەو کاردەکەن بۆ بەدەستهێنانی مەبەستێک، بەبێ ئـەم دەزگـایـە ئامانج یـان مەبەستی هـاوبـەش بـەدی نایەت. مەبەستی هاوبەش بەرئەنجامی تێگەیشتن‌و پێویستییەکی هاوبەشە، تێگەیشتن‌و پێویستی بیروباوەڕ دروستدەکەن، هەروەها بەهای سیاسیی لە بەرهەمی سیاسییدا بەرجەستە دەکرێت. بەبێ بیروباوەڕ ناتوانین بەهای سیاسیی بەرهەمبهێنین، کەواتە نەبوونی تێگەیشتن‌و کۆکنەبوون لەسەر پێویستی گشتیی، هۆکارە بۆ نەبوونی دروستکردنی بەرهەم‌و بەهای سیاسیی. ئایا بەرهەمی سیاسیی بەرهەمی حـەزە یان بەرهەمی تێگەیشتن؟

لەماوەی بیست ساڵی رابردوودا، حەز رابەری بەرهەمی سیاسیی بووە، بۆیە بەهای گشتیی بۆ بەرهەمی سیاسیی لاوازبووبوو، بە ئەندازەیەک بەهای تاکەکەس بەهای کۆبەندی خستبووە ژێر دەست‌و پێوە، ئەمە سەیر نییە، چونکە هێزە سیاسییەکانی کوردستان لەمەڕ سیاسەتێکدا کە لەدایکبووی پرسێکی گشتیی بێت، سەرگەردان‌و ناگەنە جێگایەک بتوانن بەهای سیاسیی نوێ دروست بکەن.

کاری سیاسیی دەبێت باڵی بیروباوەڕی لە مێژوودا بێت‌و باڵی وێناکردنەکەی لە داهاتوودا بنەخشێنێت، دەبێت بارودۆخی باو بۆ باشتر بگوێزێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە دەبـێـت کۆمەڵێک چەمکی نـووسـراو و پـلانـدانـراوی هەبێت کاریان پێ بکات، ئەگەرنا کـاری سیاسیی لەچوارچێوەی حیزبە بێبەرنامەکاندا سەرگەردان دەبێت. سەرگەردانیی دوو خەسڵەتە: سەرگەردانی بونیادی بەرنامەو سەرگەردانی میکانیزمی جێبەجێکردنی بەرنامە. لە رووی بونیادەوە باشترین حیزب ئەوانەن، ئەگەر خراپترین بەرنامەشیان هەبێت، بەڵام بەپێی پێویستی بێت، خراپترین حیزبیش ئەوانەن تەنانەت ئەگەر باشترین بەرنامەشیان هەبێت، بەڵام ناپێویست بێت. لە رووی میکانیزمی جێبەجێکردنەوە باشترین حیزب ئەوەیە، کە تەنانەت خراپترین بەرنامە بەباشترین شێوە جێبەجێ دەکات، خراپترین حیزبیش ئەوەیە، کە تەنانەت باشترین بەرنامە جێبەجێ ناکات.

بەرنامە چۆن دروستدەکرێت؟ کۆمەڵە خەڵکێک بێن‌و چوار وتار لە رۆژنامەیەکدا بنووسن‌و ببنە بەرنامەڕێژکاری پارتێکی سیاسیی؟ یان دوو شاعیرو چوار دکتۆر کۆببنەوەو لە ئینتەرنێتەوە بەرنامەی حیزبێکی ئەوروپی یان خۆرنشینی بهێنن‌و بیکەنە کوردی؟...ئەی چۆن؟

## دنیابینی

لە تێگەیشتنەوە بۆ ژیان، حەزێک بۆ وێناکردن پەیدا دەبێت، بیروباوەڕ بۆ بەدەستهێنانی ئەو وێنایە گەشەدەکات، خواستی خەڵکی تێکەڵ دەبێت‌و بە دنیای سیاسەتدا هەڵدەزنێ، وێنای ژیانێکی نوێ بۆ خۆی دروستدەکات، وێنای کۆمەڵگەیەکی کەم ئازارتر بە هزری خۆی رەوا دەبینێتەوە، ئەم دنیا بینییە سنووری تاک دەبەزێنێت، تێکڕایی لێوە دێتە بـوون‌و لە پـەراوەی ئەندێشەمەندانەی بیرێک دێتە دەرێ بۆ ئیلیتێکی سیاسیی.

حیزب بەبێ بیرمەند قاوغە، خەمەکانی خەڵکی لە دنیابینیی خۆیدا پێ جێناکرێتەوە، بۆ دانسقەش حیزبێک نییە لە کوردستاندا بیرمەندێکی هەبێت. رووناکبیرمان زۆرە، بەڵام نەمانتوانیوە پانتایی کار بۆ بیرمەندێکی سیاسیی بخولقێنین، بۆیە دنیابینیی حیزب ئەنجامی ئەندێشەی بیرمەندانەی رووناکبیرەکان نییە.

## پرۆگرام‌و پرنسیپ (پ.پ):

دنیابینیی کوچەو کۆڵانەکانی پرۆگرام‌و پرنسیپ دیاریدەکات، (پ. پ)ێکی نووسراو نییە لـە کوردستاندا لـەبـەر رۆشنایی دنیابینییەکی فـراوانـدا چـاوی بە دنیا هەڵهێنابێت. (پ.پ)ی هیچ حیزبێک مەترسیی لەسەر سەرکردەکانی دروستناکات، چونکە لە بنەڕەتەوە حیزبی بێ (پ.پ)و ئەم ئەداتەش حیزب بەڕێوەنابات. سەرۆکی هیچ حیزبێک بەهۆی (پ.پ)وە بەرپرسیار نییە، ئەمە لە مەراق فامکالیی دەردەچێت، ئیتر دەبێت بە حیزبی بێبنەما، لە سەرگەردانیدا هێندە بێخەوش دەبێتەوە، دەبێتە مەسخەرە لە تیۆری سیاسیدا.

لێرە بەدواوە حیزب دامەزراوەیەکی بێ کەتەلۆکە، نازانیت چۆن پارچەکانی بەیەکەوە بەستراونەتەوە، هەرچەند دەڕوانیتە پارچەکان‌و کەتەلۆکەکە لەیەکناچن، ئیتر حیزب دەبێتە بارگرانیی بەسەر رەفتاری سیاسییەوە، دەبێتە قوتابخانەیەک بۆ شێواندنی کلتووری سیاسیی کۆمەڵگەیەک.

## ستراتیژو ئامانج:

ستراتیژو ئامانج، دوو داینەمۆی ئاراستەکردنی هەر ڕێکخراوێکە، ئامانج‌و رەفتارە پێشبینیکراوەکان ئایدیۆلۆژیای ڕێـکـخـراوێـک دیـاریـدەکـەن، لـەمـڕۆدا ڕێکخراوێکی سیاسیی بەبێ ئامانجی ستراتیژیی‌و کـورتـمـەودا لـە رووی چیەتییەوە وەک لاشـەی بێ سەر وایە، لە رووی ستاتیکاشەوە وەک قـازی بێ مل وایە، لەباری پرۆفێشنالیشدا ئامانجە کورتمەوداکان بەشێوەیەکی دەزوولەیی ئامانجە ستراتیژییەکان دەچنن، پارتە سەرگەردانەکانی کوردستان لە بنەڕەتەوە ستراتیژەکانیان بێبنەمان. بۆ نموونە ڕێکەوتنی ستراتیژیی یەکێتی‌و پارتی، بریتییە لە ستراتیژی مانەوە لە حوکمدا، «ئاخر ئەمە ستراتیژە؟» لەم پێوەندەدا پاراستنی بـەرژەوەنـدیـی بەرتەسکە، سیاسەت بەگشتیکردنی پرسەکانی گرۆیە، نەک بەگشتیکردنی پرسەکانی تاکەکەس.

ئەم دوو تەنە حوکمڕانە لە بنەڕەتەوەو لە ئەنکێتی دروستبوونیانەوە لەیەکچوون، هـەوڵـدان بۆ تێپەڕاندنی لێکچوونیش، بـەردەوام فەنتازیایەکی هەرزەکارانەی سیاسیی بـووە، ئەم دوو هێزە لە یەکەم هەرزکارییاندا لەیەک قوشقی دەبن‌و جیادەبنەوە، لـەدوا هەرزەکاریشیاندا لە رووی ستراتیژییەوە یەکدەگرنەوە، هیچکام لەم هێزانە لەسەرچاوەی بیروباوەڕی گشتییەوە وێنایەکیان بۆ ژیان پێ نییە، تەنانە پاترۆنە کۆپیکراوەکانیشیان پاترۆنی دواکەوتووترین ئەزموونی ناوچەکەو جیهانن. (پاترۆنی شێخ زایدو حافز ئەسەد).

سیاسەت دەروازەیەکە بۆ پرسی گشتیی بە رووی ژیانی پراکتیکیدا، هیچکام لەم هێزانە ناتوانن ستراتیژیی سەربەخۆیان هەبێت بۆ پراکتیکی ژیان لە چوارچێوەی پرسی گشتیدا، بردنەوەی مالیکی‌و عەلاوی یاریی بە ستراتیژییان دەکات، لەسیاسەتیشدا نـاوی دەنێن هونەری ئەگەرەکان (فن الممکنات). ئەوە زانیمان ستراتیژی دانان کارێکی قورسەو پسپۆڕی باشی دەوێت، بـەڵام ئەمانە ناتوانن ئامانج بۆ پشتی هەڵبژاردنێکیش دابنێن، چونکە لە رووی چییەتی سیاسیی بیرمەندانەی سیاسییەوە دەستکورت‌و نەبوون، ئیدی لە ئامانجیشدا نە بەکامن‌و دواجار هەرجارەو رەشمەی ئاراستەیان بەپێی بایەکی ناوچەکە یان لەرەیەکی ئەو زەوییەی لەسەری وەستاون دەگۆڕێت، سەراپا سەرگەردانی پرسی (٤,٥) ملیۆن کەس رەنگدانەوەی سەرگەردانی هەژموونی ژێریی ئەم دوو هێزەیە.

## کۆی تاکتیک‌و پەراوەی سیاسیی

حیزبی سەرکەوتوو لەم سەردەمەدا هەموو ئەو سەردێڕانەی بە نووسراو هەیە کە باسمانکرد، پیادەیان دەکات، چەند ساڵ جارێکیش هەڵسەنگاندن بۆ جێبەجێکردنیان دەکات، کە ئەو ماوەیە بەماوەی هەڵسەنگاندنی ستراتیژیی لـەقـەڵـەمـدەدرێـت‌و لەبارە ئاساییەکەیدا بەر لە کۆنگرەکان دەکرێت، واتە حیزبی سیاسیی لەدوای شەستەکانی سەدەی رابـردووەوە، بیروباوەڕی خۆی هەیە، دنیابینیی لێوە دادەتاشێت‌و بەهۆیەوە بەرهەمی سیاسیی دەبـێـت، کە بەهای کلتووریی‌و سیاسیی ئەو حیزبە دیاریدەکات، ئەم حیزبانە بۆ هەر ماوەیەک ستراتیژێکی نووسراوی داڕێـژراویـان هەیە، کە بەبێ کۆنگرەو بێ هەڵسەنگاندن لێی لانادەن، ئەم ستراتیژە ئامانجی درێژخایەن‌و کورتخایەن لـەخـۆدەگـرێـت، پـرۆگـرام‌و پرنسیپی حیزبەکەش هەموو ئەو کارانە کۆدەکاتەوە بۆئەوەی بیخاتە بەردەم خەڵکی حیزبەکەو دۆسـتـەکـانـی‌و بـە رووی دەرەوەشـــدا پیشانیدەدات.

بـۆ بـەرقـەراریـی ئـەم پـلانـەو بۆ جێبەجێکردنی برگەکانی، حیزب کۆمەڵێکی بێشومار لە پێڕەوی رۆژانـەو پۆلیسی تایبەت بەرهەمدەهێنێت، کە بەبێ لادان ئەم پۆلیس‌و پێڕەوانە پەراوەدەکات بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجە کورتخایەنەکانی، ئەمانە تێکڕا لە حیزبەکانی کوردستاندا ونن، کاریان پێناکرێت‌و لەبری ئەمانە هەموویان هـەواو هـەوەسـی تاکەکەس‌و گرووپی جیاجیا شوێنی گرتوونەتەوە، بۆیە ئامانجی گشتیی لە پرۆسە سیاسییەکاندا خەڵتانی شکستەو وێنای تاکیش بۆ بەشداریی سیاسیی بچووکدەبێتەوە لە بەرژەوەندیی تاکەکەسی خۆیدا، ئەمەش حوکمی قەدەر نییە، دەرهاویشتەی شکستی هۆشمەندیی‌و ژیرییە.




ئێستا
لە
کتێبخانەکاندا









چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ – ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ – ٣١٩٠٥١٩